# پێشەکی

سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ناکۆکی و ململانێیە نەتەوەیی و چینایەتی و ئایینی و مەزهەبییەکان بەڕێوە چووە، بەمەش بووە سەدەی شەڕ و پێکدادانەکان، هەر لەم سەدەیەشدا خەباتی رزگاری نیشتمانی گەلان گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان دامەزران و ئەم گەلانە لەڕێی تێکۆشان و شەڕی رزگاری نیشتمانییەوە بەمافە رەواکانی خۆیان گەیشتن.

تەنێ گەلی کورد نەبێ سەرەڕای بەردەوامبوونی سەرهەڵدان و جولانەوە یەك لەدوای یەکەکانی و قوربانیدان و کۆچبەرییەکی بەردەوام، تەواوی سەرهەڵدان و جولانەوەکانی شکستی هێنا و لەلایەن دوژمنانەوە سەرکوتکرا، بەشی گەلی کوردیش هەمیشە جینۆساید و کیمیاباران و دەربەدەری و تواندنەوەی نەتەوەیی بووە، واتە بەشێوەیەکی گشتی دووچاری نکوڵی لێکردن و قڕکردن هاتووە.

بێگومان گەلێك هۆکار هەن کە بوونە کۆسپ و رێگر لەپێش سەرنەگرتن و سەرنەکەوتنی جولانەوەکانی گەلی کوردمان، هەندێك لەم هۆکارانە گرێدراوی شوێنی جیۆپۆلۆتیکی و ستراتیژی کوردستانە، هەندێکیان گرێدراوی سیاسەت و دەستێوەردان و بەرژەوەندییەکانی هێزەکانی دەرەوەیە، یاخود پەیوەستە بەو سیاسەتە داگیرکارییەی کە دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان پیادەیان کردووە. بەڵام گرنگترین و سەرەکیترین هۆکار گرێدراوی خودی جولانەوەی کورد و رێبەرایەتییەکەی بووە. ئەمەش لەباشووردا بەڕوونی بەدیاردەکەوێت.

ئەم پەرتووکەش کە گفتوگۆیەکی نێوان سەرۆکی نەتەوەیی " سەرۆك ئاپۆ " و سیاسەتمەداری خوالێخۆشبوو مامۆستا " ئیبراهیم ئەحمەد " و نووسەر و رۆشنبیری کورد مامۆستا " هاوار "ە . لەساڵی 1996 ئەنجامدراوە و لەتەمموزی 1997دا بەزمانی تورکی لەرۆژنامەی " سەرخۆبوون ـ Serxwebun " بڵاو کرایەوە. لەمیانی ئەو گفتوگۆیە تێروتەسەلەدا، بەقووڵی و فراوانییەوە سەبارەت بەنیو سەدەی تەمەنی جولانەوەی کوردی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆچوونەکان دەکرێت و گەلێك لایەنی شاراوەی نێو جولانەوەی کوردی ئاشکرا دەکات و زۆر راستینەی مێژوویی و سیاسی دەخاتە روو، هەروەها وەك بەڵگەیەکی گرنگی مێژووییش لە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی جولانەوەی کوردیدا رۆڵێکی مەزن دەگێرێت. لەم دیالۆگەدا مامۆستای هێژا و نەمر "ئیبراهیم ئەحمەد " تیشك دەخاتە سەر مێژووی جولانەوەی کورد لەباشووری کوردستان، زۆر بەقووڵی بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆی سەبارەت بەهەلومەرجە خۆیی و بابەتییەکانی سەرنەکەوتنی جولانەوە کوردییەکان دەکات، ئەو فاکتەرانە دەستنیشان دەکات کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کێشەی کورد لەم پارچەیەدا بەرەو بنبەستبوون بچێ. لەم رووەشەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاماژە بەرۆڵی پیلانگێڕی و تێکدەرانەی " هێڵی میللی گەرای سەرەتایی " دەکات لەقووڵکردنەوەی کێشەکان و بنبەستبوونی رێگەی چارەسەری. لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی نەتەوەیی " سەرۆك ئاپۆ " لەسەر بنەمای بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی مامۆستای نەمر، بەتێروتەسەلی

شیکردنەوەی خۆی لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات و، بەقووڵی و بەشێوەیەکی هەمەلایەنەوە ئەو چەمك و نزیکبوونانە دەخاتەڕوو کە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لەباشووری کوردستان لەئارادایە. هەروەها مامۆستای هێژا " هاوار " یش بەشداری خۆی لەم دیالۆگەدا دەکات.

ئەم بابەتە تێڕوانینێکی بەرفرە و هەمەلایەنەیە لەسەر هێڵی میللی گەرای سەرەتایی، کە جولانەوەی بارزانی و بنەماڵەی بازرانییەکان نوێنەرایەتی دەکەن و، لەڕووی سیاسی و سۆسیۆلۆژییەوە، راستینەی خیانەت دەردەخاتە ڕوو. هەرچەندە سێ ساڵ دەرباز دەبێت بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەدا، وەلێ لەبەرئەوەی ئەم بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنانە بەردەوام گرانی و سەنگینی مێژوویی خۆی هەیە و، لەچوارچێوەی ستراتیژی نوێی PKK و ئەو تێزە چارەسەرییەی بۆ کێشەکانی باشووری کوردستان و ئێراق پێشخراوە، لەزۆر ڕووەوە یەکانگیردەبێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا وەك وەفادارییەکیش بۆ ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی مامۆستای نەمر "ئیبراهیم ئەحمەد" کە لەپێناو ئازادی و سەرفەرازی گەلەکەمان داویەتی، بەپێویستمان زانی ئەم دیالۆگە وەکو خۆی بۆسەر زمانی کوردی وەربگێڕین.

پاڵنەرێکی دیکە کە هانیداین ئەو دیالۆگە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕین ئەوەیە؛ گەلێك لەو کەموکورتی و هەڵانەی کە لەنێو سەدەی رابردوودا لەلایەن جولانەوەی کوردی و ڕێبەرایەتییە کلاسیکییەکەی دەرکەوتوون، ئەمڕۆش وەکو خۆی یاخود بەشێوازی جیاجیا خۆیان دووبارە دەکەنەوە. لەبەر ئەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە و جەماوەری گەلەکەمان بەگشتی و ڕۆشنبیر و مێژوونووسانی کورد بەتایبەتی ئاگاداری راستینە مێژووییەکان بن و لەبەرامبەر ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی کەوەك ڤایرۆس و نەخۆشی و پەتای نێو جەستەی جولانەوەی کوردی لێهاتووە، هەڵوێستی ڕاست و پێویست بنوێنن، ئەو دیالۆگە مێژووییە ڕۆڵێکی یارمەتیدەر دەگێڕێت. لەکۆتاییدا هیواداریین ڕاژەیەکمان بەپەرتووکخانەی کوردی کردبێت.

وەرگێڕ

لەمێژوو دەکۆڵینەوە

و

ڕۆشنایی دەخەینە سەر سیاسەتی نەتەوەیی

سەرۆکی نەتەوەیی ( سەرۆك ئاپۆ ): بەئامادەبوونی ئێوە پێشوازی لەمیوانی مەزنمان، کەوا لەسەرەتای جولانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کورد ڕۆڵیکی گرنگی بینی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و نووسەرو شۆڕشگێڕی مەزن مامۆستا هاوار، دەکەین و سلاویان لێدەکەین و دەڵین بەخێربێن.

PDK وەك جولانەوەیەکی نەتەوەیی، لەسەرەتای دەست پێکردنی جولانەوەی کورد، دوای شەڕی دووەمی جیهانی و پێش شەڕیش ڕۆڵێکی گرنگی بینی، بەلام دوایی لەبەر گەلێك هۆکاری جیاجیا ئەم ڕۆڵەی سەرەتای لەدەستدا و بەمجۆرە ڕۆڵی نەگێڕا. لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە جولانەوەی نەتەوەیی کوردستان نەکەوتە نێو قۆناخێکی نوێوە، لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی زۆرینەی گەلان بەپشت بەستن بەشۆڕشی ئۆکتۆبەر دەرفەتی ڕزگاری و ئازادیان بەدەست هێنا. لەدوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەوەرگرتنی پشتگیری و هاوکاری شۆڕشی ئۆکتۆبەر جولانەوەی نەتەوەیی تورك لەژێر ڕێبەرایەتی مستەفا کەمال کۆماری خۆیان ڕاگەیاند. چەکەرەی جولانەوەی کورد لەباکووری کوردستان لەکۆچگری پێش جولانەوەکەی مستەفا کەمال سەری هەڵدا. لەباشووری کوردستانیش ئەو جولانەوەیەی کە دژ بەئیمپریالیزمی ئینگلیزی لەژێر ڕێبەرایەتی شێخ مەحمودی بەرزنجی سەری هەڵدابوو کەوتبووە نێو سەرهەڵدان کاتێ جولانەوەی کورد کەوتبووە نێو سەرهەڵدانەوە. هیچ جموجۆڵێکی مستەفا کەمال لەئارادا نەبوو، ئەم زەمینەیەش هەلودەرفەتێکی مەزنی بەوە دەبەخشی کوردستانێکی سەربەخۆ ئاوا بکرێت. لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئاواکردنی کۆماری تورکیا، جولانەوەی کورد ڕووبەڕووی گەلێك کێشەی سەخت و دژوار بۆوە. هەروەها لەو کاتە ڕێکخراوی لەشێوەی جەمعیەتی تەعالی جێگای باس بوون، بەلام ڕێکخستنەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەهەر لایەکەوە لاواز بوون، ئایدیۆلۆژیاکەشیان لەگەڵ سەردەمدا گونجاو و کۆك نەبوون، هەروەها لایەنی نەتەوەیی و بەشداربوونیان زۆر لاوازبوو و تێری نەدەکرد. بەلام بەرامبەر بەمەش نەتەوەپەرستی و شۆفێنزمی کەمالیستەکان زۆر بەهێزبوو، شانبەشانی ئەوەی پشتیان بەدەوڵەت دەبەست پاشا و والیەکانیش تورك بوون. کاتێ مستەفا کەمال لەڕێگای پەیوەندیکردن بەهەندێ پاشا و والی دەستی بەتێکۆشان کرد، ئەوکاتە کوردەکان تازە بەتازە دەهاتنەوە هۆشخۆ. کۆمەڵە کوردییەکان دەیانخواست خۆیان بگەیەننە کوردستان، لەم پێناوەشدا هەندێ هەنگاویان هاوێشت.

ئەو سەرهەڵدانانەی بەر لەجولانەوەی کەمالیستەکان لەباکووری کوردستان سەریانهەڵدا، کە دواترینیشیان سەرهەڵدانی دێرسیم بوو توانی لەباکووری کوردستان خۆی بەهێز بکات. لەڕۆژهەلاتیش لەژێر ڕێبەرایەتی " ئیسماعیل سمکۆخان " جولانەوەی کورد دەستی پێکردبوو، بەمجۆرەش ئەو جولانەوانەی لەهەرسێ پارچەی کوردستاندا دەستی پێکرد تاڕادەیەك لایەنی نەتەوەییان هەبوو. بەلام لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی جولانەوەی کەمالیستەکان ئەو هەلودەرفەتانەی بۆ کوردان ڕەخسا بوو هێدی هێدی لەبەین چوو. ڕاستتریش ئەوە بوو، ئایدیۆلۆژی و

رێکخستنی کەمالیستەکان زۆر لەرێکخستنی کوردەکان بەهێزتر بوو. لەگەڵ بەرێوەچوونی قۆناخ و لەئاکامی رێککەوتنی ئەنکەرەی ساڵی 1920 ی نێوان فەرەنسا و کەمالیستەکان، باشووری کوردستان لەرووی کەمالیستەکان کرایەوە. لەهەمان قۆناخدا لەئۆرفە و عەنتابیش جولانەوەی کوردان جێی باسە، بەڵام ئەم جموجۆڵەش لەدواییدا کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کەمالیستەکان.

هەروەها لەساڵی 1921 یشدا رێککەوتنێك لەگەڵ مۆسکۆ ئەنجامدرا، لەرێگای سوودوەرگرتن لەم رێککەوتنەش کەمالیستەکان فارس و ئەردەهانیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە. ئەوکات جولانەوەیەکی شۆرشگێری بەناوی " شرا " لەفارس و ئەردەهان هەبوو، دوایی ئەم جولانەوەیەش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کەمالیستەکانەوە. لەهەمانکاتیشدا جولانەوەی کورد لەباشووری کوردستان بەرێبەرایەتی شێخ مەحمود بەرزنجی لەبەرامبەر ئینگلیزەکان سەرکەوتنی گرنگی بەدەست هێنابوو خۆی کردبوو بەدەوڵەتێك. لەم سەردەمەدا کێشەی سەرەکی ئینگلیزەکان پەترۆڵی ئێراق بوو، شانبەشانی ئەمەش بەرامبەر بەسۆڤیەت دەیانخواست ئێراق بەدەستی رۆژئاواوە بمێنێت، هەرلەبەر ئەم دوو هۆکارەش ئینگلیزەکان پەیوەندییان لەگەڵ کەمالیستەکان بەهێزکرد. هەروەها لەو سەردەمەدا ئینگلیزەکان دەیانخواست، بەراکێشانی کوردان بەلای خۆیاندا، گەلێك حیساب و لێکدانەوە بەرامبەر بەمستەفا کەمال بکەن، لەحاڵەتێکدا کەمالیستەکان بەوە هەرەشەیان لەئینگلیزەکان دەکرد کە یارمەتی و پشتگیری شێخ مەحمود دەکەن، ئینگلیزەکانیش خواستویانە ئەو جولانەوە کوردیانەی باکووری کوردستان بەرامبەر بەکەمالیستەکان بەکار بێنن، لەدواییشدا هەردوولا پشتگیریان لەجولانەوەی کورد نەکرد و کوردەکانیان لەنیوەی رێگادا بەجێ هێشت و یارییان پێکردن. لەجاری هەرە دواییشدا کەمالیستەکان پەترۆڵی موسڵ و کەرکوکیان بۆ ئینگلیزەکان بەجێ هێشت و ئینگلیزەکانیش ئەوەیان پەسند کرد کوردەکان بکەونە ژێر باڵادەستی و کۆنترۆڵی کەمالیستەکانەوە.

بەمجۆرە لەدەرئەنجامی ئەم رێککەوتنە پارچەکردن و دابەشکردنی کوردستان لەبواری کرداریدا بەئاکام گەیشت، هەروەها ئینگلیزەکان، کەمالیستەکانیان خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیان و، بۆ خزمەت و بەرژەوەندی ئینگلیزەکان بەرامبەر بەسۆڤیەت کەوتنە نێو جموجۆڵەوە. دواییش بۆ پتەوکردن و تۆکمەکردنی ئەم رێککەوتنانە هاوپەیمانێتی بەغداد و سەنتۆ ئەنجامدران و پێکهات. لەراستیدا ئەم هاوپەیمانێتیانە دژ بەیەکێتی سۆڤیەت و کوردان ئەنجامدرابوو. لەلایەکی تریش لەم سەردەمەدا هەندێ پارت و رێکخستنی کوردانیش دامەزرێنران. لەرێگای ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ئەنجام دەدەین هەوڵدەدەین لەسەر ئەم بابەتانە بوەستین.

بۆ چی پارت و رێکخراوە کوردییەکان لەساڵانی 1920 ـ 1930 رۆڵی خۆیان نەبینی؟ هۆکاری ئەمە چی بوو؟ لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە بۆچی ئەو پارتانە رۆڵی خۆیان لەکۆماری کوردی مەهاباددا نەبینی؟ بۆچی باشووری کوردستان نەبوو بەدەوڵەتێك؟ بۆچی یاخیبوونی دێرسیم خنکێنرا و بۆچی تەواوی یاخیبوونەکان بەسەرکەوتن نەگەیشتن؟

ئەو دەسەڵاتەی کە کەمالیستەکان بەسەر باکووری کوردستاندا پەیرەویان دەکرد، کوردەکانی خستبووە ژێر باڵادەستی خۆیەوە، هەروەها لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش رەوشێکی هاوشێوەی ئەمە لەئارادا بوو. سیاسەتێکی هاوشێوەی ئەم سیاسەتەی کەمالیستەکان لەساڵانی 1920 ـ 1940 لەباکووری کوردستان پیادەیان دەکرد، لەباشووری کوردستانیش بەرێوە دەچوو. ئێرانیەکانیش لەساڵانی 1945 تا رۆژی ئەمرۆمان سیاسەتێکی

بەمجۆرە بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان پەیرەو دەکەن. تەنانەت ئەو دەسەڵاتەی لەئەنجامی شۆڕشی ساڵی 1958 بووە حوکمداری ئێراق، دەسەڵاتێکی لەشێوەی دەسەڵاتی کەمالیستەکانە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی هەندێ جیاوازی کەوتە نێو جولانەوەی نەتەوەیی کورد، چونکە هەندێ جیاوازی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری دەستی پێکردبوو هاتبووە ئاراوە. کۆمەڵگای کۆن کۆمەڵگایەکی فیودالی ـ خێڵەکی بوو. لەسەر بنەمای ئەم پێکهاتەیە PDK دامەزرێنرا بوو، کاتێ کە کۆمەڵگای کوردەواری گۆڕانکاری نوێی بەخۆیەو بینی چینەکانی کارکەر و بۆرژوا پێکهاتن و سەریانهەڵدا. شانبەشانی ئەم گۆڕانکارییەش گۆڕانکاری سیاسیش هاتە کایەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش دیاری بکەین کە پێکهاتەی فیودالی ـ خێڵایەتی هەر مایەوە و جێگای باس بوو، لەئەنجامی ئەمەشدا جولانەوەی کلاسیکی کورد لەدوای شەستەکان بوو بەدوو پارتی، یەکێکیان نوێنەرایەتی میللی گەرای سەرەتایی دەکرد و بەڕێبەرایەتی بارزانی بەرێوە دەچوو، ئەویتریشیان PDK ی مۆدێرن بوو کە رێبەرە هێژاکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە64 بەدواوە خواستی رێبازێکی نوێی بۆ دابنێ. لە ساڵی حەفتاوپێنج YNK دامەزرا، هەروەها لەهەمان سەردەمیشدا PKK سەریهەڵداو تا رۆژگاری ئەمڕۆمان درێژە بەتێکۆشان و خەباتی خۆی دەدات.

جولانەوەی نەتەوەیی کورد بەنێو قۆناخێکی نوێدا تێدەپەڕێ. لەگەڵ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت هاوسەنگیەکانی جیهان و ناوچە گۆڕانکاری بەسەردا هات، شەڕی ئێراق ـ ئێران هەلومەرجی بابەتی بۆ کوردان رەخساند و پێگەیاند، بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو جولانەوەی PKK شۆڕشی لەباکووری کوردستان پەرەپێدا و پێشخست و لەرۆژگاری ئەمرۆشماندا شەرێکی بەرفراوان و هەمەلایەن بەرێوە دەبات. ئیتر جولانەوەی نەتەوەیی تاڕادەیەکی مەزن سیاسەتی شەڕی پەرەپێدا و پێشیخستووە، هەروەها جولانەوەی نەتەوەیی لەباشووری کوردستانیش بەنێو پێچێکی گرنگدا دەرباز دەبێت، لەدەرئەنجامی تەواوی ئەمانەش هەلومەرجەکانی کوردستان تا رادەیەك پێگەیشتووە، چونکە وەکو رابردوو هاوپەیمانێتی لەجۆری بەغداد و سەنتۆ لەئارادا نییە و ئەمانە لەنێوچوون و کۆتاییان پێهات. ناکۆکی مەزن لەنێوان ئێران و تورکیادا جێگای باسە، هەروەها ئەمریکاش وەکو جاران کوردان بەکۆمۆنیست لەقەڵەم نادات، چونکە سۆڤیەت رووخاوە و پەرتەوازەبووە و ئیتر دەوڵەتە گەورەکانیش گەمە و یارییەکی یەکجار زۆر پیادە ناکەن.

تەواوی ئەم فاکتەرانەش ئەوە نیشاندەدەن کە هەلومەرج و زەمینەی گونجاو بۆ کوردستان رەخساوە. لەناوخۆش عەشیرەتگەری و هزرەکەی و رێبەرایەتیەکەی تارادەیەکی مەزن بەپاشکەوتوویی ماونەتەوە و کاریگەریان کەم کراوەتەوە، رێبەرایەتی بارزانی لەرۆژگاری ئەمرۆماندا تەنگەتاو و زۆر سنووردارکراوە و، جولانەوەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای رێبازی شۆڕشگێری و یەکێتی نەتەوەیی مەزن بووە و پێشکەوتووە. ئیتر سەرۆکایەتی کۆنی کلاسیکی رووبەڕووی تەسفیەبوون و لەنێوچوون بووەتەوە. بەرامبەر بەمەش سەرۆکایەتی هاوچەرخ خۆی سازداوە و ئەم سەرۆکایەتییەش لەتەواوی پارچەکانی کوردستان داخوازییەکی مەزنی لەسەر بنەمای یەکێتی نەتەوەیی ئاواکردوە و چەسپاندووە. تەواوی کوردستان دەخوازێ ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم سەرۆکایەتییە بێت و، ستراتیژیەتێکی بەهێز بۆ رزگاری نەتەوەیی هاتۆتەکایەوە. ئیتر ستراتیژیەت هەیە، جولانەوە هەیە و رۆژ بەرۆژ یەکێتی نەتەوەیی کوردان مەزن دەبێت، لەهەندێ پارچەدا کوردان دەتوانن بگەن بەئاواکردنی فیدراسیۆن، ئەمە شیاوە

و لەجێگای خۆیدایە، ئامادەکاریەکانمان لەسەر ئەم بنەمایەیەوە شەڕیش بەخێرایی تاو دەسێنێ و بەردەوام دەبێ. بۆ ئەنجامدانی فیدراسیۆنی نەتەوەیی هەم لەباکوور، باشوور، رۆژهەلات رۆلی خۆمان دەبینین. گرنگە بیرکردنەوە لەسەر بنەمایەکی تەنگ و سنوردار نەبێت و پێویستە بەگوێرەی بەرژەوەندییە تاکرەو و ئارەزوومەندییەکان جموجۆڵ نەکرێت. ئێمە تاوەکو دوایی ئامادەین.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد هەوڵدەدین لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم و هاوڕێ هاواردا گفتۆگۆی لەسەر بکەین، لەو باوەڕەدام کە رۆشن کردنەوەی ئەم بابەتانە و تیشك خستنە سەریان تەنیا بۆ خوێندەڤانانی ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقماز پێویست نییە بەڵکو بۆ تەواوی رووناکبیرانی کورد و شۆڕشگێڕان و جولانەوە شۆڕشگێڕییە نەتەوەییەکان پێویستییەکە. ئەگەر بێت و ئەو ئەزموونانەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتنە ئاراوە باش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، ئەوا سەبارەت بەمێژووی کورد و تێکۆشانمان و رۆژگاری ئەمڕۆمان دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی بەهێز. دەشێ مرۆڤ پرسیار لەیەکتریش بکات. بەمجۆرە لەرێگای لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی مێژوو هەوڵدەدین سیاسەتی نەتەوەیی رۆشن بکەینەوە. هەروەها لەهەمانکاتدا پێویست دەکات بەشێوەیەکی گرنگ لەسەر دەسەلات و سیاسەتی کورد بوەستین.

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی شانس و بێ شانسی کوردان چۆن دەرکەوت؟ وەك سەرەتایەك رۆشن کردنەوەی ئەم خاڵە پێویستە و لەجێگای خۆیدایە. ئەو دەرفەتانەی بۆ کوردان هەڵکەوتن چۆن رەخسان و، تا چ رادەیەك کوردان سوودیان لێوەرگرت؟ فاکتەرە ناوەکی و دەرەکییەکانی ئەم رەوشە چی بوون و کەمالیزم چۆن پێکهات و سەریهەڵدا، چۆن کوشتوبڕ جینوسایدیان ئەنجامدا؟ جولانەوەکانی کوردستان چۆن سەرکوتکران و بەچ جۆرە رەوشێك گەیشتنە شەڕی دووەمی جیهانی؟ هەروەها لەم سەردەمەدا رۆڵی ئێوە چی بوو؟ هەروەها لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی چۆن و بەچ شێوەیەك PDK پێکهات؟ مامۆستا ئیبراهیم، دەتوانێ بەکورتی بیر و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەم مەسەلانە بڵێی.

ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد: جولانەوەی کورد لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا بەقۆناخێکی گرنگدا دەرباز دەبێت، بۆ ئەوەی نەکەوینەوە نێو هەمان هەڵەو کەموکورتییەکانی مێژووی رابردووی کوردستان، پێویست دەکات بۆ جارێکی تر لەجولانەوەی کوردی رابردووەوە دەست پێبکەین.

لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی رێکخراوی ئیتحاد و تەرەقی هۆشیاری نەتەوەیی، ئەو نەتەوانەی لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان، تا رادەیەك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، هەموو نەتەوەکانی نێو سنووری ئیمپراتۆریەت لەسەرووی هەمووشیانەوە کورد و عەرەبەکان رێکخراو و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان دامەزراند، ئەو دەرئەنجامانەی لەپرەنسیپی ئەم رێکخراوانە دەردەخەین ئەوەیە لەسەرەتا ئەم کۆمەڵانە نەیاندەخواست لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا ببنەوە، لەجیاتی ئەمەش دروشمی " یەکێتی، ئازادی و یەکسانی ئیتحاد و تەرەقیان کردبووە ئامانجی خۆیان. بەڵام ئیتیحاد و تەرەقی دەیخواست نەتەوەکانی تری نێو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەخۆوە بگرێت و بیان توێنێتەوە. هەربۆیە پرۆگرام و پرەنسیپ و تێکۆشانیان جیاواز بوو. کاتێ کە شەڕی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا و دەستی پێکرد، هێشتا دامەزراندنی جولانەوەی نەتەوەیی لەتورکیا لەهەنگاوی یەکەمینیدا بوو. جولانەوەی کوردیش، لەنێو جولانەوەکانی رزگاری نەتەوەیی، لەڕووی نەتەوەییەوە لەهەموویان لاوازتر بوو. لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم کوردەکان لەتورکەکان زیاتر پارێزگاریان لەیەکێتی و یەکپارچەیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردووە.

هەروەها هەمووما‌ن باش دەزانین کە ئەڵمانیا و ئیمپراتوریەتی عوسمانی دووچاری شکست بوون و هاوپەیمانەکان لەشەڕدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و، بەمجۆرە ئینگلیزەکان و فەرەنساییەکان وەك لایەنی سەرکەوتوو لەشەڕدا دەرکەوتن، بێگومان لەو کاتەدا هەندێ ئامانجی ئینگلیزەکان و فەرەنساییەکان و روسیا سەبارەت بەخۆرهەڵاتی ناوین و رۆژهەڵات جێگای باس بوو. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم سێ دەوڵەتە رێککەوتنیان لەنێو خۆیاندا مۆرکرد. بەگوێرەی ئەم رێککەوتنەش دەبوایە ئەو خاکەی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بە" پیاوە نەخۆشەکە" ناوزەدیان دەکرد، لەنێوان خۆیان دابەش بکەن، هەروەها بەگوێرەی ئەم رێککەوتنە بڕیاری ئەوەیان گرتبوو کە ویلایەتی موسڵ بەفەرەنسا بدەن، لەم کات و رەوەشەدا هەندێ ئاغای کورد خواستیان رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بقۆزنەوە و لەلایەنی نەتەوەییەوە بەکاری بێنن.

شەریف پاشا کە ئەو سەردەمە رێبەرایەتی جولانەوەی کوردی دەکرد، نوێنەری کۆنسلۆسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو لەسویسرا. لەبەر ئەوەی هاوپەیمانەکان لەشەڕدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بوو ئەرمەنیەکانیش مەسیحی بوون و، بینی کە زیاتر هاریکاری جولانەوەی نەتەوەیی ئەرمەنی دەکەن، شەریف پاشاش کەوتە نێو پشتگیری و کۆمەککردنی ئەرمەنییەکان. شەریف پاشا لەرێگای بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ رێبەرانی جولانەوەی ئەرمەنییەکان، داخوازی گەرەنتی کردنی مافی نەتەوەیی ئەرمەنییەکان و کوردانی لەهاوپەیمانان کرد. لەرێککەوتننامەی سیڤەر هەندێ مافی هەردوو نەتەوەش هاتۆتە زمان، هەروەها لەم رێککەوتنەدا هەندێ مافی رێژەیی بۆ کوردان پەسندکرا.

بەندەکانی 61، 62، 63 ی مادەی سێیەمی رێککەوتنی سیڤەر سەبارەت بەکێشەی کوردان بوو، بەگوێرەی ئەم رێککەوتنە ئەوە پەسندکرا کە دەوڵەتێکی کوردان لەباکووری کوردستان دابمەزرێ، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکرا کە ئەو دەوڵەتە کوردیەی دادەمەزرێ پێویستە بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر پارێزگاری و پاراستنی هێزی هاوپەیمانەکاندا بمێنێتەوە، ئامانج لەوەشدا ئەوە بوو: کاتێك هاوپەیمانەکان گەیشتنە ئەو باوەڕییەی کوردەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەوکاتە سەربەخۆیی بەکوردان دەدرێت، بەڵام سەبارەت بەو پارچەیەی بەفەرەنساوە گرێدراوە و بۆ ویلایەتی موسڵیش، لەجیاتی سەربەخۆیی پێشبینی بەخشینی ئۆتۆنۆمی کرا. لەهەمانکاتیشدا ئەوەیان پەسندکرد، کاتێ ئەو کوردانەی لەژێر ئیرادەی ئۆتۆنۆمیدا دەژین توانیان خۆیان بەڕێوە ببەن ئەوکاتە دەتوانن لەگەڵ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەدا ببن بەیەك کە لەباکووری کوردستان ئاوا دەکرێت. بەڵام کاتێ سەیری مێژوو بکەین دەبینین کە جولانەوەی کورد لەدەرەوەی کوردستان واتە لەئەوروپا دامەزرا، چونکە ئەو کوردانەی لەنێو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتدا دەژیان هێشتا گرێدان و پەیوەندیان بەئیمپراتۆریەتەوە بەردەوام بوو.

کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پارچە پارچە کراو بگەڕێتەوە سەر رەوش و جێ و شوێنی پێشوی، جولانەوەی کورد لەسەر بنەمای فیودالی ـ خێڵایەتی بوو، خێڵ و عەشیرەتەکان لەو باوەڕەدا بوون کە لەدوای رووخانی خەلافەت جولانەوەی نەتەوەیی کورد بێمانایە و پێویست ناکات، دەیانگوت ئەگەر جولانەوەیەك سەرهەڵبدات پێویستە ئەمە لەپێناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێت نەك لەپێناو کوردان. مستەفا کەمال، کە زۆر چاك ئەم راستییەی زانیبوو، وەستایانە بەکاری هێنا و خستیە خزمەتی خۆیەوە، لەدوای ئەمە مستەفا کەمال

چووە کوردستان و لەژێر دروشمی " رزگاری ئیسلامیەت لەژێر ناوی تورکچێتی " گەڕا و گەلێك کۆبوونەوەی جیاجیای سازدا و گەلێك سەرۆك عەشیرەتی کوردان و شێخ و ریش سپیانی لەدەوروبەری خۆی کۆکردەوە.

### دەستی ئینگلیزەکان
### لەنێو جولانەوەی شێخ سەعیددا هەبوو

کوردەکان لەژێر رێبەرایەتی مستەفا کەمال بەرخۆدانێکی سەرسووڕهێنەریان نیشاندا و خوێنێکی زۆریان رژاند، ئەمەش گەیشتە ئاستێکی وابەرز تا وایکرد مستەفا کەمال سەبارەت بەسەربازی وون لەکاتی یادکردنەوەیدا بلێ: " شیمانەی مەزن ئەوەیە سەربازی وون کورد بێت ". لەگەڵ ئەوەی ئەوە بەتایبەت گوتە و گوزارشتی خودی مستەفا کەماڵە، لەهەمانکاتدا نوێنەرێکی مستەفا کەماڵیش لە " سەڤاریا " هەمان شتی دووبارە کردەوە، هەروەکو چۆن ئەم رەوشە لەدەست چوونی جولانەوەی نەتەوەییمانی لەگەڵ خۆیدا هێنا لەهەمانکاتدا رێککەوتننامەی سیڤەریش لەدەست درا و بێکاریگەر مایەوە. بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی سیڤەر ئەگەر لەئاستێکی نزمیشدا بێت داخوازییەکی پشتگیری لەئارادابوو، بەڵام ئەم دەرفەتەش لەدەست چوو. ئەمەش بۆ مستەفا کەمال بووە دەرفەتێکی وا کەجارێکیتر نەدەرەخسا و نەدەدۆزرایەوە، هەربۆیە کەوتە نێو شەڕێکەوە بەگوێرەی بەرژەوەندی کوردانـدا گونجاو نەبوو، هەروەکو چۆن شەڕ ئەمڕۆ لەبەرژەوەندی کوردان نییە بەهەمان شێوە لەبەرژەوەندی تورکانیشدا نییە.

ئەو ئومێدەی لەڕۆژگاری ئەو سەردەمەدا لەدەستماندا بوو، چی بوو؟ ئینگلیز لەرێگای ئەو یاری و گەمەیەی کە بەهۆشیاریەکی مەزن بەرێوەی دەبرد، بۆ ئەوەی بتوانێت فەرەنسا رازی بکات کە دەست لەویلایەتی موسڵ بەربدات و جێی بێڵێ، ئەسکەندەروونە و دەوروبەرەکەی پێ بەخشی، لەگەڵ ئەمەشدا داخوازی و نیازی ئینگلیزەکان بەوجۆرە نەبوو لەپارچەکانی تری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆیی بۆ کوردان دابمەزرێنێ. لەکاتی رێککەوتنی مەدرید کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی بەسترا، ئینگلیزەکان زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان رێککەوتنیان لەگەڵ شێخ مەحمود ئەنجامدا توانیان دەربازی نێو سلێمانی ببن، دوای ئەوە سەرەڕای ئەوەی مافی ئەوانی بەسەرەوە نەبوو، ناوچەکانی تری ویلایەتی موسڵی باشووری کوردستانیان داگیرکرد و لەئەنجامی ئەمەشدا سەبارەت بەویلایەتی موسڵ لەیەکتری نەگەیشتن و ناکۆکی لەنێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان دەرکەوت. تورکەکان بەئینگلیزەکانیان دەگوت: " مافی ئەوەتان نییە کە دوای شەڕ ئەو ناوچانە داگیربکەن، چونکە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئێوە ". بەهۆی بەرەوپێشچوونی ئەم ناکۆکیانەش ئینگلیزەکان دەیانخواست ئەم هۆشیارییە نەتەوەییەی لەنێو کوردانـدا چەکەرەی کردبوو، بقۆزنەوە و بەرامبەر بەتورکان بەکاری بێنن و بیانخەنە نێو جموجۆڵەوە. بەرامبەر بەمەش شێخ مەحمودی وڵاتپارێز دەیخواست دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەم پارچەیەی کوردستان دابمەزرێنێ کە

لەپاش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مابۆوە، شێخ مەحمود نەیدەویست لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری ئینگلیزەکاندا بێت. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ناکۆکی لەنێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان دەربکەوێ و شەڕ لەنێوانیاندا رووبدات.

خودی شێخ مەحمودیش لەم شەڕەدا هەبوو، بریندار بوو، بەهۆی برینداریەکەشی بەدیلی کەوتە دەستی ئینگلیزەکان. دوایی لەدادگایەکی سەربازی بەغداد سزای لەسێدارەدانی بۆ درا، بەڵام دوایی ئەم سزایە کەم کرایەوە و بۆ زیندانی یەکجارەکی و درێژخایەن گۆڕا و، لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڕێیانی و خزم و نزیکەکانی بۆ هیندستان دوور خرانەوە. دوای ئەم دوورخستنەوەش هەندێ کەس لەباشووری کوردستان داخوازی و هۆشیاری نەتەوەییان هەبوو، ئەمەش دەبووە هۆکاری دەرکەوتن و نیشاندانی ناکۆکی. بەرامبەر بەمەش ئینگلیزەکان نەیاندەتوانی ئەم ناکۆکییانە چارەسەر بکەن کە لەئارادا بوون، هەرچەندە بەهەندێ شێواز خواستیان چارەسەریان بکەن، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. هەربۆیە دووبارە شێخ مەحمودیان هێنایەوە بەغداد و وەك حوکمداری کوردستان پەسندیان کرد. بەڵام مەرجێکیان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە شێخ مەحمود راوێژکاری ئینگلیزەکان پەسند بکات، بەڵام شێخ مەحمود هەرلەسەرەتاوە ئەم داخوازیانەی رەت کردەوە و پەسندی نەکرد، دوای ئەوە گەڕایەوە سلێمانی و حکومەتێکی دامەزراند، خۆی وەك مەلیك راگەیاند و ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێنا، دوای ئەوە سەرباری پێکهێنانی دامودەزگا جیاوازەکانی حکومەت، ئەرتەشی باڵای پێکهێنا. پۆستەخانەی پێکهێنا و پارەشی دەرخست، بەمجۆرە دەوڵەتێکی کوردی ئاواکرد.

لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دایمەزراند ناکۆك بوو لەگەڵ ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی کە ئینگلیزەکان دەیانخواست دایبمەزرێنن، چونکە ئەو دەوڵەتە کوردییە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئینگلیزبوو. هەربۆیە ئینگلیزەکان بەهۆڤێتییەکی مەزن هێرشیان کردە سەر کوردەکان و بەتەواوی چەك و تفاقیان شاڵاویان هێنایە سەر کوردستان، هەتا سلێمانی بووە گۆڕەپانێك کە ئینگلیزەکان چەکە نوێکانیان تێدا تاقیکردەوە. بەمجۆرە بۆ جاری دووەم ئینگلیزەکان چوونە نێو سلێمانییەوە و داگیریان کرد، بۆ جاری یەکەمیش ئارتەشی عەرەبی لەساڵی 1924 هاتە نێو سلێمانییەوە، ئەم هاتنەشیان لەڕێگای راوێژکاری ئینگلیز و سەرباز وەرگرتن و بەکارهێنانی چەك و تفاق و یارمەتی ئینگلیزەکانەوە بەدیهات، ئینگلیزەکانیش داگیرکاریەکەیان پەسند کرد و مۆریان کرد. لەئەنجامی ئەمەشدا ناکۆکی نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکان سەبارەت بەمەسەلەی ویلایەتی موسڵ زیاتر تاوی سەند. هەرلەبەر ئەمە ئینگلیزەکان نەیاندەخواست کوردەکان بەتەواوی لەنێو بچن، چونکە بەکارهێنانی کارتی کورد بەرامبەر بەتورکەکان جێگای باس بوو. کاتێ کە شێخ مەحمود بەردەوامی بەدەسەڵاتی خۆیدا لەکوردستان، لەبلاوکراوە هاوبەشەکەی ئینگلیز ـ ئێراق لەرێکەوتی 24ی کانوونی دووەمی 1922 ئاماژەیان بەوە دەکرد کە دەوڵەتی کوردی دامەزرێنراو دەناسن و دانی پێدا دەنێن بەڵام داخوازی وەفدێکی کوردیان دەکرد تاوەکو بچێ، جگە لەدیاریکردنی سنوور لەهەمانکاتدا مەسەلەی پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان و ئێراقدا تاوتوێ بکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکیان لەو بلاوکراوەیە ئەوە بوو تورکەکان بترسێنن و وایان لێ بکەن دەست لەویلایەتی موسڵ بەربدەن، بێگومان ئەوەی روویدا هەر ئەوەبوو. لەکۆتاییدا تورکەکان لەدوای جەخت کردن و زەحمەتییەکی زۆرەوە وەفدێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیان خواست تاوەکو بێن ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە، سەبارەت بەم مەسەلەیەش تورکەکان و ئینگلیزەکان رێککەوتن لەسەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕاستینەی بەرجەستە بکۆڵێتەوە، هەتا لەبەڵگەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەیە کە

کوردەکانی باشووری کوردستان نەیانخواستوە، نە لەگەڵ تورکیا و نە لەگەڵ ئێراقدا بەیەکەوە بژین، بەڵام ئەو کاتە نەتەوە یەکگرتووەکان و رای گشتی لەژێر کۆنترۆڵ و کاریگەری ئینگلیزەکاندا بوو، وەك چۆن ئەمرۆکە ئەمریکا بەسەر نەتەوە یەکگرتوەکاندا باڵادەستە، ئەوکاتیش ئینگلیز باڵادەست بوو.

لەدوای ئەوە 25ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1925، نەتەوە یەکگرتوەکان لەگەڵ هەندێ مەرجدا ئەوەی پەسندکرد کوردەکان لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا بمێننەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بریاری ئەوەی وەرگرت کە ژیان و زمان کولتوریان پارێزراو بێت. لەهەمان رۆژدا بەبۆنەی ئەم بریارە ئینگلیزەکان و ئێراقیەکان کۆبوونەوە و ئاهەنگیان گێرا، بەرپرسیاری وەفدی ئینگلیزی گوتی:" هەروەکو چۆن تورکەکان دەخوازن کوردەکان بکەن بەتورك، نابێ ئێوەش بیانکەن بەعەرەب، لەوانەیە کوردەکان بەرگەی زۆرداری تورکەکان نەگرن و ببن بەتورك، بەڵام تورکەکان بەشەپقە و چاکەتێك نابن بەئەوروپایی " واتە هەروەکو چۆن بەهەر شێوەیەك بێت کوردەکان نابن بەتورك، بەهەمان شێوە تورکەکانیش بەشەپقە و چاکەتێك نابن بەئەوروپایی. شا فەیسەڵی پادشای ئێراق ئەم بۆچوونەی لەجێگای خۆیدا بینی و بەردەوام دەیگوت:" پێویستە عەرەبەکان کوردەکان وەك کورد ببینن و کوردەکانیش گرێدراوی کولتووری خۆیان بن و کورد بن ". لەدوای ئەم قۆناخە جولانەوەی شێخ مەحمود کۆتایی پێهات و شکستی هێنا.

شتێکی تریشتان بەبیر بخەینەوە: ماددەیەکی رێککەوتنی لۆزانیش سەبارەت بەبەرێوەبردنی موسڵ بوو. راستی مێژوویی ئەو سەردەمە ئەوەمان پێرادەگەیەنێ کە رێککەوتنێك لەنێوان ئینگلیزەکان و تورکەکاندا هەبوو، ئەم رێککەوتنەش لەسەر بنەمای ئەوەبوو کە بەرامبەر بەدەستبەردانی تورکەکان لەدۆستایەتیکردنی روسیا، ئینگلیزەکانیش دەستبەرداری لەهاریکاری و پشتگیری جولانەوەی نەتەوەیی کورد بکەن.

دوایی کوردەکان تێگەیشتن کە خەڵەتێنراون و فێڵیان لێکراوە، بەمجۆرە هەم لەباکوور، هەم لەباشوور سەرلەنوێ دەستیان بەتێکۆشانی خۆیان کردەوە. هەرچەندە هەندێ رۆشنبیر لەنێو ئەم تێکۆشانانەدا هەبن، وەلێ رێبەرایەتیەکەی زیاتر بەدەستی مەلا و شێخ و ئاغاکانەوە بوو. یەکێك لەو جوڵانەوانەش جولانەوەی شیخ سەعیدی پیرانە، هەم بۆ ئاشکراکردن و هەم بۆ ئەوەی لەهەلومەرجەکانی رۆژگاری ئەمرۆماندا کێشەکەمان بگات بەسەرکەوتن، دان بەوەدادەنێم کە دەستی ئینگلیزەکان لەنێو جولانەوەی شێخ سەعیددا هەبوو. بەڵام ئەم هاریکاریە بۆ ئەوە نەبوو کە جولانەوەکە بگات بەسەرکەوتن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە بوو زیاتر رووبەرووی شکست بێتەوە. لەسەرەتا جولانەوەکە بەبێ ئاگاداری ئینگلیزەکان دەستی پێکرد و بەهێز ببوو، دوایی ئینگلیزەکان دەستیان تێوەردا و دووچاری شکستیان کرد. نەك تەنیا ئەمە بەڵکو ئینگلیزەکان دەستیان لەنێو شکستی هەموو ئەو جوڵانەوانەدا هەیە کە لەکوردستاندا پێشکەوتن و دوایی دووچاری سەرکوتکردن هاتن، بەداخەوە لەم قۆناخەدا گەلی کورد بەهیچ ئومێد و مافێکی نەتەوەیی خۆی نەگەیشت.

دوای ئەمە جولانەوەی کورد لەسەر بنەمای سیستەمێکی نوێ دیسان سەریهەڵدا و دەستی پێکرد، هەندێ پارت لەلایەن رۆشنبیرانەوە دامەزرێنران. ئەو پارتییانە لەسەر بنەمای وەرگرتنی هەندێ یارمەتی و جێبەجێکردنی دواکاریەکانی دەرەوە، لەلایەن رۆشنبیران پێکهێنران. بەتایبەتیش لێرەدا پێویستە ئاماژە بەهاریکاری و داواکارییەکانی ئینگلیزەکان بکرێ. چونکە ئینگلیزەکان لێکدانەوەی ئەوەیان دەکرد نەوەکو

جولانەوەیەکی نەتەوەیی عەرەب دژبەوان سەرهەڵبدات و پێشبکەوێت، هەر بۆیە بەردەوام پێویستی ئەوەی دەبینی کە کارتی کورد لەئێراقدا بەدەستیەوە بمێنێ.

لەم ماوەیەدا شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد و ئەو کاتیش جولانەوەی کورد لاواز بوو. بەڵام جێگرتنی سۆڤیەت لەنێو شەڕدا بووە هۆکاری گۆڕانکاری ڕەوش، بەتایبەتیش دوای دەربازبوونی روسەکان بۆ نێو ئێران و کۆنترۆڵکردنی، هەروەها چوونی ئینگلیزەکان بۆ ناو پارچەکانی تری کوردستان، ڕێگای لەبەردەم ئەوەدا خۆش کرد کە دووبارە جولانەوەی کورد تاو بسێنێ و بەهێز بێت و گەشە بکات. ئەم دەوڵەتانە کوردەکانیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار هێنا، هەتا ئەڵمانەکانیش بەپشت بەستن بەهەندێ کورد، هەوڵیاندا کوردان بکەن بەهاوپەیمانی خۆیان.

لەئێراقدا گەلێك پارتی هەبوون و هەندێکیان پارتی کوردی بوون، پارتی هیواش یەکێك بوو لەوانە، هەرچەندە گەلێك ڕۆشنبیری وڵاتپارێزی کورد جێگای خۆیان لەنێو ئەم پارتیانە دەگرت، بەڵام بەگوێرەی باوەڕی من سەرۆکایەتی ئەمانە بەئینگلیزەکانەوە گرێدراو بوون. ئەمەش بووە هۆکاری پارچەبوونی پارتی هیواش، لەم نێوەدا لەسەر بنەمای یارمەتی و پشتگیری هەندێ لەئەندامانی پارتی هیوا کۆمەڵەیەك لەئێران دامەزرا. ئەو ئەندامانەی پشتگیری ئەو کۆمەڵەیان دەکرد گرێدراوی ئەو ڕێبەرانە نەبوون کەوابەستەی ئینگلیزەکان بوون، چوونە ئێران و کۆمەڵەی سەرلەنوێ ژیانەوەی کوردانیان دامەزراند.

لەو سەردەمەدا من حاکم و دەسەڵاتداری هەڵەبجە بووم و گۆڤارێکم بەناوی گەلاوێژ دەردەخست، بەهۆی گەلێك هۆکاری جیاجیا دوایی دەستم لەئەرکی حاکمێتی هەڵەبجە بەردا، هەتا ئەو کاتیش ئەندامی هیچ پارتێك نەبووم. هەرچەندە پارتی هیوا خواستی ببمە ئەندامی ئەو، بەڵام نەبوومە ئەندامیان. دەخوازم ڕووداوێکیترتان بۆ باس بکەم. لەگەڵ هەندێ کەسایەتی کە دەیانخواست ببن بەئەندامی هیوا لەهەمانماڵدا دەماینەوە، داوایان لێکردم تەڤلی پارتی هیوا ببم، چووینە ژوورێکی تر، لەوژورەدا دەمانچەیەك و کتێبێکی قورئانی پیرۆز لەسەر مێزێك دانرابوو، ئەوەی لەمنیان دەخواست ئەوە بوو سەیری ڕەسمێك بکەم و دەست لەسەر دەمانچەو قورئانەکە دابنێم و سوێند بخۆم. سوێندیشیان ئەوە بوو کە بڵێی:" خیانەت لەکوردان ناکەم ". پێیانم گوت: ئەم سوێندەتان تاوانباریەکە بەرامبەر بەکوردان و پێویستە سوێندتان نە بەدەمانچە و نە بەقورئان بێ، بەڵکو پێویستە پێش هەرشتێك سوێند بەگەل بخۆن، ئەگەر لایەنگری میللەت بن، پێویستە بڵێن: " تا دوا دڵۆپی خوێنم خزمەتی گەل دەکەم ". لەدوای ئەوەی دەستم لەئەرکی حاکمێتی بەردا، گەلێك پارتی لەنێویشیاندا پارتی کۆمۆنیست داوایان لێکردم ببم بەئەندامیان، هەتا هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵەی سەرلەنوێ ژیانەوەی کورد لەئێران هاتنە لام و داوایان لێکردم کۆمیتەی نوێیان بۆ پێك بێنم. ئەمەش ساڵی 1944 بوو و لەڕێگای پۆستە و پۆستەخانەوە پەیوەندیان بەمنەوە کرد، پرۆگرامەکەیانم خوێندەوە، تەنیا دوو دێڕی سەرەتام خوێندەوە نووسرابوو " ئەم کۆمەڵەیە، کۆمەڵەیەکی کوردەکانی ئێران، ئێراق، تورکیا نییە بەڵکو کۆمەڵەیەکی کوردستانییە "، ئەم کۆمەڵەیە دەیخواست لەتەواوی پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی خۆی ئاوا بکات ئەوکاتە من ئەوەم پەسندکرد کە ببمە ئەندامی ئەم پارتە، لەبەر ئەوەی ئەمە ناکەوێتە نێو چوارچێوەی گفتوگۆکەمان، بۆیە بەلاوەی دەنێم و دەخوازم بێمە سەر مەسەلەی بارزانی.

هەر لەسەرەتاوە

هیچ بەرنامە و ئامانج و پرەنسیپێکی PDK نەبوو

جولانەوەی بارزانی لەساڵانی 1944 ـ 1945 واتە هەر لەسەرەتاوە جولانەوەیەکی وڵاتپارێزی نەبوو. هەندێ ئەندامی باشی وەکو " ئەمین رەواندزی، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵڵا و هتد " لەنێو پارتی هیوادا هەبوون دەیانخواست ئەم پێکهاتەیە لەجولانەوەیەکی عەشیرەتگەرییەوە دەربخەن و بیکەن بەجولانەوەیەکی وڵاتپارێزی و نەتەوەیی، بەڵام ئەم جولانەوەیە پەرتەوازە بوو. چونکە لایەنی خێڵەکی زۆر لەلایەنی نەتەوایەتی بەهێزتر بوو. هەرلەبەر ئەمە مەلا مستەفا و دارو دەستەکەی ناچار بوون بەرەو ئێران برۆن. کاتێ مەلا مستەفا سنووری دەرباز کرد هەندێ بۆچوونی هەبوو، بیری لەوە دەکردەوە پارتیەك بەناوی PDK و کۆماری کوردان دامەزرێنێ. چەند مانگێك دوای ئەوە کۆمەڵەی سەرلەنوێ ژیانەوەی کورد کە پێشتر باسمان کرد ناوی گۆڕاو بوو بە PDK، سەرەڕای ئەوەی بەرپرسی یەکەمی ئەم رێکخستنە بووم لەباشووری کوردستان، بەڵام هۆکاری گۆڕینی ناویم نەدەزانی، دوای ماوەیەکی کورت ئەو کۆمەڵەیەی لەوڵاتپارێز و نیشتمانپەروەرە بەپرەنسیپەکان پێکهاتبوو بووە هۆکاری کۆتایی هێنان بەجولانەوەی کورد، باش دەزانرێ ئەو کاتە قازی محەمەد " بەهۆی هەندێ هۆکاری کەسایەتیش بێت " مەلا مستەفای بەوە تاوانبار دەکرد کە مسۆگەر سیخوڕێکی ئینگلیزەکان، بارزانییەکان لەنێو دوو گوندی ناوچە سنووریەکان تەنگیان پێهەڵچنرابوو و کۆببوونەوە. لەڕاستیدا هەلومەرجی ژیانیان دژوار بوو، هەندێکیان بەهۆی نەخۆشیەوە مردبوون و گیانیان لەدەست دابوو.

لەوێوە مەلا مستەفا لەڕێگای کەسێکەوە نامەیەکی بۆ ناردم و لەسلێمانی بەدەستم گەیشت، لەنامەکەدا هەلومەرجی ژیانی نێو هەردوو گوندەکەی بۆ روون کردبوومەوە و داوای ئەوەی لێکردبووم لەسلێمانی هاریکاریان بۆ کۆبکەمەوە و بۆیان بنێرم. هەر بۆیە کۆمیتەکەمان لەسلێمانی یارمەتی کۆکردەوە و بۆمان رەوانەکردن. جارێکیشیان فەرماندەی ناسراوی کورد نوری ئەحمەد تەها لەکۆتایی ساڵی 1945 یش یەکێکی بەناوی هەمزە عەبدوڵڵای ناردە سلێمانی. هەمزە عەبدوڵڵا شۆڕشگێڕێکی کورد بوو، دووچاری فشاری دەوڵەتی ئێراق ببوو، ناسنامەی ئێراقی لێ وەرگیرا و بۆ تورکیا دوور خرابۆوە. دوایی چووە ئێران، لەڕێگای ئەم کەسە مەلا مستەفا نامەی دووەمی بۆ ناردم، هەروەها نامەیەکی تری ناردبوو کە بیدەم بەکوڕەکەی شێخ مەحمود، بەڵام نامەکە کراوە بوو، نامەکەم خوێندەوە، لەنامەکەدا دەیخواست: بۆ ئەوەی مەلا مستەفات بگەڕێتەوە گوند و ناوچەکانی خۆیان داوای لێکردبوو لای شافەیسەڵ ناوبژیوانی بۆ بکات. چونکە دەرهەق بە 111 بارزانی بڕیاری مردن و لەسێدارەدان لەئارادا بوو. دەیخواست بڕیاری لەسێدارەدان نەمێنێ و بۆ زیندانی درێژخایەن بگۆڕدرێ؛ بەرامبەر بەئەنجامدانی ئەم گۆڕانکاریەش بارزانی ئاماژەی بەوە دەکرد کە بگەڕێتەوە ئێراق. داخوازیەکانی ئەمە بوو.

کۆمیتەکەمان لەئاستی هەرە بەرزدا کۆبوونەوەیەکی خۆی بەست. لەکۆبوونەوەکەدا بینیمان کە ئەو سەرۆك خێڵانەی پێشتر بەرامبەر بەحکومەتی ئێران پشتگیریان لەقازی محەمەد دەکرد، گۆڕان و دژ بەقازی محەمەد دەوەستن و ( بەپارە کڕدرابوون ) لایەنگری ئێران دەکەن. مەلا مستەفاش بگەڕێتەوە ئێراق ئەو کاتە کەس نییە کۆماری کوردی مەهاباد بپارێزێ. هەر بۆیە ئەو نامەیەی کە بارزانی ناردبووی نەمدا بەکوڕەکەی

شێخ مەحمود. بڕیاری ئەوەماندا لەئێران بمێنێتەوە و پارێزگاری لەکۆماری مەهاباد بکات، لەهەمان کاتدا بەڵگەنامەیەکمان بەناوی هەندێ کەسایەتی و سەرۆك خێڵ ئامادەکرد و لەگەڵ کوڕی دووەمی شێخ مەحمود، شێخ " لەتیف " یش هەمووومان ئیمزامان کرد و کردمان بەبڵاوکراوەیەك. لەبڵاوکراوەکەدا ئاماژەمان بەوە کردبوو کە پێویستە حکومەتی ئێراقی لە مەلا مستەفا و هەڤاڵەکانی ببورێ و لێ گەڕێ بگەڕێنەوە گوند و شوێنەکانی خۆیان و، ئاماژەمان بەوەش کرد بوو کە ئەوان وەك نوێنەری خۆمان دەبینین. لەلایەکی تریش ڕەوشی لاوازبوونی قازی محەمەد بووە هۆکاری ئەوەی ئیش و کارەکان سەراوژێر بێت و ڕێگای لەپێش تێکدان و خراپەکاری مەزن کردەوە. لەنامەکەی تری کەوا بۆی ناردم داخوازی ئەوەی دەکرد یارمەتی هەمزە عەبدوڵڵا بدەم، چونکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە دەخوازن پارتییەکی لەجۆری PDK ی ئێران لەئێراق دابمەزرێنن. بەڵام من ئەوەم ڕەت کردەوە کە پارتییەك بەناوی PDK ی ئێراق بێت و ڕازی نەبووم.

سەرۆکی نەتەوەیی: سەرەتا PDK لەئێران دامەزرا؟ چۆن کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجامدا، کێ هەبوو؟ ئامانجە نزیك و دوورەکانی چی بوون؟ ئایا پرۆگرامی هەبوو؟ کەس لەکوردەکانی باکوور لەنێو ئەم پارتییەدا هەبوو؟ دوایی بۆچی PDK لەباکوور دامەزرا؟

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد: لەو نامەیەی بارزانی بۆی ناردبووم داوای لێدەکردم یارمەتی هەمزە عەبدوڵڵا بدەم، هەروەها ئاماژەی بەهەندێ ناو کردبوو دەیخواست ئەمانە جێگای خۆیان لەنێو ئەم پارتییەدا بگرن کە ئامانج بوو دامەزرێ. هەروەها بینیم کە ئەم پارتە پارتێکی کوردستانی نییە، واتە پارتێکی ئێراقی بوو، بۆیە نەمخواست جێگای خومی تێدا بگرم، مەلا مستەفا دەیخواست ببێتە سەرۆکی پارتی، وەك یارمەتیدەر و جێگیریش دەیخواست شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود و کوێخا زیادی کۆیی جێگای خۆیان بگرن. بەمجۆرەش دەیخواست کۆمیتەیەکی ناوەندی پێك بێنێ، بەڵام هیچ بەرنامە و ئامانجێکی ئەم پارتە نەبوو، پرەنسیپێکی دیاریشی نەبوو لەپێناویدا تێبکۆشێ، تەنیا باس لەهەندێ زاراوە و گوزارشتی خۆش دەکرا و دەگوترا: " ئەم پارتییە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دادەمەزرێنرێ ".

لەو سەردەمەدا پارتی شۆڕش و رزگاریش لەئارادا هەبوون. ئەم پارتیانەش ئاماژەیان بەوە دەکرد کە دەخوازن جێگای خۆیان لەنێو پارتییەکی بەمجۆرەدا بگرن، بەڵام هەندێ کەسایەتی کورد ئەوەیان دەرخستە پێش کە ئەم پارتە پارتێکی عەشیرەتگەرییە بۆیە جێگای خۆیانی تێدا ناگرن، لەدواییدا ئەم پارتە لە 16ی ئابی 1946 لەئێراق دامەزرا.

سەرۆکی نەتەوەیی: ئەو کاتە کۆماری کوردی مەهاباد رووخا بوو؟

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد: هێشتا نەڕووخا بوو.

س. نەتەوەیی: لەئاواکردنی پارتێکی بەمجۆرەدا جەسارەت و هێزی سەرەکی لەکۆماری مەهاباد وەردەگرت؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: مەلا مستەفا سەیری قازی محەمدی کرد و خواستی وەك ئەو پارتییەك دابمەرێنێ و ببێتە سەرۆکی ئەم پارتییە.

س. نەتەوەیی: ئەم پارتییە چۆن پێکهات؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: من لەکۆنگرەی یەکەمدا ئامادە بووم.

س. نەتەوەیی: ئەندام بوویت؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: ئەندام نەبووم، بەڵام ئامادە بووم. داوایان لێکردم ببم بەئەندام، بەڵام پێم راگەیاندن تاوەکو هەواڵێکم لەکۆمیتەی ناوەندی پارتەکەمان لەئێران بۆ نەیێت و بڕیار نەدرێت، کۆمیتەکەی سلێمانی هەڵناوەشێنمەوە و نابم بەئەندامی هیچ پارتێکی تر.

س. نەتەوەیی: واتە هەم PDK لەئێراقدا هەبوو، هەم ئەو کۆمیتەیەی ئێوە جێگای خۆتان تیادەگرت هەبوو، جیاوازیەکی چۆن لەنێوان PDK و کۆمیتەی ئێوەدا هەبوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: جیاوازیمان ئەوەبوو کە پارتی ئێمە پارتییەك بوو تەواوی کوردستانی لەخۆوە دەگرت، هەتا دەمانخواست کۆمیتەی گرێدراوی خۆمان لەپارچەکانی سوریا و تورکیاش ئاوابکەین. بەڵام PDKی بارزانی پارتییەکی تایبەت بەئێراق بوو. واتە تەواوی کوردستانی لەخۆوە نەدەگرت، ئەمە جیاوازی سەرەکی نێوانمان بوو. لەسەردەمی دەسەڵاتی شافەیسەڵدا PDKی بارزانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بەست و بەیەکەوەش کاریان بەڕێوە دەبرد. لەو قۆناخەدا هەندێ لەئەندامانی کۆمۆنیستەکان دەستگیرکران، لەدەرئەنجامی دان پێدانان و پاکانەی ئەمانە گەلێك لەئەندامانی پارتیەکان دووچاری گرتن هاتن.

دوای رووخانی کۆماری مەهاباد ئەو کۆمیتەیەی ئێمە لەباشووری کوردستان ئاوامان کردبوو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەئارادا نەما، لەئەنجامی ئەمەدا زۆرینەی ئەندامان بۆچوونی خۆیان بەلایەنی ئەمەدا دەربڕی کە تەڤلی ریزەکانی PDK ببین. لەم چوارچێوەیەشدا لەنیسان و مایسی 1947 تەڤلی PDK بووین، یەکێ لەو کەسانەی لەئەنجامی پاکانەکانی ( اعتراف ) کۆمۆنیستەکان ناوی هاتبوو من بووم، بۆیە دەستگیر کرام.

س. نەتەوەیی: نەتاندەتوانی لەتەڤلیبوونی PDK زیاتر کۆمیتەکەتان پێشبخەن و تۆکمە و بەهێزتری بکەن؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: دوای رووخانی کۆماری مەهاباد هیچ دەرفەت و تواناکاریەکمان نەمابوو، هەربۆیە تەڤلی PDK بووین.

س. نەتەوەیی: دوای روخانی کۆماری مەهاباد، هەبوونی PDKی ئێران ( حدکا ) هەر بەردەوام بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: نەخێر، لەئارادا نەما دوایی دیسان دامەزراوە. هۆی رووخانی کۆماری مەهاباد تەنیا ئەوە نییە کە روسەکان پاشەکشێیان کردو دەستیان لەئێمە بەردا، بەڵکو هۆکاری سەرەکی سەرچاوەی خۆی لەڕەوشی ناوخۆیی دەگرت، چونکە ئەو جولانەوەیەی هەبوو، هەروەکو چۆن جولانەوەیەکی رزگاری نیشتمانی نەبوو، لەهەمانکاتدا جولانەوەیەکی کوردستانیش نەبوو، من بۆخۆم ئەم راستیانەم بۆ نوسیبوو و ئاماژەم پێکردبوو، ئەو کات ئەوەم پێ راگەیاندبوون کە 500 لەئەندامانی ئەرتەشی ئێراق تا دواهەناسە و تا مردنی خۆیان ئامادەن بۆ پاراستنی کۆماری مەهاباد خزمەت بکەن، هەروەها گەلێك رۆشنبیر و فەرمانبەر و وڵاتپارێزی بەمجۆرە هەبوون، ئەمانەش تادوا دڵۆپی خوێنی خۆیان ئامادە بوون خزمەتی کۆمار بکەن. بەڵام وەڵامیان داینەوە کەوا پێویستیان بەهیچ نییە، تەنیا پێویستیان بەپەرتوکی خوێندن هەیە بۆ قوتابخانە و، داوایان کرد پزیشکێکیان بۆ بنێرین. هەتا هەندێکیان دەیانگوت ئێمە ئەم کۆمارەمان بۆ ئەوە ئاوا نەکردووە کە کوردەکانی باشوور بێن و دەستی بەسەردا بگرن. واتە دەیانخواست کورسیەکانیان بپارێزن.

یەکێك لەئەندامە خۆبەدەستەوەدەرەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست، لەکاتی دەرکەوتنی من بۆ دادگا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە داخوازین باشووری کوردستانیش بەکۆماری مەهابادەوە گرێ بدەین و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنین. هیچ لەبیر ناکەم گوتی: " رۆژێ کە تەبریز کەوت من لەماڵی ئیبراهیم ئەحمەد بووم "، راستە ئەوشەوە لەماڵی ئێمە بوو، ئەم کەسە یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنیستەکان و لەهەمانکاتدا هاوڕێی شێخ لەتیف بوو، ئەو شەوە هەردووکیان لەماڵی ئێمە گفت و بەڵێنیان هەبوو. هەروەها گوتی ئەو رۆژەی کە تەورێز کەوت ئیبراهیم ئەحمەد گریا و لەنێو گریاندا دەیگوت:" چەندە بێبەختین هێشتا کۆماری مەهاباد ساوا بوو مرد "، لەئەنجامدا دادگا بڕیاری ئەوەی دەرهەق بەمن و گرتووەکانی دیکەی دا کە دوو ساڵ زیندانی بکرێین و دووساڵ لەژێر چاودێری پۆلیسدا بمێنێن.

س. نەتەوەیی: خۆبەدەستەوە دەرەکە بەکرێگیراوی ئێراق و ئێران بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: نەخێر. لای حکومەتی ئێراق دانی بەهەمموو شتێك نابوو و خۆی بەدەستەوە دابوو، وا هەڵوێستەیان دەکرد کەمن ئەندامی پارتی کۆمۆنیستم، هەربۆیە سزا درام. کاتێ لەزیندان بووم هەندێ کەس بۆ سەردانم دەهاتن و پێیان راگەیاندم کە PDK و پارتی کۆمۆنیست و پارتەکانی تریش لەنێو رەوشێکی زەحمەتدان و لاواز بوونە. چونکە خۆبەدەستەوەدان و دان پێدانانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست رەوشی سەراوژێر کردبوو. هەرچەندە رەوشی گشتی بەمجۆرە بوو بەڵام لەڕاستیدا گەلێك بەرخۆدانی مەزن نیشاندرا، کاتێ لەزیندان بوین هەندێ کەسانی تریش لەگەڵماندا بوون، بۆیە لەگەڵ ئەو کەسانە رێککەوتین کە بۆ سەردانمان دەهاتن، دوای دەرکەوتنمان لەزیندان کۆنفرانسێك دەبەستین، دوای ئەوەی لەزیندان دەرکەوتین ئەو کۆنفراسەمان ئەنجامدا، لەکۆنفرانسدا ناڕازی بوون بەرامبەر بەکۆمیتەی ناوەندی کۆن دەرکەوت، لەدەرئەنجامی ئەم ناڕازی بوونانەش کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا. هەروەها بڕیاری ئەوەدرا کە حیساب لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو وەربگیرێ و پرۆگرامێکی نوێ بۆ پارتی پێك بهێنرێ. لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریەشدا پێنج تا دە کەس لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلای کە تائەو کاتە کاری سکرتێری PDK دەکرد لەپارتی جیا بوونەوە، کاتێ هەمزە عەبدوڵلا لە PDK جیا بۆوە گوتی:" لەبەر ئەوەی من وەکیلی مەلا مستەفام، ئەندامێکی راستەقینە و هەمیشەییم ".

لەسەرەتای ساڵی 1953 ناوی کۆنی پارتی " پارتی دیموکراتی کورد " مان گۆڕی و کردمان بە " پارتی دیموکراتی کوردستان " ئامانجیشمان لەم گۆڕانکارییەدا ئەوە بوو لەلایەك نەتەوەپەرستی تەنگ دەرباز بکەین و جەماوەرێکی بەرفراوانتر بگرینە خۆ. لەلایەکی تریشەوە لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لەبۆچوونەکانی ماۆ و ستالین، ئەوەمان راگەیاند کە خاوەنی بۆچوونێکی سۆسیالیستی زانیستین و دەستمان بەتێکۆشان کرد.

خەباتی ئێمەش وەکو پارتەکانی دیکە خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە خۆپیشاندان و رێپێوان ئەنجام بدرێت و بڵاوکراوە بڵاو بکرێنەوە. ئەوکاتە گەلێك لەپارتەکانی ئێراق رێککەوتنیان دەبەست و بەرەیان پێکدەهێنا، بەڵام وەك پارتییەك ئێمە لەنێو هیچ یەکێتی و بەرەیەك پەسند نەدەکراین. چونکە بەچاوێکی کورد و کوردستانی سەیری ئێمەیان دەکرد و بەجوداخواز لەقەڵەمیان دەداین و دەیانگوت: جێگای پارتێکی جوداخواز لەنێو بەرە و یەکێتیەکدا نییە کە ( بەرەیەك بێت لەپێناو یەکێتی ئێراق ). پەیوەندیەکانمان لەگەڵ PDK و پارتی کۆمۆنیست هەندێ جار باش

و هەندێ جاریش خراپ دەبوو، بەمجۆرە بەڕێوە دەچوو. جیاوازی سەرەکی نێوانمان لەسەر ئەوە بوو ئایا مافی کوردان لەمافی چارەی خۆنوسیندا هەیە یان نا، پارتی کۆمۆنیست ئەمەی پەسند نەدەکرد.

لەو قۆناخەدا پارتیمان وەکو قۆتابخانەیەك بوو، ئەوانەی دەهاتن تەڤلی ئێمە بن دوای ئەوەی پەروەردەی سەرەتاییان دەبینی دەچوون تەڤلی پارتی کۆمۆنیست دەبوون، بەڵام لەدوای ساڵی 1953 ئەم رەوشە گۆڕا و ئیتر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستیش وەك ئەندامێکی ئاسایی تەڤلی پارتی ئێمە دەبوون. لەم قۆناخە بەدواوە سەنگینیەکی جولانەوەی کوردی دەرکەوتە مەیدان. هەروەها لەهەمانکاتدا جولانەوەی نەتەوەیی عەرەب پارتی ئێمەی وەك مەترسییەك دەبینی، ئەم رەوشە تاوەکو 14ی تەموزی 1958 بەردەوام بوو.

س. نەتەوەیی: مامۆستا لەم قۆناخەدا بوون بەسکرتێری پارتی؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: هەرچەندە بەشێوەیەکی رەسمی نەبێت بەڵام لەساڵی 51 بەدواوە سکرتێری پارتی بووم، وەلێ بەشێوەکی رەسمی لەکۆنفرانسی 1953 تاوەکو جیابوونەوەی 1964 سکرتێری گشتی پارتی بووم و ئەو ئەرکەم بەڕێوە دەبرد. جیابوونەوە لە 1964 تا 1970 بەردەوام بوو، کاتێ لەیەکتر جیابووینەوە هەردوو لایەنیش هەمان ناوی پارتییان بەکار دەهێنا. بەکورتی لەساڵی 1953 تاوەکو 1970 ئەرکی سکرتێری گشتی پارتیم بەڕێوە دەبرد.

س. نەتەوەیی: کاتێ ئێوە ئەرکی سکرتێری پارتیتان بەڕێوە دەبرد، چ جۆرە گۆڕانکارییەك لەبواری ئایدیۆلۆژییەوە روویدا؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ لەساڵی 1953 لەکۆنفرانسدا پرۆگرامی پارتیمان گۆڕی کۆمۆنیستەکان گوتیان:" ئەوانیش بوون بەکۆمۆنیست "، بەڵام بۆچی دوو پارتی کۆمۆنیست لەوڵاتێکدا دامەزرا؟ دژی ئێمە وەستان و کەوتنە نێو ململانێ، واتە دەیانگوت ئایدیۆلۆژیاکەمان کۆمۆنیستییە.

س. نەتەوەیی: لەو قۆناخەدا رەوشی ئەوانەی گرێدراوی بارزانی بوون چۆن بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەو قۆناخەدا بارزانییەکان لەڕوسیا بوون، نە پەیوەندیەکمان لەگەڵیاندا هەبوو، نە زانیاریەکیشمان لەبارەیانەوە هەبوو، هەتا کەس جێگاکەشی نەدەزانی.

س. نەتەوەیی: هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ بنەماڵە و عەشیرەتیشدا نەبوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەگەڵ هیچ کەسێکدا، نەپەیوەندی لەگەڵ وڵاتەکەیدا و نەلەگەڵ عەشیرەت و بنەماڵەکەشیدا نەیبوو. ئەوکات لەئاسیای ناوین بوون، لەساڵی 1956 ـ 1957 لەمۆسکۆ کۆنفراسێکی جیهانی بۆ لاوان ئەنجامدرا، ئێمەش بەناوی پارتی جەلال تاڵەبانیمان وەك نوێنەرێك نارد، لەکاتی ئەم کۆنفرانسە لەمۆسکۆ لەگەڵ مەلا مستەفا چاویان بەیەکتر کەوتبوو، کە جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە وێنەیەکی مەلاستەفا و دوو نامەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئەو دوو نامەیە یەکێکیان بۆ من، ئەوەی تریشیان بۆ پارتی ناردبوو، بارزانی لەنامەکەیدا داوای لەئێمە دەکرد لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵادا رێککەوین و دووبارە بیگەڕێنینەوە ناو پارتی.

س. نەتەوەیی: ئەوکات هەمزە عەبدوڵڵا بۆ کوێ چوو بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەوکاتەدا هەمزە عەبدوللا مەیلی بەلای کۆمۆنیستەکانەوە بوو.

س. نەتەوەیی: نامەی دووەم چی بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ نامەی دووەمم کردەوە و سەیرم کرد، واقم ورما، کاتێ من گەنج بووم و شێخ مەحمود لەهەندەران بوو موریدەکانی رێپێوانیان دەکرد و داوایان لەئینگلیزەکان دەکرد کە بیگەڕێنەوە. هیچ شتێك لەنامەکەی مەلا مستەفادا نەبوو، بەگوێرەی لۆژیکی موریدی تکای ئەوەی لێدەکردین:" ئەم نامەیە بگەیەنن بەبرام شێخ ئەحمەد " ئەمە وەك مورید بوو، داوای لەمن دەکرد نامەی دووەم بگەیەنم بەشێخ ئەحمەد لەزیندانی شاری بەسرە، لەسەر ئەم بنەمایە کۆمێتەی ناوەندیم کۆکردەوە و کۆبوونەوەیەکمان بەست. گەیشتینە ئەم بۆچوونەی ئەگەر ئەم نامەیە بکەوێتە دەست حکومەت دەیکوژن، مەلا مستەفا تەواو وەك موریدێك نامەکەی نوسیبوو، جا ئەوکاتەی لەو بلاوکراوانەی کە بلاومان دەکردەوە دەمانووسی " بژی ئازادی، بژی کوردستان لەژێر رێبەرایەتی جەنراڵ بارزانی ".

لەو سالانەدا نەتەوە پەرستانی عەرەب لەگەڵماندا کەوتنە نێو پەیوەندییەوە، سالێك پێش بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمموز نەتەوەپەرستانی عەرەب نامەیەکیان بۆ ناردبووم و تێیدا ئاماژەیان بەوە کردبوو، لەحالەتێکدا دژ بەرژێمی شا فەیسەڵ دەست بەخەبات و تێکۆشان بکەن ئەوکاتە جەمال عەبدولناسر بەدانی چەك و تەقەمەنی پشتگیریتان لێدەکات. نەتەوەپەرستانی عەرەب داوایان لێکردم بچمە بەغداد و لەوێشەوە بچمە لای جەمال عەلدولناسر و چاوم پێی بکەوێ، هەمان کەس لەدوای شۆڕشی 14ی تەمموز بوو بە وەزیر. بەلام لەبەر ئەوەی بڕیاری دادگا لەسەر من هەبوو نەمدەتوانی خاکی ئێراق بەجێ بێلم و دەرفەتی ئەوەم نەبوو بچمە دەرەوە. هەربۆیە تکام لەوەزیری ناوخۆ کرد ( کە بەخۆی کورد بوو )، بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی دوکتۆر کە بەدەستمەوە بوو تووشی نەخۆشیەك هاتبووم کە نزیکی شێرپەنجەیە. داواکاری ئەوەم کرد کە بەئامانجی چارەسەری پاسەپۆرتم بدەنێ و دەرفەتی ئەوەم بدەنێ بچمە دەرەوەی ولات، وەزیری ناوخۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا پێی راگەیاندم کە بۆ ماوەی دوو مانگ ئارام بگرم، هەروەکو ئەوە وابوو کە دوای دوو مانگ بێ پاسەپۆرت و بێ دەرفەت وەرگرتن دەتوانم بچمە دەرەوە. شیمانەی دووەمیشی پێی گوتم لەوانەیە هیچ کاتێك نەتوانی لەئێراق بچیتە دەرەوە، دوای مانگێك دەرکەوت لەرێگای ئوردنەوە دەخوازن ئەرتەشی ئێراق بنێرنە بەیروت و بەیروت بخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە، پیلان ئەمە بوو، بەلام ئەو ئەرتەشەی سازدرا بوو بچێت بەیروت بگرێ، رووی لەبەغداد کرد و رژێمی پاشایەتی رووخاند و شۆڕشی 14ی تەموزی ئەنجامدا.

## لەدوای شۆڕشی 14ی تەمموز
## دەرفەتێکی گرنگ بۆ باشووری کوردستان رەخسا

س. نەتەوەیی: بەشێوەیەکی سەرەکی کێ بوون ئەوانەی ئەم شۆڕشەیان ئەنجامدا؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: فەرمانده و سەربازە نەتەوەپەرست و ئاشتیخواز و ئازادیخوازەکان بوون.

س. نەتەوەیی: کوردیش لەناویاندا هەبوون؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بەڵێ کوردیش هەبوون، نامەیەکم بۆ ئەم حکومەتە شۆڕشگێڕییە نووسی کە دوای ئەنجامدانی شۆڕش پێکهات، تیایدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە پشتگیری لەدەسەڵاتێکی دیموکراسی دەکەین کە هاوپەیمانێتی بەغداد رەت بکاتەوە و لەسەر بنەمای یەکسانی تەواوی گەلانی ئێراق بەرێوە بچێت. دوای دوو رۆژ نوسینگەی ( کارگێری ) سیاسیمان کۆبۆوە و بریاری ئەوەی دا کە شاندێك پێکبێت، بچێتە بەغداد و لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا چاوپێکەوتن ساز بدات. شاند لەمن و ئەندامی مەکتەبی سیاسی عەلی عەبدوڵڵا پێکهاتبوو. یەکەم داخوازی و مەرجمان بۆ حکومەتی شۆڕش ئەوە بوو: گەڕانەوەی بارزانی، ئازادکردنی شێخ ئەحمەد و گیراوەکان، ئەوەبوو شێخ ئەحمەد ئازاد کراو لەبەغداد نیشتە جێکرا. مەلا مستەفاش لەو شوێنەی کە لێی بوو بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ رێبەری شۆڕش نارد و ئاماژەی بەوە کردبوو کە دەخوازێ بگەڕێتەوە ئێراق.

من و نوری ئەحمەد تەنیا بەپاسەپۆرتێکی ساختە چووینە " براغ "ی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا، پاسەپۆرت ساختە بوو ئەمەش داخوازی حکومەتی ئێراق بوو، چونکە پێش ئەوەی بچینە دەرەوە و کاتێ سەردانی وەزارەتی ناوخۆمان کرد، ئاماژەم بەوە کرد کە داخوازی و ئۆمێدم ئەوەیە کە لەنێو دەستوردا لەسەر بنەمای هاوبەشێتی کورد و عەرەب لەسەر ئەم خاکەدا مافەکانی کوردان بکەوێتە ژێر گەرەنتیەوە. پێش ئەوەی بەغداد بەجێبێڵین خاڵێکی تر کە دەمخواست بیڵێم ئەوە بوو: کە بە هاوڕێیان بڵێم بۆ ئەوەی خۆپیشاندان و رێپێوان لەکوردستان ئەنجام بدەن، چونکە لەدەستوردا تەنیا باس لەبرایەتی کورد و عەرەب دەکرا، پێویست بوو کوردان هەندێ ماف بەدەست بێنن، هەروەها سەبارەت بە بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆکوردان لەچوارچێوەی دەستوردا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەو پارتانە ئەنجامدا کە جێگای خۆیان لەنێو شۆڕشدا گرتبوو، بەڵام هیچ یەکێك لەم پارتیانە ئەم داواکارییەی ئێمەیان پەسند نەکرد، وەزیری ناوخۆ پێیگوتم: " کاتێ لەگەڵ مەلا مستەفا گەڕانەوە، لەرێگای تورکیاوە نەیەن، بەڵکو بەرێگای میسرەوە بگەڕێنەوە، هەروەها لەگەڵ جەمال عەبدولناسر چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن و داواکارییەکانتان لەو بخوازن، ئەگەر بێتو ناسر مافەکانتان پەسند بکات، ئێمەش پەسندی دەکەین "، چوینە براغ و کاتێ خواستمان لەگەڵ مەلا مستەفادا بگەڕێینەوە بەرپرسیار و کاربەدەستانی سۆڤیەتی پێیان راگەیاندین کە پێویستە لەرێگای تورکیاوە بگەڕێینەوە چونکە ئەگەر وانەبێ شیمانەی ئەوە هەیە تورکەکان فرۆکەکە بخەنە خوارەوە.

لەدواییدا گەیشتینە میسر و چووینە کۆنسلۆسی ئێراق لەمیسر و ئاگادارمان کردنەوە سەبارەت بەگەیشتنمان بۆ میسر ئەوانیش لەوەلآمدا پێیان گوتین " میوانی دەوڵەتن " دوایی جەمال عەبدولناسر پێشوازی لێکردین، لەو چاوپێکەوتنەدا باسی ماف و رەوشی کوردانمان بۆ ناسر کرد. هیچ ناڕازی بوونی بەرامبەر قسەکانمان نیشان نەدا، بەڵام کاتێ ئێمە لەبەغداد جیابووینەوە لەدەرئەنجامی هەندێ جموجۆڵەوە نێوانی ئێراق و میسر باش نەبوو و تێکچوو بوو.

رۆژێکیان لەگەڵ نوێنەری کۆنسلۆسێکدا دانیشتبووین، ئەو هاوڕێیەی لەگەڵمدا دەگەڕا، هاتە لام و پێیگوتم کە نوێنەری کۆنسلۆسی تورکیا زۆر تووڕەیە و دەخوازێ چاوی پێت بکەوێ، لەوەلآمدا پێیم گوت هیچ بەڵێن و گفتێکمان بەیەکتری نەداوە، ئەگەر چاوەڕوانی بکەی دەتوانین یەکتری ببینین. لەناکاو کۆنسلۆسی تورکیا هاتە ژورەوە، هات لەپێش من وەستا و بەدووردۆنگی سکالآنامەیەکی ناڕەزایی پێشکەش کردم، بەزاریش پێی گوتم:" بەناوی دەوڵەت لەبەر ئەوەی دەستتان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکەم وەرداوە شەرمەزارتان دەکەم "، منیش پێم گوت:" ئەو مەسەلە ناوخۆییە چییە کە ئێمە دەستمان تێوەرداوە؟ " لەوەلآمدا پێی گوتم:" مەسەلەی کوردە "، منیش پرسیارم لێکرد: پەیوەندی ئێمە بەمەسەلەی کوردەوە چییە؟ وەکوتریش دەستمان تێوەرنەداوە. پرسیارم لێکرد: لەولآتی ئێوەدا کورد هەیە؟ لەوەلآمدا گوتی:" نەخێر ". منیش پێم گوت: لەتەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکاندا تەنیا یەك ووشەی کوردیم بۆ بێنە، کە لەنێو دەوڵەتی ئێوەدا گوترابێ و گوزارشتی لێکرابێ، ئەو کاتە دەزانم کە دەستمان لەکاری نێوخۆتان وەرداوە یان نا. لەئەنجامی ئەم وەلآمەدا کۆنسلۆسی تورکیا تووڕە بوو و بۆی دەرچوو و جارێکیتر یەکتریمان نەبینیەوە. بۆچی تورکەکان مەسەلەی کوردان بەتایبەتیش باکووری کوردستان زۆر گرنگ دەبینن؟ پێش هەر شتێك دەوڵەتی تورك بەرامبەر بەنەتەوەی کورد خاوەنی سیاسەتێکی توند و نکوڵیکردنە، هەروەها دەوڵەتی تورك تەنیا دوژمنی کوردەکانی باکووری کوردستان نییە، بەڵکو دوژمنی کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانە.

لەڕاستیدا تاکە دوژمنی سەرەکی نەتەوەی کورد کۆماری تورکیایە، چونکە تاوەکو ئێستا کۆماری تورکیا دانی بەناسنامەی کورد نەناوە و هەتا ناوەکەشی پەسند نەکردووە. هەربۆیە پێویستە هەر وڵاتپارێزێکی کورد دوژمنی راستەقینەی خۆی بناسێ و بزانێ. ئەگەر بێتو کوردەکانی باکووری کوردستان مافەکانیان بەدەست نەهێنن: لەهەر پارچەیەکی تری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێ و هەموو جیهان پشتگیری لێبکات، ئەگەر بێتو کێشەی کورد لەباکووری کوردستان چارەسەر نەبێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کە ئاواش بکرێت مسۆگەر دەڕوخێ. چونکە دەوڵەتەکانی تر بەڕادەیەکی کەمیش بێت ناسنامەی کوردیان پەسندکردووە. بۆیە پێویستە هەرکوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف نەك تەنیا پشتگیری لەم جولانەوەیە بکات، بەڵکو پێویستە لەژێر رێبەرایەتی جولانەوەی هاوچەرخی گەلی کورد PKK و رێبەرایەتی سەرۆکی هێژا عەبدوڵلآ ئۆجەلان بەرێوە بچێت و خەبات بکات. سەرکەوتنی جولانەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان لەباکووری کوردستانەو بەدەستی کوردەکانی باکووری کوردستانەوەیە.

س. نەتەوەیی: دەتوانن هەڵسەنگاندنی خۆتان تا 70کان بەردەوام بکەن.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: دوای ئەوەی من هەڤالان و سەرۆکی خۆم بینی بووم بەیەکێك لەئێوە، واتە بووم بەئەندامی پارتیەکەتان، نەك وەك یەکێکی 80 ساڵی بەڵکو هەست دەکەم گەنجم، دەتوانین بەسەعات گفتوگۆ بکەین، ئێوە خوێنی خۆتان ئەڕژێنن و فیداکاری دەکەن، منیش بەگوێرەی رەوشی خۆم فیداکاری دەکەم.

س. نەتەوەیی: ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی رێبازی مەزن بکات، ئەو ئامانجە هەرچەندە سەختیش بێت، مرۆڤ بێزار و تەنگ نابێ.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەبەر ئەوەی ئەو کار و خەباتەی ئەنجامتان داوە ئۆمێد و خەیاڵەکانم بەدی دێنێ هەست دەکەم وەك تازە خوێن گەرمێك گەنجم.

س. نەتەوەیی: ئامانجتان کوردستانێکی ئازاد بوو، هەرلەم پێناوەشدا دوای ساڵی 1947 و پێش ئەو کاتەش کار و خەباتێکی گرنگتان بەڕێوە برد، بێگومان هەمووی لەپێناو کوردستانێکی ئازاد بوو، ئێستا دەبینین کە PKK هەم بۆتە دەرگا و هەم بۆتە کلیلی کوردستان، PKK خودی گەلی کوردستانە، مامۆستا هاوار و هەڤالانیش ئەم راستییە باش دەزانن.

ئێمە تەنیا چەند هەنگاوێکمان هاوێشتووە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە مەزنایەتی PKK لەکوێوەدێ؟ هاوێشتنی هەنگاوێکی بچووك لەباکووری کوردستان بۆ تەواوی کوردستان مانای سەرکەوتن و هەنگاوی مەزن دەبەخشێ. ئەنجامدانی یەك هەنگاوی پێشکەوتن لەباکووری کوردستان، بەواتای هاوێشتنی هەزاران هەنگاوی پێشکەوتن دێ لەباشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە هەنگاوەکانی PKK هێندە بەکاریگەر و گرنگن، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە قەڵەمبازە شۆڕشگێڕییە مەزنەکانی باکووری کوردستان وایکردووە کۆماری تورکیا جگە لەکوردەکانی باکووری کوردستان، ئامادە بێت یارمەتی کوردەکانی تەواوی پارچەکانی تر بدات، هەربۆیە تاڕادەیەك ئەم حکومەتە فیدراڵیەی باشووری کوردستانی پەسند کرد. ئەمەش خاڵێکی گرنگە. کۆماری تورکیا شەڕێکی تایبەت و مەزن لەسەر شۆڕشی باکوور بەڕێوە دەبات، ئەگەر شۆڕشەکەمان لەباکووری کوردستان سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوا باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن بەدەوڵەت، هەربۆیە گەر ئەم پارچانە بخوازن ببن بەدەوڵەت ناچارن هاریکاری و پشتگیری شۆڕشی باکوور بکەن، لەحاڵی حازردا ئەو شەڕەی لەباشووری کوردستان بەڕێوەی دەبەین لەهەمان کاتدا لەپێناو شۆڕشی باکوورە، لەڕاستیدا دەست تێوەردان نییە بۆ نێو باشووری کوردستان، ئەگەر شۆڕشی باکووری کوردستان بەهێز بکەین، کێشەی باشووری کوردستانیش بەچارەسەری دەگات.

گەیشتینە مێژووی شەستەکان واتە سەرەتای شۆڕش. لەدوای شۆڕشی 14ی تەمموز دەرفەتێکی گرنگ بۆ باشووری کوردستان رەخسا، هەروەکو چۆن لەمێژوودا کێشەی کورد بەچارەسەری نەگەیشت، سەختتر و ئاستەم و گرانتر بوو. نەخۆشیەکانی لەگەڵ جولانەوەی 61 وە هاتن لەدەسکەوتەکانیەوە زیاترن، لێرەدا خراپەکاریەکانی ئەو یاخیبوونەی سەریهەڵدا گەلێك لەلایەنە باشەکانی زیاترن، بێگومان هۆکاری ئەمەش دیسان سەرۆکایەتییە، چونکە گەلێك تاکتیکی چەوت جێگای باسن، لەئەنجامیشدا دیکتاتۆریەت لەئێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست و زاڵ بوو، جولانەوەی کوردانیش زۆر لاواز بوو، ئەم لاوازییە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە، لەم چوارچێوەیەشدا زیانی بەتەواوی کوردستان گەیاند. دیکتاتۆریەت بەسەر جولانەوەی کورددا باڵادەست بوو، لەئێراقیشدا دیکتاتۆریەت پێشکەوت، ئەم دوو دیکتاتۆریەتەش بەشێوەیەکی زۆر

خراپەکارانە یارییان بەکوردان کرد، لەئەنجامی پشتگیری دەرەوەش بۆ ئەم دیکتاتۆریەتانە نەتەوەی کورد زیانی زۆر مەزنی بەرکەوت. ئەو زیانەی لەو 4 ـ 5 ساڵەدا دەرکەوتە مەیدان زۆر لەو زیانە مەزنترە کە لەماوەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی بەکوردستان گەیشتووە. لەماوەی نێوان ساڵانی 45 ـ 60 نەتەوەی کورد بەقۆناخێکی بەمجۆرەدا دەرباز بووە. لە 60 کان بەدواوە بەتەواوی تەنگەتاو بوون لەکوردستان هاتە ئاراوە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش لەم ساڵانەدا خەباتی کرد.

بۆ چی ئەمە روویدا؟ هەڵە چی بوو؟ بژاری راست کامە بوو؟ سەرۆکایەتی و پارتی بۆرژوازی کورد لەچ رەوشێکدا بوون؟ لەئەنجامدا بۆچی ئەم دیکتاتۆریەتە لەئێراقدا پێشکەوت و جولانەوەی کورد لەنێو چوو؟ بۆچی ئەم نەخۆشیەی سەرۆکایەتی کورد تائێستاکە بەردەوامە؟

## شۆڕشی کوردستان شۆڕشی مێژوو و ژیانە

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا جولانەوەی کورد و کێشەی کورد نەك تەنیا لەباشووری کوردستان، بەڵکو لەتەواوی پارچەکانی کوردستان بووە یەکێك لەکێشەکانی قۆناخ. لەبەر ئەوەی یەکێك بوو لەکێشە سەرەکیەکان پێویستی لەسەر راوەستاندنی دەرکەوتە روو. تەنانەت دەوڵەتە جیهانیەکان و دەوڵەتانی ناوچە ئەوانەی کە لەگەڵ ئێراق لەنێو پەیوەندیدا بوون و کۆنسلۆسیان هەبوو، بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەندییان بەجولانەوەی کوردەوە نیشاندەدا، لەهەمانکاتیشدا PDK یان وەك جولانەوەیەکی سیاسی و نوێنەری نەتەوەیەك پەسند دەکرد.

حکومەتی ئێراق بۆ جاری یەکەم دانی بەوە دانا کە کورد و عەرەب لەنێو خاکی ئێراقدا هەن، هەروەها PDK شی وەك پارتێکی سیاسی کوردان پەسند کرد. هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم لەبەغداد رۆژنامەیەکمان وەك ئۆرگانی PDK بەناوی خەبات دەرکرد. لەم رۆژنامەیەدا نووسینی سەبارەت بەکوردەکانی ئێران و تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا و ئازاد دەنوسرا، هەربۆیە ئاستی ئەو ئازادییەی کە جولانەوەی کورد لەئێراقدا پێی گەیشت و زیان بەخشینی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم بەداگیرکەرانی ناوچە و دەوڵەتە عەرەبیەکان بوونە هۆکاری ئەوەی ئەم دەوڵەتانە دژ بەشۆڕشی عەبدولکەریم قاسم هەڵوێست وەرگرن. ئەم دەوڵەتانەی کە ئاماژەمان پێکردن لەرێگای کورد و عەرەبەکان پەنایان بردەبەر هۆنینەوەی پیلان و گەمە. هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە لەسەردەمی مەلیك فەیسەڵ دا خاوەن بەرژەوەندی بوون و دوایی ئەم بەرژەوەندییەیان لەئارادا نەما و تێکچوو، لەرێگای پشتبەستن بەهەندێ خێڵی کورد و عەرەب دەیانخواست دیسان رژێمی پادشایەتی بهێننەوە سەر دەسەڵات. چونکە بەرژەوەندی ئەم دەوروبەرە لەرێگای عەبدولکەریم قاسمەوە بەدی نەدەهات، ئەم ئۆپۆزسیۆنەش سەرەڕای دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەلایەن ئەمریکاشەوە پشتگیریان لێدەکرا. بەمجۆرە ئەمریکا نەخشەی کودەتایەکی دژبەعەبدولکەریم قاسم دانا کە لەموسڵەوە دەستی پێکرد و وردە وردە هەموو ئێراقی دەگرتەوە، ئەم کودەتایە بەرلەوەی بکەوێتە نێو جموجۆڵەوە پەیوەندیان لەگەڵ کوردان بەست. هەروەها لەگەڵ PDK ش کەوتنە نێو پەیوەندی و پێیان گوتن " بەهەموو شێوەیەکی ماددی ـ مەعنەوەی و بەشێوەیەکی چەکداری پشتگیری لەهەر هەوڵێك دەکەین کە

پارتی ئێوه دژ بەرژێمی قاسم ئەنجامی بدات ". هەتا گوتیان دۆستان و ئەندامەكانتان رەوانەی لوبنان دەكەین تاوەكو لای كەتائیب ( جولانەوەیەكی مەسیحی ـ پاشڤەڕۆی لوبنانە ) مەشق ببینن و پەروەردە بكرێن و هەروەها چەكداریشیان دەكەین. دەیانخواست ئێمەش دژ بەقاسم بكەوینە نێو جموجۆڵەوە. هەروەكو چۆن ئێمە ئەوەمان پەسند نەكرد، چووین ئەم پیلانەمان بەعەبدولكەریم قاسم راگەیاند. مسۆگەر ئەم پیلانە تەنیا دژ بەقاسم نەبوو، بەڵكو لەهەمانكاتدا دژی جولانەوەی كوردانیش بوو.

خێڵ و عەشیرەتە كوردەكان بەردەوامییان بەدژایەتی كردنی قاسم دا. بەرامبەر بەو كودەتایەی لەموسڵ بەناوی شەواف بەڕێوە چوو PDK و گەلی كورد پشتگیرییان لەقاسم كرد، دوای ئەوەی رەوش و هەلومەرج كەمێك گۆڕا قاسم رێگای بەوەدا كە پارتی سیاسی لەئێراقدا ئاوابكرێ. ئێمە لەوانە بووین كە لەسەرەتاوە لەنێو هەوڵ و تێكۆشانی ئەوەدا بووین، بۆ ئەوەی PDK بەشێوەیەكی رەسمی ئاوابێ و چالاكی ئەنجام بدات، هەربۆیە سەرمان لەدامودەزگاكاندا. حكومەتی ئێراق ئەم داواكارییەی ئێمەی رەتكردەوە و پێیان گوتین كە شاندێكی كۆمیتەی ناوەندی بچێ سەردانی قاسم بكات. لێرەدا شاندێكمان بەسەرۆكایەتی بارزانی و چەند ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی پێكهێنا، منیش جێگای خۆم تێدا گرت، حكومەتی ئێراق ناڕازی بوونی خۆی بەرامبەر بەهەندێ بەشی پرۆگرامی پارتیەكەمان نیشاندا بوو، لەپرۆگرامدا رستەیەكی بەمجۆرە دەرباز دەبوو " چۆن هەر عەرەبێك بێتە ئێراق دەتوانێ ناسنامەی هاووڵاتیەتی بەدەست بێنێ، ئەوا هەركوردێكیش بێتە ئێراق پێویستە ناسنامەی ئێراقی وەرگرێت ". خاڵی دووەمی كە پەسندیان نەكردبوو دەگوترا " ئێمە وەك PDK لەرێگای خەباتی دیپلۆماسی مافی تەواوی كوردەكانی پارچەكانی تری كوردستان دەپارێزین " وەك پارتییەك داواكاریەكی ترمان ئەوە بوو حكومەت بەشێوەیەكی فەرمی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردان پەسند بكات. قاسم بەخۆی ناوی پارتی پەسند نەكرد و داوای لێكردین بەناوی باشووری كوردستانەوە بێت، بەڵام ئێمە هیچ هۆكارێكمان نەدەبینی تاوەكو ناوی پارت بگۆڕین، دوای گفتوگۆیەكی درێژ قاسم پێی راگەیاندین: " بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی كە لەپرۆگرامدا دەستنیشانتان كردووە ئازادن لەچۆنێتی بەڕێوەبردنی كاروخەبات، بەڵام نابێ لەدەرەوەی یاسا و دەستوردا بجولێنەوە و هەڵسوكەوت بكەن ".

بەمجۆرەش رێگای بەوەدا كە پارتەكەمان ببێتە پارتێكی یاسایی و، بۆ یەكەمجار لەمەترۆپۆلێكی دەوڵەتی داگیركەردا یەكەمین كۆبوونەوەمان ئەنجامدا، ئەوكات مەلا مستەفا لەناوچەی بارزان بوو. هەرچەندە داوامان لێكرد تەڤلی ئەم كۆنفرانسەمان بێت بەڵام پەسندی نەكرد، وەزیری بەرگری ئێراق داوای لێكردین درێژە بەكۆنفرانسی خۆمان بدەین، ئەوەی ئەم هەواڵەی بۆئێمە هێنا وەزیرێكی كورد بوو. بەڵام لەجیاتی ئەوەی فەرمانی عەبدولكەریم قاسم جێبەجێ بكەین وەفدێكمان پێكهێنا و رەوانەی لای بارزانیمان كرد، هەوڵماندا بارزانی رازی بكەین تاوەكو بەشداری لەكۆنفرانسدا بكات، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایانەمان تەنیا بەشداری دانیشتنی كۆتایی كۆنفرانسەكە بوو، لەم دانیشتنەشدا هەڵبژاردنەكانی كۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسی ئەنجامدەدرا. كاتێ داوامان لێكرد گوتەیەك پێشكەش بكات بەشێوازێكی زۆر ناشیرین گوتی: " من خۆم داناخەمە ئەو ئاستەی ببمە سەرۆكی ئەم پارتییە، پێم دەڵێن سەرۆكی پارتی بەڵام جنێوتان پێدابووام زۆر لەمە باشتر بوو ".بەمجۆرە پارتی بێ واتا بوو، ئەم ئاخافتنەش كۆبوونەوەكەمانی بۆ كاتێكی تر دواخست.

**له9ی مایس بەبۆنەی یادی رۆژی دامەزراندنی چیکۆسلۆفاکیا وەك مەکتەبی سیاسی سەردانی کۆنسلۆسی چیك مان کرد، عەبدولکەریم قاسم هاتە لام و بەئاشکرا پێی گوتم " لەم کۆنفرانسەی ئەنجامتان داوە بەتەواوەتی پشتگیری لەو رێبازە دەکەین کە تۆ دەیپارێزی، دەزانین چیتان گوتووە " هەروەها ژمارەی تەلەفۆنی نهێنی و ئاشکرای خۆی پێ بەخشیم و پێی راگەیاندم " هەرکاتێك بخوازی دەتوانی قسەم لەگەڵدا بکەی " من بەشێوەیەکی واقی ورِو سەرسورِما و پێشوازیم لەگوتەکانی عەبدولکەریم قاسم کرد و، راوێژم لەگەڵ ئەوانەی دەروبەرم کرد و پێم گوتن بەیانی کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەین، چونکە ئێوارەی هەمان رۆژ هەندێ لەهەڤالانمان دەیانخواست بچنە بادینان.**

**هێندەی لەعەبدولکەریم قاسم تێگەیشتم ئەو تەکتیکەی بەسەر پارتەکانی تردا پەیرِەوی کرد و ئەو دەسکەوت و ملکەچییەی لەوانی بەدەست هێنا دەیخواست بەسەر ئێمەشیدا پەیرِەوی بکات، قاسم یەکێکی زۆر تێگەیشتوو و زیرەك بوو، بەتایبەتیش لەچۆنیەتی لەنێوبردنی پارتیەکاندا کارامە و وەستا بوو، بۆ نموونە پارتی کۆمۆنیستی کرد بەدوو پارچە و یەکێکیانی بەخۆیەوە گرێدا. لەم مەسەلانەوە سیاسەتمەدارێکی وەستا بوو. دەیخواست تەکتیکێکی بەمجۆرە بەرامبەر بەئێمەش پەیرِەو بکات، واتە دەیخواست ئێمەش بکات بەدوو پارچە. هەوڵەکانمان بۆ پاراستنی یەکێتی پارتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام رەوشێکی جیاوازتر بەردەوام لەنێو رۆژەڤدا دەمایەوە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی لەنێو پارتیدا نەبوو، بۆ ئەوەی پارتی پارچە نەبێت بەناچاری هەندێ شتمان پەسند دەکرد، هەندێکیشمان دژبەم هەڵوێستە دەوەستاین و لەم بیروبۆچوونەدا بووین کە کارێکی دیموکراسیانە نییە.**

**مەلا مستەفا کەسانێکی هەڵبژارد و دەیخواست لەنێو کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان جێگەیان پێبدات، بەڵام دژبەمە هەڵوێست نیشاندرا و ئەم کەسانە دەرکران، چونکە ئەمانە کەسانێك نەبوون بتوانن ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان و توانای راپەراندنی ئەم کارەیان نەبوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کەمەلا مستەفا پەیوەندی بەو خێڵ و عەشیرەتانەوە بەستووە کە دژایەتی عەبدولکەریم قاسم دەکەن و پشتگیریان لێدەکات، من پرسیاری ئەم رەوشەم کرد و خواستم چاوم بەمەلا مستەفا بکەوێ، چونکە دەمخواست تێبگەم ئایا ئەم بانگەشانە راستن یان نا؟ مەلا مستەفا گوتی:" ئەم رەوشە لەقازانجی ئێمەدایە و پێویستە ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە " هۆکاری ئەوەم لێپرسی و پێم گوت: بۆچی پشتگیری لێدەکەیت؟ بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:" عەبدولکەریم قاسم باوەر بەسەربازەکانی ناکات، دەترسێ کە ئەوچەکانەی بەسەربازەکانی داوە دژبەو بەکاربهێنرێ بەمجۆرە بەپشتبەستن بەعەشیرەتە رکەبەرەکان هەرِەشە لەعەبدولکەریم قاسم دەکەین و دەتوانین بۆ کوردان هەندێ دان پێدانان و دەسکەوت لەعەبدولکەریم قاسم بسەنین "، منیش گوتم: نەعەرەبەکان و نەسوپای ئێراقیش عەبدولکەریم قاسمیان خۆش گەرەك نییە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەرِێتەوە کە ئەندێشەی ئەوە دەکەن عەبدولکەریم قاسم ئێراق پارچە بکات، چونکە یەکەمجارە ئێراق لەئاستی سەرۆك کۆمار بەشێوەیەکی فەرمی باس لەمافەکانی نەتەوەی کورد دەکات. هەروەها بەبارزانیم گوت: شێخ و میرە عەرەبەکان تادوایی ئامادەن ئەم چەکە دژبەکوردان بەکار بێنن، واتە دەخوازن دوو ئامانج بەگوللەیەك بپێکن، ئەوان کوردان وەك دوژمنی سەرەکی دەبینن و دەخوازن لەنێومان ببەن، چونکە باش دەیانزانی کەعەبدولکەریم قاسم لەکوردان بەخاوەن دەرکەوتووە و هەروەها لەنێو حکومەتەکەی خۆیدا جێگەی بەکوردان بەخشیوە و**

ئەرکی پێدان و و، کوردەکان پشتگیری لەعەبدولکەریم قاسم دەکەن، مەلا مستەفا ئەم بیروبۆچوونانەی پەسند نەکرد، لەڕاستیدا ئەم تێڕوانیانە هی من نەبوون بەڵکو تێڕوانینی پارتی بوون.

دوای ئەوە دیسان مەلا مستەفا گەڕایەوە ناوچەی بارزان، پەیوەندی خۆی لەگەڵ عەشیرەتە رکەبەرەکانی دژبەقاسم پێشخست و ئامادەکاری بۆ ( تێکۆشان ) دەستپێکرد. ئێمە دیسان لەلایەن پارتی کۆمۆنیست و هەندێ پارتی ترەوە کەوتینە نێو هەوڵ و تەقەلادان، بەتایبەتی داوای ئەوەمان دەکرد کە بۆ بەدەست هێنانی ئەو مافانەی بۆ کوردان دانی پێنراوە و بڕیاری لەسەر دراوە هەندێ هەنگاوی پراکتیکی بهاوێژرێ، هەروەها کەوتینە نێو دژە هەوڵدانێك بەرامبەر بەوانەی رکەبەرایەتی گەلی کورد و مافەکانیان دەکرد، لەکۆمیتەی ناوەندیدا تەنیا بەتەڤلی نەبوونی دوو کەس بەپەسندکردنی تێکڕای ئەندامان بڕیاری ئەوەماندا دژبەعەبدولکەریم قاسم شەڕ نەکرێت، گوتمان:" شەڕکردن دژبەقاسم، بەمانای رەتکردنەوەی ئەو مافانە دێت کەبۆ گەلی کورد دانی پێنراوە ". هەروەها ئەوەمان راگەیاند کە " بەبەرپابوونی شەڕ بەرامبەر بەعەبدولکەریم قاسم، کۆسپ دەخەینە پێش پێکهاتن و رەخساندنی زەمینەیەوە و هەلومەرجەی دەخوازرێ بۆدیموکراسی و ئازادی بڕەخسێنرێ " کە لەرێگای شەڕ و ئازادی و دیموکراسی بەدەست دەهێنرێ، بەلام کاتێ عەبدولکەریم قاسم مەرجەکانمان جێبەجێ نەکات ئەوکاتە شەڕ دەکەین. گوتمان:" داوا دەکەین دیموکراسی پەیڕەو بکات، ئەگەر دژبەعەشیرەتی بارزان شەڕ جاڕبدات، وەلام دەدەینەوە" بۆ پەسندکردنی ئەم بڕیارەمان، لەچوارچێوەی نامەیەکدا بۆ مەلا مستەفامان رەوانەکرد، ئەویش پەسندی کرد، تەنێ یەك خاڵی پەسند نەکرد، ئەویش مەسەلەی پاراستنی عەشیرەتێکی تر بوو.

ئەو کەسەی نامەکەی بۆ مەلا مستەفا بردبوو دەخوازێ بچێتە لای عەشیرەتەکانی تر و مژدەیان بداتێ، بەلام رێکەوتێکی مەزن کۆبوونەوەیەك لە ماڵی ئەم سەرۆك عەشیرەتە هەیە، تەواوی سەرۆك عەشیرەتەکان لەوێن، ئەویش دەخوازێ بڕیاری مەلا مستەفایان پێ رابگەیەنێ، بەسەرۆك عەشیرەتەکە دەڵێ مەلا مستەفا پەیامێکی بۆ تۆ ناردووە، پەیامەکەی دەداتێ، سەرۆك عەشیرەتەکە نامەیەك دەردەخات و دەیدات بەو هەڤاڵەمان کەوا نامەکەی ئێمەی بردبوو. مەلا مستەفا لەم نامەیەدا ئەمەی بۆ سەرۆك عەشیرەتەکان نووسیبوو " هیچ کاتێك باوەڕی و متمانە بەهەڤالانی پارتیم مەکەن، گوێ بەمەسەلەکانی پارتی مەدەن، درێژە بەکاری خۆتان بدەن، خوا لەگەڵتانە ". لێرەدا ئەو ئەنجامە دەردەکەوێتە روو: ئەم جولانەوەی دژبەعەبدولکەریم قاسم سەریهەڵدا هەم دەستی دەرەوەی تێدا هەیە و پشتگیری لێدەکرێ، هەم لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکاندایە. ئەوانەش لەبەرژەوندی تەسکی کەسێتی بەمەلاوە بیر لەشتێکی تر ناکەنەوە.

دیسان ئێمە خواستمان ئەم رەوشە هەڵسەنگێنین، وەك هەنگاوی یەکەمین خواستمان گرانی جولانەوە لەشاخ و گوندەکانەوە بۆشارەکان بگوازێنەوە. هەربۆیە بیرمان لەوە کردەوە بۆیادکردنەوەی ساڵوەگەڕی کوشتنی 50 کوردەکەی 6ی ئەیلولی 1962 خۆپیشاندانێك ئەنجام بدەین، ئەم رێپێوانەمان بەسەرکەوتنێکی مێژوویی ئەنجامدرا، بۆهەڵسەنگاندنی ئەو رەوشەی لەئارادایە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەیەکی داو کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا، لەم قۆناخەدا رژێمی قاسم هەندێ کاری ئەنجامدا کە شیاو و لەجێگای خۆیدا نەبوو، کاتێ لەلایەك شێخ و ئاغاکان دژایەتی قاسمیان دەکرد، هەندێ کرێکار و جوتیارانیش دژبەقاسم جێگایان گرت، کاتێ ئەم رەوشەمان بینی گفتوگۆمان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی

ئێراق و پارتەکانی تر سازدا، پێمان ڕاگەیاندن کە پێویستە بەرامبەر بەدەرکەوتنی هەر ڕەوشێکی لەناکاو ئامادەبین و پێشەنگایەتی بۆ کۆمەڵگا بکەین. بەداخەوە هیچ کەسێك وەڵامی پێویستی نەداینەوە و هەوڵ و تەقەلاکانمان مایە پووچ بوو.

هەروەها سەبارەت بەمافەکانی گەلی کورد نامەیەکمان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، هەروەکو چۆن قاسم لەم لایەنەوە هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت، بەقەدەخەکردنی پارتیمان هەنگاوێکی دژبە دیموکراسی هاوێشت، تەنانەت هەندێ گرتنیش ڕوویدا. منیش ناچار بووم ئەو ماوەیە خۆم بشارمەوە، چونکە کاردانەوەی قاسم دژبەمن هەبوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد دەستم لەکوشتنی دۆستێکی ئەو هەیە کە سەربەعەشیرەتی خۆشناو بوو لەسەردەمی پاشایەتیدا کوژرا. بۆ داخستنی ڕۆژنامەی خەباتیش بڕیار وەرگیرابوو. هەربۆیە بەناچاری خۆم شاردەوە. لەم کەین و بەینەدا گەڕامەوە سلێمانی تاوەکو بەشداری لەوکۆنگرەیە بکەم کە پێشتر باسمان لێوەکرد. ئەو ڕۆژەی کە گەیشتمە سلێمانی عەبدولکەریم قاسم شاری بۆردومان دەکرد، لەهەمانکاتدا فڕۆکەکانی ئێراق بەیاننامەیان بڵاودەکردەوە. لەبڵاوکراوەکە ئەوە ڕاگەیەنرا بوو کە " ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا مستەفا دژی حکومەتی ئێراقن "، ئێمەش هەندێ لەهەڤاڵانمان نارد، دەمانخواست لەمەلا مستەفاوە تێبگەین ئەوەی قاسم دەیڵێ ڕاستە یان نا؟ لەیەکەم شەڕو پێکدادانی نێوان هێزەکانی قاسم و ئەو عەشیرەتە کوردانەی لەدەرەوە ئاراستە دەکران، هێزە خێڵەکیەکان بەرخۆدانیان نەکرد و لەگۆڕەپانی شەڕ ڕایان کرد، کاتێ قاسم بینی ئەم خێڵ و عەشیرەتانە شەڕناکەن گوندی بارزانی بۆردومان کرد، ئەگەر عەبدولکەریم قاسم گوندی بارزانی بۆردومان نەکردبوایە، بارزانی دژی ئەو شەڕی نەدەکرد.

کۆنگرەی پارتیمان لەگوندێکی نزیك شاری سلێمانی ئەنجامدا، داخوازیمان لەپارتیەکانی ئێراق کرد بۆ وەستاندنی ئەم شەڕە لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە بکەونە نێو هەوڵدان و چاوپێکەوتن، ئەوکاتە عەبدولکەریم قاسم لێبوردنێکی گشتی دەرخست. داوای دەکرد ئەو خێڵ و عەشیرەتە کوردانەی دژی ئەو دەرکەوتوون خۆیان بەدەستی سوپای ئێراقەوە بدەن، من ئەوکات لەکۆنگرە بووم، ڕێك لەوڕۆژانە نامەیەکمان لەمەلا مستەفا پێگەیشت، داوای ئەوەی لێدەکردین کە هێزی چەکداری بۆ ڕەوانە بکەین، چونکە دەیگوت ژیانم لەمەترسیدایە، ئێمەش 100 کەسی چەکدارمان ڕەوانەی لای مەلا مستەفای بارزانی کرد، گوتمان:" ئەگەر عەبدولکەریم قاسم هێرش بێنێتە سەر کوردستان، لەهەر شوێنێکی کوردستانەوە بێ بەرەو ڕووی دەبینەوە و شەڕ دەکەین "، لەماوەیەکی کورتدا خۆمان ڕێکخست و تەواوی ناوچەو گۆڕەپانەکانمان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە، بەگوێرەی ئەم بڕیارەی سەندبوومان، دەبوایە دوای دوو مانگ لەهەر گوندێك کۆمیتەی پێنج کەسی پێك بێت. ئەم کۆمیتانەش هەم جوتیار و گوندیەکانی ڕێکدەخست و هەم کاروبارەکانی تری بەڕێوە دەبرد. هەریەکێك لەم کۆمیتانە، بەرامبەر بەبیست و پێنج گوند بەرپرسیارە، ئەگەر مرۆڤی تاوانبار و تاوانکار هەبن سزایان دەدەن، هەروەها لەڕێگای سازدانی گروپێکی تر هەموو کێشە سیاسیەکانمان چارەسەر دەکردن، هەروەها شاندێکیشمان بۆ ڕای گشتی دەرەوە ئامادە کرد، ئەرکی ئەم شاندە ئەوە بوو کە ئەو دەسەڵاتە خۆییەی دەمانخواست لەکوردستاندا ئاوای بکەین بەجیهانی بناسێنێ و بڵاوی بکاتەوە. ڕۆژبەڕۆژ کێشە و گیروگرفتەکانی خۆمان چارەسەر دەکرد و پشتگیری جەماوەر زیادی دەکرد، تەنیا فلسێکمان لەهیچ لایەنێك وەرنەگرت، گەل هەموو تواناکارییەکی پێ دەبەخشین. تەنیا لەکەرکوك هەرمانگ 16 هەزار دینارمان پێدەگەیشت. تەواوی ئەم پارانەمان لەگوندەکانی کوردستان بڵاو دەکردەوە، پەیوەندیمان لەگەڵ جوتیار و گوندیەکان تابڵێی باش بوو. کاتێ مەلا

مستەفا ئەمەی بیست زۆر تورە بوو، چونکە مەڵبەندی ئەو لەشوێنێکی تر بوو. پارتی تریش لەکوردستاندا هەبوون ئەمانە دەیانخواست سوپایەك بەناوی پارتییەکەیان دامەزرێنن، ئێمەش پێمان راگەیاندن کە پێویستە هێزێکی سەربازی بەناوی کوردستان ئاوا بکرێ نەك بەناوی پارتی.

ئەوەمان پێ راگەیاندن کەدەتوانن جێگای خۆیان لەنێو ئەم هێزەدا بگرن کە دەمانخواست بەناوی کوردستان پێکی بێنین. دوای ئەوە چوومە لای مەلا مستەفا، مەلا مستەفا پێنج بارزانی ناردەلامان کەنامەیەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو ( ئەمانە بۆ ئەوە باس دەکەم تاوەکو پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان بزانرێ ) لەهەندێ مەسەلەدا لەگەڵ بارزانی ناکۆك بووین و دژی بۆچوونەکانی بووین. ئێمە نەماندەخواست نەپارتی کۆمۆنیست و نەپارتەکانی تریش لەکوردستاندا جێگیر ببن. ئەو نامەیەی کەناردرا بوو پەسندمان نەکرد و بەپێنج بارزانیەکەمان گوت بگەرێنەوە. نزیکی بیست کەسێك لەدوو گوندەوە هاتن کە میوانداری پێنج بارزانیەکەیان کردبوو گازەندەیان لێدەکردن، پێنج بارزانیەکە فشاریان خستبووە سەر گوندیەکان، ئەوانیش ناچار مەریان بۆ سەربریبوون، سەرەرای ئەمەش سووکایەتیان بەگوندیەکان کردبوو. ئێمەش یەکسەر هەندێ کەسمان نارد و یەکسەر ئەوانمان دەرخست و پێمان گووتن " پێشمەرگە تەنیا دووشت لەگەل دەخوازێ ئەویش نان و ئاوە، لەمە بەولاوەش مافی خواستنی هیچ شتێکی تری نییە "، لەراستیدا رەوشی ئەم پێشمەرگانە زۆر لەرەوشی ئەم گوندنشینانە باشتر بوو. دیسیپلینی ئێمە بۆ رزگاری گوندیەکان و تەواوی گەل بوو نەك شتێکی رووکەشی بێت. نەسەرۆك خێڵەکان و نەدەوڵەتە داگیرکەرەکان و نەئیسرائیلیش ئەم سیاسەتەی ئێمەیان پەسند نەدەکرد.

سەبارەت بەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئێران بەستبوومان عومەر مستەفا و عەلی عەسکەریمان ناردە ئێران. دەمانخواست دژبەعەبدولکەریم قاسم ئێران پشتگیریمان لێبکات، عەبدولکەریم قاسم خۆشی دوژمنایەتی رژێمی ئێرانی دەکرد، چاوەروانی وەڵامی ئێران بووین، ئێرانیش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە. حکومەتی ئێران یارمەتی جولانەوەیەکی کۆمۆنیستی ناکات، ئیبراهیم ئەحمەد و فەخرە هەردووکیان کۆمۆنیستن، بێگومان مەلا مستەفاش بێکەسە، ئەگەر داوای یارمەتی لەئێمە دەکەن ئەوکاتە هەریارمەتییەکی بخوازن پێشکەشتانی دەکەین "، هەربۆیە مەلا مستەفا خواستی من بنێرێتە لای شای ئێران و رازی بکەم، لەوەڵامدا گوتم هەرشتێك پەسند دەکەم تەنیا ئەوە پەسند ناکەم کە بچمە لای شای ئێران، کاتێ ئەم بۆچوونەم پەسند نەکرا، هەم دەستم لەئەرکی سکرتێری گشتی و هەم دەستم لەئەرکی کۆمیتەی ناوەندی کێشاوە، کاتێ زیاتر جەختیان لەسەر کردەوە پێم راگەیاندن کە خۆم لەئەندامێتی پارتیش دەکێشمەوە، ئەم هەواڵەش بەمەلا مستەفا گەیشت، ئەویش لەرێگای صالیحەوە نامەیەکی بۆناردم. لەنامەکەیدا نووسیبووی " تۆ گوتبووت ئامادەم گیانی خۆم لەپێناوی گەلدا فیدا بکەم، ئەمرۆ ئێمە لەقۆناخێکی زۆر زەحمەتداین گەر بێتو ئەو کەسایەتییانەی دەڵێن وڵاتپارێزم و کوردم فیداکاری نیشان نەدەن، جولانەوەکەمان ناتوانێ ئەم پەرژینە بشکێنێ کە رژێمی ئێراق دروستی کردووە و ناشێ سەرکەوتن بەدی بهێنرێ " تەواوی هەڤاڵانیش سەبارەت بەچوونم بریاریان وەرگرتبوو. منیش ناچار بووم بچم.

لەئێران پێشوازیەکی گەرم و گورمان لێکرا، لەو ماوەیەی کە لەئێران مامەوە وەزیرێك بەناوی پاکراسۆن و جێگری سەرۆك وەزیرانیش چاوپێکەوتنی لەگەڵ مندا ئەنجامدا و پێی گوتم:" ئێوارە میوانی منی، بەیەکەوە دەچین چاومان بە شا دەکەوێت و دوای گەرانەوەش دەخۆین و

دەخۆینەوە و بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەین " لەژوورەکەی ئەو دانیشتبووین و چەند بەرپرسیارێکی ئاستی بەرزیش لەگەڵمان دانیشتبوون. دەرهەق بەمەسەلەی شەڕ گفتوگۆمان دەکرد، لێی پرسیم " ئەو ووتارەی دژبە شا لەرۆژنامەی خەبات بلاوکرایەوە کێ نووسی؟". لەو سەردەمە ئیحسان نوری پاشا نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا ناردبوو. بەتایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نامەیە سەبارەت بەپەیرەوکردنی زۆرداری بەسەر کوردەکانی ئێران ناردبوو سێ ووتاری بەرفراوان و درێژم لەرۆژنامەی خەباتدا بلاوکردەوە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوتن کە نامەکەی ئیحسان نوری پاشا لەهەلومەرجی ئاساییدا نەنووسراوە، بەڵکو لەژێر فشار و ناچاری نووسراوە. لێی پرسیم " گەر شا پرسیار بکات کێ ئەم ووتارانەی نووسیوە، چی دەڵێین؟" منیش لەوەڵامدا گوتم: " بەشا دەڵێم من نووسیومە " گوتی " چۆن هەم بۆداخوازی یارمەتی هاتیت و هەم ووتار دژبە شا بلاودەکەیتەوە؟ " منیش گوتم:" شتێکی سەیر لەمەدا نییە، شا بابزانێ کاتێ کوردێك بکوژێ پشتگیری لێناکەم، بەڵام گەرشا بۆرزگاری پشتگیری لەکوردان بکات ئەو کاتە منیش رێزی لێ دەگرم، دوژمنایەتیتان ناکەین، ئێمە دوژمنایەتی تورکان و فارسان ناکەین، دوژمنایەتی ئەوانە دەکەین کە دەمانکوژن و زۆرداریمان لێدەکەن ". دەمخواست لێی بپرسم:" پشتگیری لەشادەکات یان نا؟ " لەوکاتەدا بەتەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ شا بەست.

هەروەها لەم کاتژمێرانەدا جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتبووە سەردانی ئێران و لەلای شا بوو. هەربۆیە لەگەڵ شای ئێران چاومان بەیەکتر نەکەوت. 15 رۆژ لەئێراندا مامەوە. پێیان رانەگەیاندم کە شا بانگم دەکات. تەنیا پێیان گوتم ئەوە 50 چەك و 20 هەزار دینار و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سوپاسیان بکەم، لێیان تووڕە بووم و پێم گوتن:" ئەم یارمەتییەی بەپارتیتان بەخشی سەرتان بخوات " یەکسەر بۆ کوردستان گەڕامەوە.

پارە و چەکەکانم بۆ مەلا مستەفا نارد، لەهەڵوێستەکانی ئێران و شای ئێران ئەم ئەنجامەم هەڵێنجا: تاوەکو کۆمۆنیستێکی وەکو من پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفاوە هەبێت، یارمەتیدان و پشتگیری جولانەوەی کورد زۆر ئاستەم و زەحمەتە. شتێکی لەم جۆرە لەئارادا نەبوو کە گوێ لەئێمە رانەگرن، بەپێچەوانەوە گوێی لێدەگرتین، بەڵام کاتێ مەلا مستەفا سەداسەد کەوتە ژێر کۆنترۆڵی شای ئێران بەتەواوی بووە ماشەیەك. هەروەها لەسەدا پەنجای ئەوەی گرێدراوی ئێمە بوو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئێران. هەندێ رێکخراوی ئێراق پەیوەندیان لەگەڵماندا بەست، دوایی ئەو گروپانەی گرێدراوی پاشایەتین و لەئێراق بەپاشایەتی خوازەکان دەناسران خواستیان رێککەوتن لەگەڵماندا ساز بدەن، بەڵام پاشاخوازەکان لەو مافانەی لەسەردەمی پاشایەتی بەکوردان درابوو بەملاوە نەیاندەخواست شتێکی تر بەکوردان بدەن. بەڵام رێکخراوەکانی تر دەیانخواست هەندێ ماف بەئێمە بدەن و هەندێ گفتوگۆمان لەگەڵیاندا ئەنجامدا، لەلایەکی تریش ئەمانە ئامادەکاری ئەوەیان هەبوو کە دژی عەبدولکەریم قاسم بکەونە نێو جموجۆڵەوە، تەنیا داوایان لەئێمە دەکرد پشتگیری عەبدولکەریم قاسم نەکەین و، لەهەمانکاتدا پشتگیری گەلی کوردیان بۆخۆیان دەخواست و ئەو مەرجانەی کە دەریان دەخستە پێش ئەمانە بوون: ئەگەر شۆڕشەکەیان سەربکەوێ بەشێوەیەکی فەرمی مەسەلەی ئۆتۆنۆمی چارەسەر دەکەن، لەنێو حکومەتیشدا چوار وەزارەت بۆ کوردان جیادەکەنەوە، گەر شۆڕشەکەیان سەربکەوتایە ئاشتی نێوان کورد و عەرەبەکانیش سەقامگیر دەبوو.

هەواڵمان بۆ مەلا مستەفا نارد و خواستمان چەند کەسێك بۆ ئەوە دەستنیشان بکات کە لەحکومەتی نوێدا ببن بەوەزیر. دوایی هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە لە 8 ی شوباتی 1963 هێزە شۆڕشگێڕەکانی ( نەتەوە پەرستەکان ) ئێراق لەکودەتای دژبەرژێمی عەبدولکەریم قاسم سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. گوێمان لەڕادیۆی بەغداد راگرت هیچ باسێکی کوردانی نەدەکرد، تەنیا برووسکەی کەسایەتی صالح یوسف فوئادی خوێندەوە سەبارەت بەپیرۆزبایی کردن لەکودەتاکە. ئێمە وەك کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆبوونەوەیەکمان بەست. هەواڵێکمان بۆ مەلا مستەفا نارد و جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە شارە کوردنشینەکان بخەینە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆمانەوە. ئێمە لەوباوەڕەدا بووین کە لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم و هەندێ رێکخراوی تر پشتگیریمان لێدەکەن و دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێ شارەکانی کوردستان بخەینە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆمانەوە. ئێمە دەست بەجولانەوەیەکی بەمجۆرە دەکەین، ئەگەر مەرجەکانمان پەسند بکەن پشتگیریان لێدەکەین و بەمجۆرە ئۆتۆنۆمی لەکوردستان سەقامگیر دەکەین، ئەگەر پەسندیش نەکەن شەڕیان لەدژدا دەکەین. سەرەتا مەلا مستەفا گوێی لێ راگرتین و پێی گوتین ئەم مەسەلەیە هەڵدەسەنگێنن، دوایی لەبەرامبەر گەلدا دەیگوت:" ئیبراهیم ئەحمەد سەرەتا داوای لەئێمە دەکرد دژبەعەبدولکەریم قاسم شەڕ نەکەین، لەعەبدولکەریم قاسم رزگارمان بوو، ئێستاش دەخوازێ دژبەدەسەڵاتی نوێ شەڕ بکەین، ئەم داواکارییە هی کۆمیتەی ناوەندی نییە، بەڵکو بۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەدە ". ئەوکات بۆچی دژبەعەبدولکەریم قاسم جەنگاین؟ تەنیا بۆخستنی ئەو بوو؟ بێگومان لەپێناو بەرژەوندی نەتەوەیی بوو. ئەم هەڵوێستە نێگەتیفەی مەلا مستەفا بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم دەرفەتە مەزنەمان لەدەست بچێ، چونکە گەلێك کەسایەتی کە لەئاستی بەرپرسیاری بەرزدا بوون و لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوون ئەم داخوازیەیان کرد.

لەم قۆناخەدا تواناکاری ئەوەمان هەبوو سوپای سۆسیالیستەکان بێنینە ئێراق، چونکە ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتە دەست بەرامبەر بەکۆمۆنیستەکان گەلێك کوشتاریان ئەنجامدا. ئەم لۆژیکە خێڵەکی و شێوازە ئاغایەتییە نەك دە جار بەڵکو سەدان جار بووە هۆکاری لەدەستدانی دەرفەت و شانسی مەزن. بەردەوام لەپێش جولانەوەی نەتەوەی کورد بووەتە کۆسپ و تەگەرە. لەم راستینەیەشدا لەووتارەکەی سەبارەت بەکۆماری مەهاباد گوتەیەکی " نێکیتین "ی بەمجۆرە هەیە " پێویستە شۆڕشگێڕانی کورد ئەزموون لەسەرۆك خێڵە کوردەکان وەرگرن و جارێکی تر نەکەونە رەوشێکی خراپ و نێگەتیفانەی بەمجۆرە " واتە دەخوازێ بڵێ لەوان نەچن و هاوشێوەیان نەبن.

لەم قۆناخەدا بانگەوازی حکومەتی ئێراق بۆ مەلا مستەفا هەبوون، لەوکاتەدا مەلا مستەفا کۆنفرانسێکی لەناوچەی ئیزنەچ رێکخست، دەیخواست کۆمیتەی ناوەندی بەشداری لەکۆنفراسەکە بکات، لەم کۆبوونەوەیەدا داخوازی خۆی بۆ ئەنجامدانی دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئێراق دیارکرد. جەلال تاڵەبانی یەکێك بوو لەئەندامانی ئەو کات، لەم قۆناخەدا مەلا مستەفا چووە بەغداد و لەوێشەوە چووە میسر، سەبارەت بەم کێشەیە گفتوگۆیان لەگەڵ میسر ئەنجامدا، لەم سەردەمانەدا لەکۆمیتەی ناوەندی بەعسەوە نامەیەکمان پێگەیشت، شتی سەیریش لەوەدا بوو ئەوکەسەی نامەکەی بۆ ناردبووین چەندین ساڵە لەلایەن گەلی کوردەوە وەك سیخوڕێك دەناسرا، لەلایەن هەرکەسەوە بەپیاو خراپ دەناسرا، ئەوەی نامەکەی بۆ ناردبووین نووسیبووی " حکومەتی ئێراق لە 1ی حوزەیران هێرش دێنێتە سەر کوردستان، گوندەکان وێران دەکات و هێزەکانی جێنشین دەکات ". گەر هەواڵ و ئاگادار کردنەوەی ئەم کەسە نەبوایە، ئەوا دەجار هێندەی ئەو زیانەی بەرمان کەوت زیانمان دەبینی. ئێمە لەسەدا

نەوەدی کوردستانمان کۆنترۆڵ کردبوو، بۆچونەکانمان بەمجۆرە بوو، حکومەت بینی کە کوردان و هێزەکانیان ئامادەکاری دەکەن، ئەویش کەمێك هێرشەکەی دواخست. هەربۆیە هێرش لە 1ی مانگ رووینەدا بەڵکو لە 9ی مانگ ئەنجامدرا. زیانەکانیشمان کەم بوو چونکە پێشتر ئاگادار بووین. دوایی دەستیان بەسەر کەرکوکدا گرت، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی ئێراق بەئامانج و داخوازی خۆی گەیشت، شەڕ نەوەستا. تەواوی ئەم رووداوانەش لەساڵی 1963 روویاندا.

س. نەتەوەیی: ئایا قۆناخێکی نوێ دەستی پێکرد؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: نەخێر. کێشەیەکی تریش هەبوو، قاسم چوو عەبدولسەلام هات.

س. نەتەوەیی: واتە ئێوە دەتانخواست دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بمێنێ و بۆ خۆتان سەربەخۆ بوون؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بەڵێ، سەربەخۆ بوین. ئەوکات لەدەرەوە تەلەفۆنیان بۆ کردین پێیان گوتین" مەرجەکانتان بڵێن " ئێمەش ئەم رەوشە هەڵسەنگێنین و بقۆزینەوە. بەڵام لەئەنجامی پەیڕەوکردنی کوشتاری مرۆڤە پێشکەوتووخوازەکانی دەسەڵات و لێدانی کۆمۆنیستەکان، دەمانخواست بیوەستێنین. هەربۆیە جەلال تاڵەبانیمان نارده ئەوروپا، بەتایبەتیش داخوازیمان لێکرد بچێتە مۆسکۆ. بەناوبژیوانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆ بەسترا. وەڵامی بەمجۆرە بوو: " گەر دەخوازن پەیوەندیمان لەگەڵ ببەستن، با ئەوکاتە ئیبراهیم ئەحمەد بێتە لامان ". منیش ئەم مەسەلەیەم بەکۆمیتەی ناوەندی راگەیاند، بڕیار سەبارەت بەچوونم بۆ مۆسکۆ درا، لەهەمانکاتیشدا مەلا مستەفا هەواڵی ناردبوو کە بۆناردنی سەید عەلی بۆ ئەوروپا یارمەتی بدەین، سەید عەلی وەك نوێنەری مەلا مستەفا دەیخواست پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆ پێشبخات.

لەوسەردەمەدا چوون بۆ مۆسکۆ تابڵێی زەحمەت بوو. داوامان لێکردن هاریکاریمان بکەن. لەفەرەنسا چووینە ئەڵمانیا و لەوێشەوە دەربازی مۆسکۆ بوین و بووم بەمیوانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و زۆر بەمە دڵخۆشبووم و شانازیم پێوە دەکرد، پێیان راگەیاندین کە ئامادەن یارمەتیمان بدەن و لەهەمانکاتیشدا وەك حکومەتی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەکەونە نێو هەوڵ و تێکۆشان. دوای ئەنجامدانی هەندێ چاوپێکەوتن گەڕامەوە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و لەوێدا زانیاری ئەوەم پێگەیشت کە رژێمی ئێراق رووخاوە، پارت و رێکخراوەکانی تریش بەهەمئاهەنگی لەگەڵ پارتی بەعسدا کەوتبوونە نێو جموجۆڵەوە.

## خەنجەری خیانەت لەکوردستان

س. نەتەوەیی: پارتی شتێکی زۆر زەحمەتە لەنێو کۆمەڵگای کورددا. مەلا مستەفا هەروەکو چۆن سەرۆکایەتی خێڵی دەکرد، بەهەمان شێوەش پارتی بەڕێوەدەبرد، لەڕاستیدا دەتانتوانی گەلێك کار لەگەڵ دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم ئەنجام بدەن. بەڵام هەر لەسەرەتای شۆڕش بارزانی تێکی داوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا پێشخستووە، هەروەها لەدوا سەردەمەکانی قاسمدا رێککەوتن لەگەڵ سەیدا صالح و جەبار و

کۆمۆنیستەکان پێشدەخات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بڕوخێنن، لەڕاستیدا لاوازی قاسم بەمانای دەسەڵاتی کوردان دەهات، زۆر بەسەر قاسمدا دەچوون ئەویش هەڵوێستی خۆی دەگۆڕی، ئەممەش بۆ کوردان شتێکی باش نەبوو، قاسم بەمجۆرە لەنێو چوو، ئەوانەیتر هاتن، دیسان بارزانی نەیدەخواست بەشێوەیەکی راست بەڕێوەبچێت و بەڕێوەی ببات. ئێوە دەتانخواست شۆڕش ئەنجام بدەن، بەڵام بارزانی تەنیا دەیخواست هەندێ پەیوەندی بەرەوپێش ببات. ئەممەش نەك ئاشتی نەبوو بەڵكو خۆبەدەستەوەدان بوو. لەجیاتی ئەوەی هێز ببەخشێ بەردەوام لەنێوچوونی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. لێرەدا کاتێك خواستوتانە شەڕ بکەن دژتان وەستاوە، کاتێ خواستوتانە ئاشتی بکەن دیسان لەدژتان وەستاوە. هەڵوێستێکی بەمجۆرە هیچ پێشکەوتنێکی بەئامانج نەگرتووە. مەلا مستەفا لەڕووکەشدا نیشاندەدات کە شۆڕش دەکات، بەڵام لەڕاستیدا گەل چەواشە دەکات و دەیشێوێنێ.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: تەڤلی بۆچوونەکانتان دەبم، دەستنیشانکردنێکی لەجێگای خۆیدایە، پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەتی ئێراق تەنیا زیانی بەکێشەی نەتەوەییمان گەیاندووە.

س. نەتەوەیی: کێشە کێشەی سەقامگیرکردنی ئاشتی نییە لەگەڵ دەوڵەتدا، بەڵكو بۆ مەلا مستەفا ئێوە خودی کێشەکەن، ئێوە وەکو هەڕەشەیەك دەبینێ، لەدەوڵەت زیاتر هەڵوێستە لەبەرامبەر ئێوە دەکات، هەتا تاکە مەترسی لەئێوەدا دەبینێ. پێویستە باش لەم خاڵە بگەین. رەوشی مستەفا کەمالیش بەمجۆرە بوو ترسی سەرەکی ئەو یۆنانیەکان و ئینگلیزەکان نەبوو، بەڵكو ترسی مەزنی بەرامبەر بەئەدهەم چەرکەس بوو، چونکە سەربەخۆ خوازێك بوو. هەندێ وڵاتپارێز لەباکووری کوردستان هەن تا ئێستاکەش راستی مەسەلەکە نازانن. بۆ نموونە مەسەلەی فایق بۆجاق هەیە، فایق بۆجاق سکرتێری گشتی PDK ی تورکیا بوو. کوڕەکەی هاتە سەردانمان، تەنانەت ئەوە نازانێ کە باوکی چۆن کوژراوە من بۆم روون کردەوە گوتی: " راستە باوکم بەمجۆرە لەنێو چوو، بەڵام دوای سی ساڵ توانی راستی تێبگات!

لەڕاستیدا بارزانی لەمەسەلەی شەڕی چینایەتیدا وەستایە، قازی محەممەدیش هەبوو کە سەرۆکێکی پێشکەوتوو بوو، لەلایەنی چینایەتییەوە رێبەر بوو، وەکو کۆسپێکی پێش خۆی دەبینی بۆیە خواستی بەرامبەر بەو پارتییەك دابمەزرێنێ، ئێرەیی پێدەبرد و خۆشی نەدەویست، نەیدەخواست قازی محەممەد مەزن بێت و بەرز بێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش بوو بارزانی کوردەکانی تورکیای خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و نەیدەخواست جولانەوەیەکی کوردی ئاوابێت. تەنیا دەیخواست یەك شت بزانرێ: سەرۆك ئەو بەخۆیەتی، خۆی وەك سەرۆکێك سەپاندبوو.

بارزانی کابرایەکی پیلانگێڕە، بەڵام گێل و غافڵ نییە. لەڕێگای پیلان و پیلانگێڕییەوە کارەکانی خۆی بەڕێوەدەبرد، ئێوە راست و دروست بوون بەڵام ساف بوون. کاتێ جارێك دوو جار بینیتان کابرا پیلانگێڕی دەکات، داوای حیسابتان لێبکردایە و حیسابتان لێبخواستایە. تەنیا لەباشووری کوردستان نا بەڵكو لەتەواوی کوردستان بارزانی نوێنەرایەتی عەشیرەتگەری کۆنەپەرست دەکات. چەندە عەشیرەتێکی وابەستەی خۆی کردووە و سەرۆکایەتیانی کردووە. لەساڵی 1945 تاوەکو 1965 هەر بەم شێوەیە بوو، ئێوە خواستوتانە پارتییەکی نەتەوەیی ـ دیموکراسی یاخود پارتێکی هاوچەرخ دابمەزرێنن، ئەم داخوازیەش داخوازی مرۆڤی نوێیە، بەڵام کۆسپی مەزن هەیە و لەدژی دەوەستێ، تادواییش ئەم راستییە سەلمێنراوە. مەسەلەکە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لەبەرچاوانە. شەڕکردنی دژبە قاسم بەئامانجی سوکایەتی پێکردن و ناوزڕاندنی ئێوەیە.

هەروەها رازی نەبوونی بەئەنجامدانی رێککەوتنیش بۆ لاوازکردنی ئێوەیە، لەرێگای ئەم هەڵوێستەی دەخوازێ ئەمە بسەلمێنێ کە " زێدە بۆ پێشەوە هەنگاو مەهاوێژن! " هەروەها پارتیش بێ رۆڵ و بێ کاریگەر دەکات.

ئەم رووداوانەی تا حەفتاکان روویانداوە چین و کامانەن؟ دەتوانن سەبارەت بەمە هەندێ روونکردنەوە و قسە بکەن، هەروەها دەتوانن ئاماژە بەچۆنێتی چوونتان بۆ لایەنی ئێراق بکەن، ئایا بارزانی نەیدەخواست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراق، سۆڤیەت، ئەمریکا لەسەر بنەمایەکی راست پێش بخات، بەردەوام شەڕی چینایەتی بەڕێوە دەبرد، نەیدەخواست شەڕێك لەپێناو کوردایەتی پیادە بکات؟

جولانەوەی بارزانی جولانەوەیەکی نەتەوەیی نییە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەزانی و دەخوازێ پەیوەندی لەگەڵ ئێراق پەرە پێبدات. کۆسپ دەردەکەوێ دەچێتە مۆسکۆ، جارێکی تر کۆسپ دەردەکەوێ دەچێتە ئەمریکا، لەڕووی ئەم سەرۆکایەتییە خێڵایەتییە سەرۆکایەتیەکی هاوچەرخ لەکوردستان دەرنەکەوت، بێگومان تەواوی ئەم هەوڵدانانەی بۆ ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیەکی نەتەوەیی ـ دیموکراسی پێشنەکەوێت، لەکۆتاییشدا خۆشی ژێر دەکەوێ.

لێرەدا کوردەکان چیان لەدەستدا؟ کوردەکان نەبوون بەهێزێك و وەکو جاران بوون بەعەشیرەت، لەڕاستیدا کەوتە نێو رەوشێکی زۆر خراپتر. لەنێو کورداندا شێوازێکی بیرکردنەوە و ستراتیژیەتێك پێش نەکەوت و هێزێك پێکنەهات، تەکتیکەکانی شۆڕش پێکنەهات و هیچ شتێك لەئارادا نەما کەناوی پارتی بێ. هەروەها رێکخستنیش لەڕێ دەرکەوت و لێدانی بەرکەوت. من باوەڕیم بەمە هەیە کە ئێوە خواستتان گەلێك کاروخەبات ئەنجام بدەن، هەروەها لەم سەردەمەدا خواستتان پەرە بەهەندێ پەیوەندی بدەن و هەندێ دەرفەتیش رەخسان، بەڵام پڕوپاگەندەیەکی بەهێزی ئەو دژ بەتۆ لەئارادا بوو و دەیگوت:" جاشەکانی 66 " لەڕاستیدا ئەو بەخۆی لەرێگای پیلانگێڕی و شێوازی تر بەباشترین شێوە جاشایەتی پەیرەو دەکرد.

هەر چ نەبێت تۆخواستووتە پارتێك لەپێناو کوردایەتی دامەزرێنی و شۆڕشێك ئەنجامبدەیت، لەپێناو عەشیرەتێکدا کارت نەکردووە. لەو باوەڕەدام کە عەشیرەتی ئێوەش هەیە، بنەماڵەیەکی بەمجۆرەشت نەبوو، ئایا لەم باوەڕەدا بووی لەرێگای عەشیرەت کارێك ئەنجام بدرێت؟ مسۆگەر نەخێر، داخوازیەکانت بەتەواوی لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی ـ دیموکراسی پێشکەوتووخوازی بووە. شەڕی ئێوە خاوەن ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی بوو.

لەبارەی جەلال تاڵەبانیشەوە گفتوگۆ دەکەین بەتایبەتیش لەقۆناخی دوای 1975. سەرەتا دەتوانی لەسەر ماوەی نێوان ساڵانی 1965 ـ 1975 بوەستن. لەماوەی نێوان 1970 ـ 1975 بارزانی چی کرد؟ ئێوە خواستتان چی بکەن؟ هەروەها سەرۆکایەتی ئێوە لەماوەی نێوان 1970 ـ 1975 چ مانایەك دەبەخشێ؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ جیاوازی بۆچوونی سیاسیمان لەگەڵ مەلا مستەفا زیادی کرد گەلێك مرۆڤی دروست و وڵاتپارێز کەوتنە نێوانمان و خواستیان چارەسەری بکەن، بەگوێرەی من تێڕوانینی مەلا مستەفا بۆپارتی وەك تێڕوانینی مرۆڤێکی ئاسایی بوو. سەرۆکایەتی خۆی لەسەر بنەمای تاکڕەوی و خۆخۆیی بەڕێوە دەبرد، دژی پێشمەرگەکانی ئێمە بوو، ئەو بڕیارانەی من لەنێو پارتیدا وەرمدەگرت لەجێی خۆیدا

نەدەبینی و پەسندی نەدەکرد، پارتی لەکەسایەتی مندا دەبینی و بەهیچی دانەدەنا. لەڕێگای هەندێ کەسانێکەوە سەردانی مەلا مستەفام کرد من بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە داوای کۆبوونەوەی کۆنگرەیەکم کرد، ئەو کاتە مەڵبەندی گشتی پارتی لەڕانیە بوو. لەو رۆژانەدا ئامادەکارییەکی مەزنمان بۆ کۆنگرە دەکرد، هەڤاڵێکی پارتیمان هەبوو پێی گوتم کە مەلا مستەفا لەبادینانە، نامەیەکی پێدام و داوای لێکردم بیخوێنمەوە، بەمجۆرە لەنامەکەدا نووسرابوو: تەواوی کۆمیتەی ناوەندی کاروخەباتی خۆی بۆ ئەو کۆنگرە تایبەتییە بکات کە لەبادینان سازدەدرێت. لێم پرسی بۆچی نامەکەی بەتۆداوە؟ گوتی کەسی تر بێکار نەبوو، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی خەڵکانێك لەدەوەروبەری خۆی کۆبکاتەوە دەیخواست تاڕادەیەك لەگەڵمدا ڕێکبکەوێ.

لەدوای کۆنگرە عومەر بێباك کە پێشتر جێگری سکرتێری پارتی بوو بانگێشتم کرد و لەماڵی خۆمان پێشوازیم لێکرد بارزانی و هەندێ سەرۆك عەشیرەتی تریش لەکۆنگرە ئامادە بوون، دوای ئەوەی جیاوازیەکانی نێو کۆمیتەی ناوەندیمان دەرخستە روو بارزانی گوتی:" من بڕیاری ئەوانەم پەسندە کە لێرەدا ئامادەن، من دەخوازم ئێوە ئەم کێشانە ( کێشەی من و نێوان کۆمیتەی ناوەندی ) چارەسەر بکەن، هەردوولاشمان ملکەچی ئەم بڕیارانەین کە وەریان دەگرن، دەرهەق بەوەی گوێڕایەلی و ملکەچیش نەکات دەتوانن بڕیاری لەسەر وەرگرن ". دوایی پرسیار لەمن کرا: " بۆچوونی تۆ چییە؟ " منیش گوتم:" پەسندی دەکەم و رازیم " سەرۆك عەشیرەتەکانیش بانگەشەی ئەوەیان کرد کە مەسەلەی سەرەکی کێشەکە چەك و پارەیە، منیش سەبارەت بەژمارەی پارەو چۆنیەتی و سەرچاوەی بەدەستهێنانی داوای لێکۆڵینەوەم کرد، کاتێ مەلا مستەفا ئەمەی بیست رەنگی زەرد بوو و پێی گوتم:" ئیبراهیم شورەییە چۆن دەهێڵی یەکێکی تر بکەوێتە نێوانمان". منیش گوتم:" ئێمەش وا بیرمان دەکردەوە کە پێویست ناکات گیروگرفت یان ناکۆکی لەنێوانمان دەربکەوێ ". کۆمیتەی ناوەندی نەیدەزانی بارزانی چی دەخوازێ، دەستی گرتم و بەشێوازێکی میانڕۆ گوتی:" لەقۆناخی داهاتوو هیچ ناکۆکیەکمان دەرناکەوێ ". ئێمە لەکۆبوونەوە دەرکەوتین، تازە عومەر خەتابی لەئێران گەڕابۆوە. حکومەتی ئێران 20 هەزار دیناری پێدا بوو تا بیدات بەپارتی، کاتێ چووینە دەرەوە عومەر هاتەوە بیری کە جانتاکەی لەژوورەکە بەجێ هێشتووە، جانتاکەی تەسلیم بەبارزانی کرد، من گەڕامەوە سلێمانی، ئەوانیش هەریەکە چوونە شوێنی دیاریکراوی خۆیان و بڵاوبوونەوە.

حکومەتی ئێراق دەیخواست دیسان پەیوەندی لەگەڵ بارزانی ببەستێ. داوایان لەمن و چەند هەڤاڵێکی تر کرد بچینە بەغداد و لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەی کورد، چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی ئێراق بکەین. ئێمە چووینە شاری رانیە، شاندی حکومەتی ئێراقیش هات، سەرۆکی حکومەت و دوو وەزیر لەگەڵیدا هاتبوون،. مەلا مستەفاش لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوو، مەلا مستەفا پێیانی گوت:" ئەوە ئێوە، ئەوەش ئیبراهیم ئەحمەد " ئێمەی بەجێهێشت و رۆیشت، ئەم شاندە پەیوەندی لەگەڵ بارزانی بەستبوو ئێمە نەماندەزانی ئەم پەیوەندییە " لەسەر بنەمای ئاشتییە، یان خۆبەدەستەوەدان " شاندەکەش ئەندامی ئەم حکومەتە بوون کە بەیاننامەمان دەرهەق بڵاوکردبۆوە. لەکاتی چاوپێکەوتندا گفتوگۆیەکی بەرفراوان و درێژمان لەگەڵ ئەم شاندە ئەنجامدا سەبارەت بەداواکاری و مافەکانی میللەتی کورد. داواکارییەکانمانیان رەت کردەوە و پەسندیان نەکرد و بەمجۆرە کۆبوونەوە کۆتایی پێهات. کاتێ ئێمە هێشتا لەڕانیە بووین ئەمانە چوونە لای مەلا مستەفا تا ڕێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ ئەنجامبدەن، من گەڕامەوە شوێنی خۆم. دوای چەند رۆژێك هەواڵی ئەوەمان بۆهات کە مەلا مستەفا لەقەڵادزە

کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی سازداوە، ئێمەش عەلی عەبدوڵڵا و سەید عەزیزمان لەکۆمیتەی ناوەندییەوە نارد تاوەکو پێی بڵێن:" بۆچی لەکۆبوونەوەیەکی بەمجۆرەدا بەناوی پارتی ئێمەت بانگهێشت نەکرد "، ئەو دوو ئەندامەی کە ناردبوومان لەلای خۆیەوە دەستگیری کردن. لەسەدا نەوەدی ئەوانەی مەلا مستەفا بۆ ئەم کۆبوونەوەیە کۆیکردبوونەوە ئەندامی پارتی نەبوون. مەلا مستەفا کۆیکردبوونەوە و هەندێ بڕیاریشیان وەرگرتبوو، بەگوێرەی ئەم بڕیارەی کە دەریان خستبوو تەواوی کۆمیتەی ناوەندی لەپارتی دەردەکرد. بۆدەستنیشان کردنی کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژاردن ئەنجام دەدات و لەهەمان شەودا کۆتایی بەکۆبوونەوە دێت. دوای چەند رۆژێك هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە مەلا مستەفا لەگەڵ رژێمی ئێراق رێککەوتووە و هێرشمان دێنێتە سەر و دژ بەئێمە شەڕ دەکەن. ئێمەش وەك کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامداو ئەندامە ئامادە بووەکانیشمان کۆکردەوە. لەخۆمان پرسی پێویستە چی بکەین، دژ بەرژێمی ئێراق و بارزانی شەڕ بکەین، یان دەست لەشەڕ بەردەین؟ یان پێشمەرگەکانمان سەربەست بکەین؟ ئەوەی دەخوازێ دابنیشێ، ئەوەی دەخوازێ بچێتە نێو ریزەکانی بارزانی، لەوانە بڕیارێکمان لەپێشدا بوو. بۆچوونی تاڵەبانی بەلای ئەوە بوو" دەست لەشەڕی چەکداری بەربدەین " لایەنگری تێکۆشانی سیاسی بوو. دەیگوت:" ئەگەر حکومەت رێگا بەخەباتی سیاسیمان نەدات، ئێمەش وەکو جاران درێژە بەخەباتی نهێنی دەدەین ". لەکۆتاییدا ئەو بڕیارەی پێیگەیشتین: دژبەبارزانی شەڕ دەکەین، بەرامبەر بەبارزانی و رژێمی ئێراق بەرخۆدان دەکەین. لەلایەك سوپای ئێراق شەڕی ئێمەی کرد، لەلایەکی تریشەوە مەلا مستەفا و عەشیرەتەکانی ناوچەکانی ئەو دژ بەئێمە شەڕیان دەکرد. هەندێ لەو سەرۆك عەشیرەتانە پەیوەندیان لەگەڵ مندا بەست و داخوازی یارمەتیان دەکرد بۆ ئەوەی دژ بەبارزانی شەڕ بکەن. وەڵامیان بۆئەمانە بەمجۆرە بوو: " گەر هەندێ کەس هەبن بەپارە شەڕ بکەن، جێگای ئەمجۆرە کەسانە لەنێو ئێمەدا نابێتەوە و پەسندیان ناکەین.

هێزەکانی پێشمەرگەمان نەیانتوانی بەرامبەر بەهێزەکانی رژێمی ئێراق و هێزەکانی بارزانی خۆیان لەسەرپێ بگرن و بەرخۆدان بکەن. لەو هەڤاڵانەمان پرسی کە جێی خۆیان لەنێو شەڕدا گرتبوو پێشنیازیان کرد بچینە ئێران، بەرلەوان من چوومە ئێران، کێشەکەم لەگەڵ بەرپرسیاری سەربازی ئەم ناوچەیە چارەسەر کرد، ئەویش زانیاری دا بەتاران، لەوەڵامدا پێیان گوتین " مەرجمان ئەمەیە: ئێوە وەك پەنابەری سیاسی پەسند دەکەین، بەڵام تەواوی چەك و تفاقەکانتان تەسلیم بەئێمە دەکەن و، شەست کیلومەتر دوور لەچیاکان دەوەستن " کاتێ مەرجەکانی ئێرانم بەهەڤاڵانمان راگەیاند پەسندیان نەکرد و رەتیان کردەوە؛ دووبارە چوومەوە لای بەرپرسیارە سەربازییەکان و داوای ئەوەم لێکردن کە دەخوازم چاوم بەبەرپرسیاری ئاستی بەرز بکەوێت، بەمجۆرە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەرپرسیاری سەربازی کوردستان ئەنجامدا. لەسەرەتای ئاخافتنەکانمدا گوتم:" ئەمە پیلانێکە " ئێمە مافەکانی خۆمان لەئێراق بەدیدێنین. دوایی فەرماندەیەکی ئێران گوتی: " ئێوە لەئێراقدا رێکخستن پێکدێنن و هەروەکو چۆن هەندێ ئاژاوە و گێرەشێوێنیتان لەباشووری کوردستان نایەوە، دەخوازن هەمان شتیش لەئێران بنێنەوە " ئێمەش پێمان گوتن:" ئەگەر دەخوازن دژبەئێراق دەجەنگین و باشووری کوردستان رزگار دەکەین و، لەپارچەی رۆژهەڵاتی ژێر کۆنترۆڵی ئێوەشدا شەڕ دەکەین ". پێی گوتم:" ئەمەی کە ئاماژەتان پێکرد گەوهەری کێشەکەیە ". منیش ئەوەم پێی راگەیاند:" بەرامبەر ئاخافتنەکانی ئێمە سەرت سوڕما؟ گوتەیەکی " شا ئاریا " هەیە، لەکتێبەکەیدا هەیە دەڵێ: " من شای هەموو گەلانی ئاریم، کوردەکانیش ئارین " ئەم ناوچەیە ناوچەو شوێنی گەلانی

ئارییه. ئێمه ناخوازین پارچەیەك لەئێران جیابکەینەوە، بەڵکو دەخوازین پارچەیەکی تری پێوە بلکێنین ". دوایی گوتیان:" ئەم هەڵوێستە پیلانێکە، دەخوازن ژمارەی کوردەکانی ئێران زیاد بکەن، دەخوازن جولانەوەی شۆڕشگێڕی لەنێو کوردەکانی ئێران بڵاوبکەنەوە، دەخوازن پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا تێکبدەن، دوای دوومانگ یان ساڵێکی تر ئەو پارچەیەی ژێر دەسەڵاتی تورکیاش رزگاردەکەن و دەخوازن بەئیمپراتۆریەتی ئێرانی ببەستنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری شەڕی نێوان ئێمە و تورکیا، گەر بەرامبەر بەتورکیا سەرکەوتنیش بەدەست بێنێ ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە ئاوا بێ نابێتە ئیمپراتۆریەتی ئێرانی، بەڵکو دەبێتە ئیمپراتۆریەتی کوردان، ئەمانەی کە دەیڵێی خەیاڵە. لەڕاستیدا ئاخافتنەکانی کە دەیکرد هی شابوون و سەربازەکەش بەئێمەی راگەیاند. لەئەنجامدا بەمەرجێك پەسندمان کرد کە چەکەکانمان تەسلیم بکەین، دووبارە شای ئێران چەکەکانمان بداتەوە و بماننێرێتەوە ئێراق، ئەوانیش پەسندیان کرد. من لەتاران مامەوە، ئەو چوارسەد هەڤاڵەی لەگەڵمدا بوون بۆ شاری هەمەدانیان بردن، لەدەرەوەی عەلی عەبدوڵڵاو سەید عەزیز ( کە مەلا مستەفا ئەمانەی دەستگیرکردبوو ) ئەوانەی تر هەموویان هاتبوون.

من لەتاران بووم، پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران لەگەڵماندا زۆر سەیر بوو؛ هەندێ جار باش، هەندێ جاری تریش خراپ. خواستیان کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، من بەناوی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ بەرپرسیاری سەربازی ئێران لەکوردستان و بەرپرسیاری دەزگای سیخوڕی ئێران ( ساواك ) چووینە مەهاباد. ئەگەر بڵێم بەباشی و بەگەرمی پێشوازیان لێکردم راست نییە و بەمانای گاڵتە دێت، چونکە دوایی ئێمەیان بردە گۆڕەپانی چوارچرا ئەو شوێنەی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەسێدارە درابوون. لەگەڵ دەستپێکردنی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ پێیان گوتین: " چی دەخوازن؟ " لەوەڵامدا گوتمان: " دەخوازین مافەکانی گەلەکەمان لەئێراقدا بەدەستبێنین " لێیان پرسین:" ئێوە شتێکیش بۆ کوردەکانی ئێران ناخوازن؟! " جەلال تاڵەبانیش پێیگوتن:" ئەو مافانەی ئێراق لەسەردەمی پادشایەتی دانی پێدانابوو، لەئێوەی دەخوازین، ئێوەش مافی کوردەکانی ئێران بدەن " ئیتر سەبارەت بەهەندێ مەسەلەی تر گفتوگۆمان کرد، گوتیان:" تەواو، ئیتر کۆبوونەوە کۆتایی پێهات " هەڤاڵەکانم چوونەوە هەمەدان، منیش گەڕامەوە تاران. مانگێك دوای ئەم کۆبوونەوەیە هەموو شتێك دژی ئێمە شکایەوە، جەلال خواستی بچێتە ئەوروپا، ئێمەش دەمانخواست بچێ تاوەکو شوێنێك و دەوڵەتێکمان بۆ بدۆزێتەوە و پەنای بۆ ببەین. خواستی پاسەپۆرتێك لەئێران وەربگرێت، پێیان گوت:" قەدەخەیە ". سەرۆکی " ساواك " داخوازی چاوپێکەوتنی لەگەڵ مندا کرد. منیش لێم پرسی: " هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانە چییە؟ " ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە:" لەدوای کۆبوونەوەکەی مەهاباد، تەواوی بەرپرسیارانی ساواك و بەرپرسیارە سیاسییەکان، چوونە پیرانشار ( خانێ ) و لەوێ کۆبوونەوە و دوو راپۆرتیان سەبارەت بە کۆبونەوەکەی مەهاباد پێشکەش بە شا کرد، دوای ئەوەی هەردوو راپۆرتەکەی خوێندەوە، ئەوەی لەجێگای خۆیدا بینی ئێوە بەلاوە بنێ و پشتگیری لەمەلا مستەفا بکات " بەشێوەکی زۆر ئاشکرا پێیگوتین:" داخوازی مەلا مستەفا تەنیا ئەوەیە ئێران رێگای لێنەگرێ تا بگەڕێتەوە ئێراق ". هەروەها گوتی:" سەرەڕای ئەوەی لەلای ئێمە پەنابەرن و هیچ شتێکتان نییە، داوای مافی کوردەکانی ئێران دەکەن. ئەوە گرنگ نییە بارزانی خاوەن پارتە یان نا، هەرکاتێك بخوازین لەخزمەتمان دایە، وەکو دەزانین بارزانی سێ هەزار چەکداری لە

هێزی عەشیرەتەکان هەیە. ئێوە وەك مەلا مستەفا خاوەنی هێز نین، بەتەنیان و واباشترە لەجێگای خۆتان دانیشن " لێرەشدا زۆر چاك ئەم ڕاستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بۆچی لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا پشتگیری و یارمەتی PDK دەکرێت.

هەر لەبەر ئەوەی پێکدادان لەنێوان هێزەکانی بارزانی و دەوڵەتی ئێراقدا دەرکەوتبوو، خواستمان جارێکی تر پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا ببەستین. گەڕانەوەی تەواوی هەڤاڵانی پەسندکرد، تەنیا هی من نەبێت. کاتێ گەڕانەوە هیچ بەرپرسیارێتییەکی نەدا بەهیچ یەکێك لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و پێشمەرگە و ئەوانی تر. پێی گوتن:" برۆن "، دوایی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لەگوندی عەباس ئاغا خستە زیندانەوە. دوای مانگێك لەگەڵ عەباس ئاغا چاویان بە جەلال تاڵەبانی کەوت، مەلا مستەفا پێی گوتبوون:" ئیتر ئێوە ئازادن، دەتوانن بچنە هەرشوێنێك کە دەخوازن، ئیتر بەرپرسیارێتی دەرکەوتنتان لەئەستۆی خۆم دەگرم ". ئەوانیش گەڕانەوە سلێمانی و سەریان لەحکومەتی ئێراق دا و حکومەتی ئێراقیش پەسندی کردن. بەمجۆرە ناوی " جاشەکانی 66 " یان لێنرا.

دیسان شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی حکومەتی ئێراق و هێزەکانی مەلا مستەفا دەرکەوت. ئیسرائیل و هەندێ دەوڵەتی دیکە پشتگیریان لەبارزانی دەکرد، هەروەها لەم سەردەمەدا ئێمە سامی عەبدولرەحمانمان لەکۆمیتەی ناوەندی پەسند نەکرد کە لەئێراق رایکردبوو و هاتبووە ئێران، ناردمانە لای مەلا مستەفا، ئەو شتەی بووە هۆکاری دەرکەوتنە پێشی ئەم کەسە ئەوەبوو کە زمانی ئینگلیزی دەزانی و سەرکێشی بۆ جوولەکەکان دەکرد تاوەکو چالاکی دژبە نەوتی ئێراق لەکەرکوك نیشانبدەن، بەمجۆرە ناوبانگی دەرکرد، لەمە بەدواوەش ئیتر سامی عەبدولڕەحمان لەلای مەلا مستەفا بووە خاوەنی جێگا و شوێنێکی تایبەت.

شەڕ و پێکدادانی نێوان ئێراق و مەلا مستەفا چڕببۆوە، لەو قۆناخەدا من لەئێران بووم، حکومەتی ئێران داوای لێکردم بگەڕێمەوە ئێراق. خواستمان لەگەڵ مەلا مستەفا بەشێوەی دوو پارتی رێککەوتن ئەنجام بدەین و بەرەیەکی کوردستانی پێك بهێنین، بۆیە گەڕاینەوە. بەڵام مەلا مستەفا نەیخواست چاوی پێمان بکەوێ و پەسندی نەکردین. هەموو کەسێك گوێڕایەڵی دەکردین، تەنانەت ئەو پێشمەرگانەی لەمەلا مستەفا ناڕازی بوون و ناڕەحەت بوون، هاتن پەیوەندییان پێوەکردین. مەلا مستەفا هێرشەکانی خۆی دژی پۆلیس و هێزە سەربازییەکانی ئێراق وەستاند و هێرشی هێنایە سەر پێشمەرگەکانمان، دیسان هەندێ مرۆڤی وڵاتپارێز کەوتنە ناوبژیوانی کردنمان، پێمان گوتن:" لەهەموو رەوشێکدا ئامادەین بگەڕێینەوە لای مەلا مستەفا، تەنیا بەمەرجێك شەڕ دژی ئێمە نەکات " بەڵام ئەوەشی پەسند نەکرد، دژی ئێمە سەنگەری گرت. لەم قۆناخەدا عەبدولڕەحمان عارف دانی بەهەندێ ماف دانا بوو. دوای ئەوە بەعسیەکان کودەتایەکیان کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست، تەنیا خۆیان ( پارتی بەعس ) بوون بە دەسەڵات. ئاماژە بەوەش دەکەم کە لەم قۆناخەدا کاتێ لەبەغدا بووم جێگای خۆم لەنێو حکومەتدا دەگرت.

شاندێکی وەزارەتی بەرگری کوێت هات، دەیانخواست پەیوەندی لەگەڵ ئێراق ببەستن. من لەکاتی پێشوازی لێکردنیان ئامادە بووم، ئەحمەد حەسەن بەکریش لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە ببوو، لەکودەتای 1963 سەرۆکی حکومەت بوو، چەند کەسێکی تریش ئامادە بوون، ئەحمەد حەسەن بەکر پێی گوتم:" ئێمە هەردوو پارتی، پارتی بەعس وەك نوێنەری گەلی عەرەب و پارتی ئێوەش وەك نوێنەری گەلی کورد بایەك بگرین و بەرامبەر دوژمنەکانمان بوەستین " دژی لایەنگرانی پادشایەتی یارمەتی و هاوکاری دەخواست. دوایی من و جەلال تاڵەبانی و کەسانێکی تر چووینە

سەردانی ئەو ڕێبەرانەی شۆڕش ( کودەتا )کەیان ئەنجامدابوو. دوایی داوامانکرد چاومان بەسەرۆك کۆمار بکەوێت، بۆ ئەوە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سەرۆك کۆمار کرد تاوەکو هەم سەددام حوسێن و هەم بەعسییەکان بناسین. کاتێ سەرۆك کۆمار هاتە ژوورێ پێشوازی لێکردین و دەستێکی لەسەر شانی من و دەستەکەی تری لەسەر شانی جەلال تاڵەبانی دانا، پێیگوتم:" تۆ برای ئێمەی، بیروبۆچوونەکانی خۆتمان پێشکەش بکە " مەسەلەکە تێگەیشتم. دوو ڕۆژ بەرلە " شۆڕش " کۆبوونەوەیەکیان هەبوو و لەوێدا گفتوگۆیان سەبارەت بە مەلا مستەفا و کوردەکان ئەنجامدا بوو، جەلال سووکایەتی پێکردبوون. سەرەڕای ئەمەش سەرۆك کۆمار ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆیان بینی کە بەشێوەیەکی کۆك و گونجاو هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکەن. ئەمەش بەمانای نەرم بوونیان دەهات، دەیانخواست دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. بە ئاشکرا پێیان گوتین:" ئەگەر ئەمجارە لەدەسەڵات بکەوین، هەتا منداڵەکانیشمان بەنێو ڕەشەکوژیدا دەرباز دەکرێن، هەربۆیە سوورین لەسەر ئەوەی دەست لە دەسەڵات بەرنەدەین. کاتێ کۆبوونەوە تەواو بوو، چووینە دەرەوە، دوو کەس لەسەر کورسی دانیشتبوون، یەکێکیان جلی سەربازی لەبەردا بوو، پێیان گوتین:" ئەوە سەددام حوسێنە "، لەکۆشکی سەرۆك کۆماردا گەڕام و ژوورێکی چۆڵم بینی و واقم وڕما، پێیان گوتم: دەزگا و بێ تەلی تایبەت لێرە دانراوە، ڕاستینەی بەعس ئەمە بوو، کە گرێدراوی ئەمریکا بوون، دوای ئەوەی ئەمریکا بەعسیەکانی کرد بەدەسەڵات، لەساڵی 1969 نوێنەری سۆڤیەت هاتبووە بەغداد، یەکێك لەئەرکەکانی ئەوە بوو کۆتایی بەشەڕی نێوان مەلا مستەفا و ئێراق بێنێ، پەیوەندی لەگەڵ ئێمەش بەست و پەسندمان کرد. سەرۆك کۆمار سەبارەت بە گیروگرفت و کێشەکان گفتوگۆی لەگەڵدا کردین. تەنیا یەك داواکاریم لێکرد و پێمگوت:" چی بەکوردان دەبەخشن، ئێوە ئامادەنە؟ بەیاننامەیەك دەربخەن و مافەکانی گەلی کورد رابگەیەنن، لە مەلا مستەفا و پیاو و داردەستەکانی ببوورن و لەگەڵیدا ڕێکبکەون " بەڵام ئەمەیان پەسند نەکرد. دوای ئەوە من نەخۆش کەوتم، خواستیان لەنەخۆشخانە دەرمبخەن و بمنێرنە لەندەن. کاتێ خواستیان بمنێرن سەددام حوسێن لەبەر دەرگا وەستابوو و گوڵێکی بەدەستەوە بوو و پێشوازی لێکردم. کاتێ گەیشتمە لەندەن کۆنسلۆسی ئێراق لە لەندەن چاوەڕوانمان بوو. ماوەیەك لەلەندەن مامەوە، ڕۆژانە کۆنسلۆسی ئێراق سەردانی دەکردم. دەیخواست ساتێ زووتر چاك ببمەوە، چونکە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ مەلا مستەفادا گەیشتبووە قۆناخی زۆر هەستیارەوە، دوو ڕۆژ دوای ئەوە گفتوگۆ و چاوپێکەوتن کەوتە نێو ڕێڕەوێکی باشەوە ( ئەمە ساڵی 70 بوو ). مانگێك دوای ئەوە پیاوێك لەئێران هاتە لام، سەربە دەزگای سیخوڕی ئێران بوو. لەپاریس یەکترمان بینی و شای ئێران ناردبووی، گوتی: " دەخوازین ئەم هەڵە و کەم و کورتییانە ڕاست بکەینەوە کە دەرکەوتوون، مەلا مستەفا خەڵەتێنراوە، دەخوازێ تۆش بکات بە پیاوی خۆی " لەوڵامدا گوتمان :" بۆچی شای ئێران وادەکات؟ بائێران دان بەهەندێ مافی کوردان دابنێ، ئەو مافانەی بەعس بەکوردی داوە ڕێگا و ڕەوایەتی بەکەسێك نادات شەڕ دژی بەعس بکات، ئەگەر دەخوازن هاریکاری کوردان بکەن، دان بەمافەکانیان دابنێن، کۆیلایەتیتان بۆ ناکەین " بۆ ئەوەی بزانین و تێبگەین ئاخۆ ئەم پیاوە ڕاستی گوت یان نا؟ داوامان لەهەڤاڵمان سەید عەلی کرد بێتە لامان، چونکە ئەو لەئێران دادەنیشت. لەبەر ئەمەش بوو بانگی تاڵەبانیمان نەکرد. ئیتر ڕژێمی ئێراقیش حیسابی بۆ دەکردین و گوێڕایەڵی دەکردین، دەمانخواست لەگەڵ مەلا مستەفا ئاشت بینەوە، ئەوکاتە کۆمیتەی ناوەندی پارتیەکەی مەلا مستەفاش لێدوانیان دەدا و بە ئاشکرا دەیانگوت: گرێدراوی ئێراقین، دەیانگوت کاتێ ململانێ و پێکدادان کۆتایی پێهات، ئەوکاتە نوێنەرایەتی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین. مەلا مستەفاش دەیخواست لەگەڵماندا ئاشت بێتەوە،

بەگوێرەی بۆ چوونی ئەو دەیگوت: ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد نەبێ ئاشتیش نابێ. منیش گەڕامەوە ئێراق، کۆبوونەوەیەکمان بەست، بڕیاری دەستپێکردنی کار و چالاکیمان وەرگرت. ناوی پارتیمان گۆڕی، گوتمان بابچینە نێو بەرەی مەلا مستەفا، کاتێ لەگەڵ مەلا مستەفا یەکمان گرتەوە لەسووکایەتی پێکردن بەملاوە هیچ شتێکی ترمان نەبینی، بەمجۆرەش پێمان نایە ساڵی 1972.

س. نەتەوەیی: PDK پێشمەرگەکانی ئێوەی بۆ لای خۆی راکێشا و ئێوەش وەك تەماشاکار بێدەنگ مان، دوای ئەوە چی روویدا؟ بارزانی لەساڵی 1974 بە ئامانجی خۆی گەیشت، ئێوەش جیابوونەوە و بەم شێوەیە مانەوە، لە 1970 بەدواوە ئیتر بەمانایەك جولانەوە کۆتایی پێهاتووە. تاکو ساڵی 1974 بەعسیەکان چییان لەگەڵ بارزانی ئەنجامدا؟ لەم ماوەیەدا چ رێککەوتنێك ئەنجامدرا؟ بەتایبەتی لەماوەی نێوان 70 ـ 74 خواستتان چی بکەن؟ چۆن و بە چ شێوەیەك بارزانی بووە کۆسپ؟ خواستتان شەڕ بکەن، رێتان لێگیرا، خواستتان هەندێ کار بکەن. بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانتان بکات بەموڵکی خۆی لەگەڵ ئێراق رێککەوت، ئەم راستییەش لەساڵی 1974 خۆی سەلماند، بەڵێ لەساڵی 1975یش دەستی لەهەموو شتێك بەردا و رایکرد. واتە ئێوەشی لەنێو برد و کەوتنە رەوشێکی بێ هێز و بێ توانایی. سیاسەتمەدارانی کورد و ئێوەی رۆشنبیر دەتانخواست هەندێ شت ئەنجام بدەن، بەڵام هێزی شیکردنەوەتان نەبوو، سەبارەت بەمەسەلەی بارزانی تاوەکو ئێستا هەڵە و لاوازییەکانتان بەردەوامە.

پارتی کۆمۆنیست ئێستاکەش وەکو رابردوو بەردەوامە و لەسەر هەمان هەڵە بەرێوە دەچێ. من هیچ شتێك سەبارەت بە رێبازەکەتان ناڵێم، بەڵام لەکاتی خۆیدا هەڵوێستی پێویست و گونجاوتان نیشان نەدا و لەڕاستینەی بارزانی تێنەگەیشتن، هەربۆیە هەموو شتێك وون دەکەن و لەدەست دەدەن. خۆتان تەسلیمی بارزانی کردووە. تەنیا بۆ یەك کاتژمێریش بێ نابێ مرۆڤ خۆی تەسلیم بکات. بەڵام چۆن و بۆچی ئێوە تەسلیم بوون؟ تێناگەم.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: پێویستە لەسەر ئەوە بوەستین کە بۆچی تاوەکو ئێستا جولانەوەکانی کوردان سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوە.

س. نەتەوەیی: نابێ بڵێین خێڵایەتی و، تێپەڕین. تەنانەت لەنێو PKK شدا شەرێکی دژوارم دژی خێڵایەتی پەیرەو کرد، ئەوەی ئێوە باسی لێوەدەکەن، زۆر لەمێژە لەلایەنی منەوە وەڵامی دراوەتەوە. خاڵێك کە بخوازن بپرسن فەرموون، بۆچی بارزانی وایکرد؟ لەڕاستیدا خەتا هی ئێوەیە؟ ئێوە ئەی کۆمۆنیست و رۆشنبیرانی باشووری کوردستان بۆچی رێگاتان لەبارزانی نەگرت و نەبوونە رێگر؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە بەردەوام لەگۆشەنیگایەکی نەتەوەییەوە سەیری کێشەکەمان کرد.

س. نەتەوەیی: ئەمەیان زۆر گرنگ نییە، نابێ مەسەلەکان زۆر بەسادەیی و ئاسایی بگرینە دەست، باش دەزانن کە خواستیان ئێمەش بخەنە نێو گەمەی خۆیانەوە. هەڵوێستەیان لەسەر هەڤاڵێك کرد، ئەویش دەچێ چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی ئەنجام دەدات، بینیم دەخوازێ تەسلیمی بارزانیمان بکات، واتە بارزانی ئەوی بۆ لای خۆی راکێشابوو، بەرامبەر بەم رەوشە هەڵوێستێکی زۆر توندم نیشاندا، بۆیە رایکرد، کاتێ کە رایکرد دەیگوت:" PKK لەنێو دەچێت و هەڵدەوەشێتەوە. هەروەها یەکێکی تر هەبوو کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، دەچێ لەگەڵ ئیدریس بارزانی چاوپێکەوتن دەکات، ئیدریس دەیگوت: " شەمۆ هات و رێککەوتنمان بەست، ئیدریس دەیخواست ئێمەش رابکێشێ، دەیگوت: " وەرن ئێوە

باشوور چارەسەر بکەن، وەرنە ناوچەی بارزان " ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە بوو، هێزەکانمان بکەونە خزمەتیانەوە و بەگوێرەی خۆیان بەکاریان بێنن، بۆیە هەڤاڵانمان هەن شانبەشانی ئەوان جەنگاون و شەهید بوون.

نیازی بارزانی دەزانم، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی جولانەوەکەمان گوتبوویان:" ئێوە شمشێری دیموکلیسن، بەسەر سەری گەلی کوردەوە و دەهەژێن، مەترسی هەرە مەزنن لە بەرێوەبردنی شەڕی چینایەتی لەکوردستاندا ".

سەرەڕای ئەم بڕیارە لەپێشینەی بارزانییەکان سەبارەت بەئێمە، هەڤاڵان ئەم راستیەیان بەرچاو نەگرت و زۆر بەهەڵە نزیکبوونەوە، بەردەوام دەچوونە لایان تاوەکو دۆستایەتی بکەن و رێککەوتن ئەنجام بدەن. ئەگەر هەندێ تەدبیرمان پێشنەخستبوایە ئێمەشیان لەنێو دەبرد. بەڵام PKK مەزنە، بۆچی ئێمە نەکەوتینە نێو گەمەکانیان؟ مەسعود وایکرد هەموو کەسێك هێرشمان بێنێتە سەر، شەو و رۆژ هەوڵماندا تاوەکو گەمە و پیلانەکانیان پووچەڵبکەینەوە، بۆچی نەکەوتین؟ چونکە تاکتیکەکانیمان پووچەڵکردەوە و هێدی هێدی هێزەکەمان مەزن بوو. لەلایەکی ترەوە وامانکرد سیاسەتەکانی بارزانی لای ئەمریکا، لەندەن، ئێران و تورکیا بێ ئاکام بێت، هەروەکو بڵێی هەموو لایەکمان لێگرت و خنکاندمان، ئاستەنگکردن و راوەستاندنی سیاسەتەکانی بارزانی رووداوو و کارێکی وا ئاسان نییە. لەدوژمن زیاتر هەڵوەستە لەسەر رەوشی بارزانی دەکەم. بەڵام ئێوە سەرەڕای ئەوەی هێزێکتان بەدەستەوە بوو بەهێز بوون، بارزانیتان بۆ خۆتان کرد بەکۆسپێك. ئێوە هەرچیەکتان کردبێ، دەستی بەسەردا گرتووە. ئەنجام چی بوو؟ مادام ئەو تۆ لەنێو دەبات، تۆش ئەو لەنێو ببەیت، هەروەکو هەڤاڵانمان، ئەوانیش وەکو ئێوە کاروخەباتیان دەکرد، پێیانم گوت:" بەهیچ جۆرێك بەم شێوەیە نابێ، چونکە زیانتان بەردەکەوێ ".

پێویستە زۆرباش لەم شەڕە تێبگەین کە لەنێوان ئێمە و بارزانیدا هەیە، وامەزەندە دەکەم تاکو ئێستاش لەڕاستینەی ئەم شەڕە تێنەگەیشتوون، بەتایبەتی تاڵەبانی دەخوازێت هەندێ تاکتیك ئەنجام بدات. بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە و کێشەی بارزانی پێویستە چۆن تەکتیکی راست و دروست پیادە بکەین؟ پێویستە زۆر هەستیار و هۆشیار بین. هەروەکو گوتم: خەتا هی ئێوە بوو، چونکە لەکاتێکدا ئێوە سەرۆکی پارتێکن، ئەو سەرۆك خێڵێکە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەیکەن بەبەرپرسیار و سەرۆکی خۆتان. بیست ساڵ، سی ساڵ بەردەوام بڕیارەکانتان بەلاوە دەنێ و جێبەجێ ناکات. سەرۆك بەمجۆرە نابێت؟ لەکاتی شەڕکردندا گوتوویەتی:" وەرن لێم نزیك ببنەوە " وەکو منداڵ شتێکی پێ بەخشیون و دیسان ئێوەی خەڵەتاندووە. خواستی هەمان شت بەرامبەر بەمن ئەنجام بدات. ئەوەی سی چل ساڵە بەرامبەر بەکوردان ئەنجامی دەدات، خواستی بەرامبەر بەمنیش بیکات، پێی گوتم:" وەرە سەلاحەددین لەلای من بمێنێ ". زۆر چاك دەزانم لەرێگای ئەم تاکتیکە دەخوازێ پیلانێکمان بەسەردا پەیڕەو بکات. نەك بەرامبەر بەمن، بەڵکو هێزی ئەوەی نییە شتێکی بەمجۆرە بەرامبەر بەهەڤاڵانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیشدا پەیڕەوبکات کە لەناوچەکە دەمێنن. چونکە تەگبیری پێویستم گرتووە و سەری داویش بەدەست خۆمەوەیە. هەربۆیە پازدە ساڵە نەیتوانی شتێك بەرامبەر بە ئێمە بکات. ئێستاش شتی گرنگ ئەوەیە بەئەنجام بگەین.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: ناکۆکیەکانی ئێوە لەگەڵ بارزانی نوێیە، هی ئێمە بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە.

س. نەتەوەیی: لەململانێ و خەبات دژی بارزانی چ ئەنجامێکتان بەدەست هێنا؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: هیچ شتێك، تەنیا وەك ئێوە بەرخۆدانمان كرد.

س. نەتەوەیی: ئێمە بەرخۆدان دەكەین، بەڵام ئێوە پەرێشان بوون، لەنێو چوون. ئەمەش رەوشێكی خراپە، ئێمە وامانكرد بەرامبەرمان چۆك دابنێن، شەڕ ئەم پیاوە دێنێتەوە سەرڕێ.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: مەسەلە لەچەكدا نییە، بەڵكو مەسەلە تێگەیشتن و چەمكی هەردوو لایەنە.

س. نەتەوەیی: مەسەلەی سەرەكی لەڕێگای چەكەوەیە، بۆچی مەسعود بارزانی لەنێو نەچوو؟ لەهەمانكاتدا بارزانی رۆحێكە، كولتوورێكە. لەنێو گەلدا رەوشی بارزانی بۆتە داب ونەریتێك، ئەم شەرە شەڕی هەموو كوردێكە. لەڕاستیدا بەرلەوەی شەڕ دەست پێبكات مەسعود بارزانی دەیخواست بۆ دواوە هەنگاو بهاوێژێ، چونكە شێوازی شەڕی ئێمەی بینی و دەترسا، بەرلەشەڕ دەیخواست لەگەڵماندا رێكبكەوێ و سازشكاری بكات، بەڵام هەرچەندە مەسعود بخوازێ سازشكاری بكات ئەمە پەسند ناكەین، چونكە سۆز و پەیمانێكە، پەیمانێكی هەزاران ساڵەیە. ئەو هەرچەندە تەنازول بكات، پەسندی ناكەین، پێویستە بەئەنجام بگات. ئەمڕۆ تاڕادەیەكی مەزن لەسەر PKK دەوەستن و هەڵوێستەی بەرامبەر دەكەن، بەڵام ئێمە وەكو بارزانی ناكەین، شێوازی شەڕكردنمان زۆر جیاوازە. نەباكوور و نەباشوور سەری لەم شێوازە دەرناچێت و لێی تێناگات. ئێوەش شتێكی لێ تێناگەن، هەربۆیە پێشتریش ئاماژەم پێكرد و گوتم: پێویست دەكات بەشێوەیەكی قووڵ و چڕوپڕ هەڵوێستە بەرامبەر بەم شەڕەی دوایی بكەن.

ڕەوشمان بەرامبەر بە PDK باشە. لەلایەنی سەربازی رەوشمان باشە، لەلایەنی ئابووری ( دارایی ) كێشەیەكی وا جددیمان نییە. تاوەكو كێشەی بارزانیەكان چارەسەر نەكرێ، بەهیچ جۆرێك رەوشی وڵاتمان كوردستان باش نابێت. هەربۆیە دەڵێم: چەند ساڵێكە شەڕ بەڕێوە دەچێت و تاكو ئێستا كەسێك نییە ئەنجامی مەزنی لێهەڵێنجابێ، هەندێ پارتی جیاواز و كەسایەتی هاتنە سەردانمان، لێیان پرسین، " پارە هەیە یان نا؟ "منیش پێم گوتن: " برۆن " لای ئەوان كێشەی هەرەگرنگ پارەیە و وادەزانن هەر ئەم كێشەیەیە كەتەواوی وڵاتی بەخۆیەوە خەریك كردووە. كێشەی بارزانیەكان تەنیا كێشەی PKK نییە، بەڵكو كێشەی تەواوی كوردانە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: من خواستم بارزانی بكەم بەپردێك تاوەكو دوایی لەشەڕی دژبەداگیركەران بەكاری بێنم.

س. نەتەوەیی: مەزنكردنی بارزانی بەدەستی شای ئێرانەوەیە. توركیاش دژی ئێوە شەڕی پیادە كردووە و پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا زۆر باش بووە. تۆ هیچ باسی ئەم مەسەلانەت نەكرد، پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا گرنگە. بۆ نموونە بەعسیەكان دەبن بە دەسەڵات، دێنە بەردەستی ئێوە دەخوازن لەگەڵتاندا هەندێ هەنگاو بهاوێژن، بەڵام لەبەر ئەوەی هێز دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵی بارزانی، هەموو شتێك سەراوبن دەبێت. ئیتر ئێوەش ناتوانن هیچ شتێك بكەن. كاتێ بەعسیەكان دەخوازن هەنگاوێك بهاوێژن. دان بە هەندێ مافدا بنێن دژی دەوەستن بۆچی؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: هەندێ لەڕۆشنبیرانی كورد لەئێمەیان پرسی: ئێوە چی لەئێراق دەخوازن؟ لەوەڵامدا گوتمان، دیموكراسی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردان. لەوەڵامدا گوتیان:" مەسەلەی ڕێپێوانێكی ئەوروپا یە، داواكاریەكانتان هیچ پەیوەندیەكی بەشۆڕشەوە نییە ".

س. نەتەوەیی: درۆی گەورەتر هەن، باوەڕدەكەم ئەم درۆیانە هی بارزانین. گەلێك لەڕۆشنبیرانی كورد هاتنە لامان، بەتایبەتیش ئەو رۆشنبیرە كوردانەی ئێراق، بەڵام هیچ یەكێكیان لەدرۆكانی بارزانی نەگەیشتوون. گەورەترین درۆی ئۆتۆنۆمییە. بەزارەكی دەڵێ دیموكراسی بۆ

ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان، بەلاّم دیموکراسی لەهزر و مێشکیدا نییە و جێی نابێتەوە، تەنیا فێڵ و خەڵەتاندن هەیە. چونکە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیەتەوە نییە، کەسایەتی بارزانی کەسایەتییەکی دیموکراسی نییە. ئۆتۆنۆمی لەلای ئەو لەپێناو دەسەلاّت و سەرکەوتنی بنەماڵە و خێڵەکەیەتی، بەمانای ئۆتۆنۆمی خێڵەکەی دێت. هەتا لەهزری ئەودا جێگای ئۆتۆنۆمی بۆ خێڵ و عەشیرەتەکانی تریش نییە، بۆ عەشیرەتەکانی تر تەواو دیکتاتۆرێکە، دواییش ئەم راستییە بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا دەرکەوتە روو. کاتێك رێبەرایەتی و هزر بەمجۆرە بێت چۆن ئەنجام بەدەست دێنن؟ بۆچی ئەنجامی تەواوم بەدەست نەهێناوە؟ چونکە مرۆڤی کورد زۆر درۆزنە، بێگومان هەندێ سەرۆك هەن زۆر ساختە و غافڵ و نەفامن. ئەگەر بێتو لەبەرامبەر ئەوەدا هەندێ تەگبیر وەرنەگریت، هیچ شتێك ناهێڵێ و هەرشتێك لەنێو دەبات. کەسایەتی کوردان کەوتووە و بچووك کراوەتەوە، دوژمن هیچی تێدا نەهێشتووە، گیانی لەبەر بڕیوە. ئێمە لەم راستییە تێدەگەین و ناچارین تێبگەین و شەڕێکی دژوار لەبەرامبەریدا پیادە بکەین. ئەم راستییەش خۆی لە بارزانیدا دەبینێتەوە. مەسەلە مەسەلەی PKK نییە. کاتێ مامۆستا سلاّوی بۆ ناردین پەسندمان کرد و هەواڵمان بۆنارد، ئیتر گوتمان:" یان ئەوەتە مەسەلەی بارزانی لەڕێگای سیاسیەوە یان لەڕێگای شەڕ چارەسەر بکرێ، چونکە ئیتر سەبرمان نەما. چونکە بارزانی رەوتێکە، بارزانی واتای رزین و خراپ بوون دێت، بارزانی کەسایەتی گەندەڵە، نوێنەری بەدڕەوشتی و بێ شێوازی و گەندەڵبوونە. ئەمەش چ مانایەك دەبەخشێ؟

بێگومان بێتو ئەوەندە بچیتە لای ئێران و ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت دەکەویتە نێو زۆری و زەحمەتییەکی زۆرەوە، لێکدانەوە و حیسابات لەسەر تۆوە دەکەن. بردنتان بۆ چوارچرا چ مانایەك دەگەیەنێ؟

کاتێ چوونە لای شای ئێران پێویست بوو نەگەڕێنەوە. کاتێ گەڕانەوە لای بەعسیش ( لێرە دەردەکەوێ زۆر کورتبین و تەنگن ) مەترسییەکی مەزن لەئارادایە، ئاواتان لێدێت بکەونە نێو جموجۆڵ و هەڵوێستی 66. لەپێناو پاراستنی خۆتان لەبارزانی رادەکەن، دوایی ناوتان دەبێتە " جاشەکانی 66 "، بەلاّم هیچ کەسێك لەمە تێناگات. لەڕاستیدا جاش کێیە؟ کێ ریگای لەبەردەم ئەم رەوشە کردەوە؟ ئەو بەخۆی جاشایەتی دەکات، بەلاّم کەس لێی تێناگات. بەوانە دەڵێ جاش کە دژی ئەو دەوەستن. بەڵێ ئەمەیە درۆی مەزن، گەلیش باوەڕی بەم درۆیە کردووە، وانییە؟ ئێمە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەوکات جاشایەتی بەجۆرێکی تر دەکرێ. ئەوەی کەسێکی هۆشیار و تێگەیشتوو بێ زوو لەم راستینەیە دەگات. لێرەدا دەخوازێ هەندێ دەسکەوت بەدەست بهێنرێ، بەلاّم ئەوەی لەلای ترەوە جاشایەتی هەرەمەزن دەکات کێیە؟ هەروەها گەلێك هەڵە و کەموکورتی ئێوەش دەرکەوت. دەخوازن هەندێ تەنازولات لەئێراق بەدەست بێنن، چونکە ئەگەر وانەبێ لەنێو دەچن، بەمە دەڵێ:" جاشایەتی ". لەڕاستیدا جاشی هەرەمەزن بارزانییە، ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ شای ئێران پێشیخست جاشایەتی هەرە مەزنە. کەمێك ولاّتپارێزی لەنێو ئەو پەیوەندییەدا هەیە کە تۆ لەگەڵ شای ئێران پەرەت پێدا، بەلاّم پەیوەندییەکانی بارزانی جاشایەتی هەرەمەزنە. ئێوە کاتێ پەیوەندی لەگەڵ بەعسیەکان دەبەستن دەخوازن بۆ کوردان هەندێ مافیان لێ بسەنن، بەلاّم پەیوەندی بارزانی لەنێو جاشایەتیدایە. تاکو ئێستاکەش تێگەیشتنێك سەبارەت بەم راستییانە نییە، بۆیە دەخوازم بەقووڵی و فراوانی لەسەر ئەم خالاّنەدا بوەستن کە ئاماژەمان بۆیان کرد. ئەم لەسەر وەستان و هەڵوێستەکردنەش بۆ رابردوو ناخوازم، بەڵکو بۆ ئێستا و رۆژگاری ئەمڕۆمان دەخوازم. گەلێك مرۆڤی کۆمۆنیست و رۆشنبیر و

هونەرمەند و... هتد دێنە لامان، هیچ شتێك نازانن، نازانن سیاسەت پەیڕەو بکەن، هەر دەڵێن:" پارە، پارە، بازرگانی، بازرگانی " بەڵام بەم شێوەیە نابێ! نەدەتوانین پارەیان بدەینێ، نەژن و نەپیاو و هیچ یەکێکیان بۆ ئێوە نامێنێتەوە.

مامۆستا هاوار: تاڕادەیەك پارتی کۆمۆنیست خاوەنی مێژووی بەرخۆدان بوو، هەروەها کۆمۆنیستەکان بنەمای کوردایەتییان نیشانی کوردەکان دا.

س. نەتەوەیی: چۆن؟ ئەوان کۆسپیان بۆ کوردان دروست کرد؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: راستە.

س. نەتەوەیی: ئێستاکە مۆسکۆ کەوتۆتە نێو چ رەوشێکەوە؟ لای ئێوە کەوتوونەتە نێو چ رەوشێکەوە؟ لای ئێمە، لەتورکیا، کەوتوونەتە نێو چ رەوشێکەوە؟ سەرمایەدارێکی مەزنی تورکیا کە ناوی جەم بۆینەرە جولانەوەی دیموکراسی نوێی دامەزراند، لەسەداسەدی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، ئێستا لای ئەو پەیڕەوی لەسیاسەت دەکەن. شتێکی وا لەکەسایەتی کۆمۆنیستەکانی ئێراق نابینم، ئەگەر بارزانییەکان لایەنێکی مێشك و هزری کوردانیان پووکاندبێتەوە، ئەوا لاکەی تریش لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە پووکێنراوەتەوە. لەوانەیە هەندێ کەسایەتی دەرکەوتبن. گەلێك مرۆڤ لەفوتابخانەی بارزانی دەرچوون کە هیچ شتێك لەسیاسەت نازانن و لێی تێناگەن. لەلایەکی ترەوە بارزانی یاری بەچارەنووسی گەلێك کەسایەتی کورد کرد کە جێگای خۆیان لەنێو پارتی کۆمۆنیستدا گرتبوو. مامۆستا باش لەمەبەستم تێدەگات، مامۆستا من و تۆ مارکسیستی راستەقینەین. لەو ماوەیەی کەخۆت سکرتێر بوویت رێگات لەپێش هەندێ مەسەلە کردەوە، بەڵام خاڵێکی گرنگ لێرەدا هەبوو: ئەوەش ئەوەیە کاتێ کۆمۆنیستێك سەبارەت بەمەسەلەی کورد گفتوگۆ دەکات نکوڵی لەهەندێ شت دەکات. لای ئەو نەتەوایەتی و دیموکراسییەت نییە. لەنێو ئەم پارتانە، لەوانەیە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق خواستوویەتی هەندێ شت بکات، لەلایەنی ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە جولانەوەیەکی مارکسیست بوون، بۆ نموونە بارزانیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا، خواستیان چەمکی نەتەوایەتی تێدا پێشبخەن، ئەمە شتێکی باش بوو، بەڵام نەیانتوانی کاریگەری بەسەر بارزانیەوە بکەن، چونکە نەیانتوانی هزری عەشیرەتگەری بگۆڕن، لەپراکتیکدا بەبارزانییان گوت:" لەسەر بنەمای ئاغایەتی، عەشیرەتی و دیکتاتۆریەت بۆ خۆت بەردەوام بە و بەڕێوە برۆ. ئەگەر وەکو بۆی چوو بوون لەبواری کرداریدا جێبەجێیان کردبایە باش دەبوو، بەڵام ئەمە نەکرا و روونەدا.

دووەمیان ئەوەیە: کە تۆ سیاسەتمەداری، رۆشنبیری؛ هەموو شتێك لەتۆ فێر دەبێ، بەڵام لەهەمانکاتدا خۆی وەك رێبەرێك دەسەپێنێ و بەخەڵکی پەسند دەکات. هەربۆیە من مەسەلەکە روون دەکەمەوە، واتە ئەوە مەسەلەیەکی ژیانییە، کێشەی هەموو کوردێکە. بارزانی یەکێکی بێ جددیەت و فێڵبازە، دوژمنی گەلی کوردە، هەروەها لەبازرگانی کردندا کارامە و بەتوانایە، بۆچی؟ دوژمن باش دەزانی چی بەرامبەر کوردان پەیڕەو بکات. باش دەزانێ لەگەڵ کێ و چۆن پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ. هەروەها تەواوی دوژمنانی کوردان پەیوەندی لەگەڵ بارزانی دەبەستن، بۆچی؟ چونکە بارزانی زۆر بەرێکوپێکی رۆڵەکانی کوشتن و خیانەت جێبەجێ دەکات. یەکێك کە لایەنگری ئەم هەموو دوژمنانەی گەلی کورد بکات، هەموو شتێك دەکات. لەسەر ئەم بنەمایەش بازرگانی دەکات.

بۆ نموونە ئەو بازرگانی و نۆکەرایەتییەی دەیکات، دەیخاتە ئەستۆی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد. چۆن دەبێ پیاوێکی بەمجۆرە خۆی بکات بەسەرۆکی کوردان؟ ئەمە عەزرائیل خۆیەتی. هەر خراپەکارییەکی لەکوردستان روویدا بێ، لەژێر سەری ئەو دەرکەوتووە، لەرۆژگاری ئەمرۆشماندا دیسان ئەم راستینەیە خۆی دەسەلمێنێ. شتێکی دیار و بەرچاوە کە لەرادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی بارزانی رۆژانە چەندین درۆ دەکرێ. ئێستا کوردی دڵسۆز هەن و دەخوازن هەندێ کاری باش بکەن، بەڵام رێگایان پێنادات تواناکاری بەلاوانیش نادات، بەڵێ رێ بەهیچ کەسێك نادات.

م. هاوار: هۆکاری ئەمە چییە؟ کوردستان دەفرۆشێ و کەس ناخوازێ لەپێشی ببێتە کۆسپ.

س. نەتەوەیی: بەڵێ، بێگومان ئەو پارەیەی وەریشیدەگرێ بۆ خۆی و بنەماڵەکەیەتی. لەرۆژگاری ئەمرۆماندا دەڵێن:" ئێمە ئازادین، حکومەتی خۆمان دادەمەزرێنین ". هەوالی بۆ ناردم دەڵێ بابێتە لامان. بێگومان ئەگەر بچین پەرێشانمان دەکات و لەنێومان دەبات. ئەگەر یەکێکی وەکو بارزانی بتوانێ حکومەت دامەزرێنێ، دەبێ تۆ چی بکەی؟ پێویستە کاری زۆر مەزنتر بکەیت، وانییە؟ زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە رادەوەستین، لەو باوەڕەدام سوودبەخش دەبێ. بیروبۆچوونی ئێوەش وەردەگرین، دەتوانن هاریکاریمان بکەن. هەروەها بیروبۆچوونەکانی مامۆستاش وەردەگرین. ئیتر ناخوازین درۆ و خەڵەتاندن بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستە بالادەستی و زاڵبوونی درۆ و ساختەکاری کۆتایی پێبێت و راستییەکان دەرکەونە روو. ئیتر بامرۆڤی کورد، لاوان و رۆشنبیرانی کورد فێری شتێك ببن. باڕووناکی ببینن تاوەکو کەس نەتوانێ رێگایان لێ بشێوێنێ و چەواشەیان بکات، چونکە درۆ و ساختەکاری مەزن لەمەیدان دایە. پێویستە لەنێویان بەرین. هەندێ راستی هەن پێویستە هەموو کەسێك ببینێ و بیزانێ.

بۆ ئەوەی بابەتەکە کۆبکەینەوە سەریەك مرۆڤ دەتوانێ چی سەبارەت بەماوەی نێوان 70 ـ 75 بڵێ؟ رۆڵی بارزانی چی بوو؟ ئێوە دەتانخواست چی بکەن؟ رێککەوتنی " 11ی ئادار هەبوو، بەڵام لە 75 ئیفلاسی کرد و بارزانی رایکرد و رۆیشت، ئەمە وەك راکردنێکی مەزن دەبینم. ئێوەش هیچ شتێکتان ئەنجام نەدا. یەکێتی دامەزرا، بەڵام زۆر لاواز بوو، گەلێك شت لەدەستچوو، وون بوو. هۆکاری ئەوە چی بوو؟ بۆچی ئەم ئەنجامە دەرکەوتەڕوو؟ بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی رەوشی کوردستان ماوەی نێوان 70 ـ 75 زۆر گرنگە. لەم مێژووەدا PKK لەدایکبوو. ئەو خاڵە سەرەکییەی قۆناخی 70 ـ 75 کامەیە کە پێویستە لەتەواوی کوردستان بەبنەما بگیرێ؟ کام قۆناخ بەسەر چوو، کام قۆناخ دەستیپێکرد؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ گەیشتینە ساڵی 1975 رەوشی پارتیمان هەڵسەنگاند و شیکردەوە. لەساڵی 1970 من و هەڤاڵێکمان لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چووینە بارەگاکەی مەلا مستەفا، لەوێدا کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بارزانی بەست. لەسەرەتا بارزانی بەتەنیا بوو، دوایی کۆمیتەی ناوەندی مەلا مستەفاش جێگای خۆی لەکۆبوونەوەکەدا گرت. سەرەتا هەندێ مەسەلەو گیروگرفت لەکۆبوونەوەکەدا دەرکەوت. هەروەها هەندێ دژە هەڵوێستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەرکەوت، مەلا مستەفا بەمجۆرە پێیانی گوت:" ئەمە خەتای ئێوەیە، پارە و هێزم پێدان تاوەکو بیانکوژن و لەنێویان بەرن، بەڵام ئێوە نەتان کوشتن، ئێستاش من پەسندیان دەکەم. هەروەها هەندێ لەدەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە دەخوازن لەگەڵیاندا رێککەوین، ئیتر ناتوانم پەسندیان نەکەم ". ئەوەی بارزانی گوتی راست نەبوو، شتێکی بەمجۆرە لەئارادا نەبوو. هەندێ کەسیش لایەنگری رێککەوتن بوون، دەیانگوت:" پێویست دەکات لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرەکانی رێککەوین ". بارزانی زیاتر و جددی تر گوێڕایەڵی قسەکانی ئەو کەسانەی دەکرد کەوا پێشتر لەئێراق سیخوڕێتیان بۆ ئینگلیزەکان کردبوو و دوایی رایان کردبوو. ئەوەندە گوێڕایەڵی

کەسایەتییە وڵاتپارێزەکانی نەدەکرد. هیچ خەیاڵێکی بەمجۆرەمان نەبوو کە بچینە ئێران و ببینە جاش، یان لەلای مەلا مستەفاوە بمێنینەوە. بەیاننامەی " 11ی ئادارمان بەباش دەبینی. بەمەلا مستەفامان گوت:" ئەوەی تۆ دەیخوازی ئێمە پەسندی دەکەین " لەم چوارچێوەیەشدا رێککەوتنمان پەسندکرد، ئەوەم پەسند کرد کە ئیتر بەتەواوی لای بارزانی دەمێنم و لەناوچەکە دەرناکەوم. هەندێ کەسی ترم لەگەڵدا بوو، بارزانی ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی پەسندکردن کە لەگەڵ من بوون، تاڵەبانیش بەبیانووی تەواوکردنی خوێندنی چووە ئەوروپا. لەم قۆناخەدا حکومەتی ئێراقیش یارمەتی بارزانی دەدا. بارزانی دەسەڵاتی خۆی لەم ناوچانە بەهێزکرد کە لەژێر کۆنترۆڵیدا بوون، تەنانەت حکومەتی ئێراق چاوی بەرامبەر بەوە پۆشی کە بارزانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاری سلێمانیشدا بەهێز بکات کە تائەوکاتە لەژێر کۆنترۆڵیدا نەبوو. وەك وەزیرێك جێگای خۆی لەنێو حکومەتی ئێراقدا گرت. ئەگەر بارزانی نەبوایە، ئەوا لەدەرئەنجامی ئەو رێککەوتنەی ئیمزا کرابوو حکومەتی ئێراق لە 50٪ی داخوازیەکانمانی جێبەجێ دەکرد، چونکە حکومەتی ئێراق بەدروستی دەجوڵایەوە. ئەگەر بارزانی مرۆڤێکی دروست بوایە و نەکەوتبوایە نێو خیانەتی نیشتمانی، ئەوکاتە داواکارییەکانمان جێبەجێ دەبوو و پێکدەهات. ئەوەی بووە کۆسپ حکومەتی ئێراق نەبوو، بەڵکو بارزانی خۆی بوو. لەرێککەوتنی " 11ی ئاداردا بۆ یەکەمجار شۆڕشی کوردستان ( جولانەوەی کوردی ) دەناسرا. تەنیا حکومەتی ئێراق نا، بەڵکو گەلێك دەوڵەتی بیانی دانیان بەشۆڕشی کوردستان ناو هاتن دیدار و چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا. بۆ نموونە نوێنەرایەتی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران و هەندێ دەوڵەتی تر هەبوون. ئامانجی ئێراق ئەوە بوو: ئەو پەیوەندییەی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران ببڕێ کە لەگەڵ کوردەکانی ئێراق هەیانبوو. مەلا مستەفا تەنیا سەبارەت بەم خاڵە گرنگە هۆشیاری و هەستیاری نەنواند، بەگوێرەی رێککەوتن هەڵسوکەوتی نەکرد. لەم قۆناخەدا کامەران بەدرخان هاتە ئێراق و حکومەتی ئێراقیش پەسندی کرد و وەك رێبەرێکی کوردان مامەڵەی لەگەڵدا کرد. دوایی کامەران بەدرخان بۆ بینینی مەلا مستەفا هاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی، دوایی لەرێی ئۆتۆمۆبیل دەربازی ئێران بوو، لەوێیشەوە چووە پاریس. لێرەدا بۆ جاری یەکەم مەلا مستەفا رێککەوتنی " 11ی ئادار "ی شکاند و، پەیوەندی لەگەڵ ئێران بەست. پەیوەندی نەبەستن لەگەڵ دەرەوە مەرجێکی رێککەوتن بوو. پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ ئێران زۆر لەجاران بەهێزتر بوو. بەتایبەتیش پەیوەندییە ئابووری، سەربازی و سیاسیەکان زۆر بەهێز بوو.

ئیتر باشووری کوردستان بووە گۆڕەپانی فاچاخچییەکان. پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ ئێران زۆر لەو پەیوەندییانەی لەپێشتر و بەهێزتر بوو کە لەگەڵ ئێراق هەبوون. لەسەرەتا حکومەتی ئێراق چاوی لەم رەوشە دەپۆشی. دوایی تەماشای کرد شتێکە پەسند ناکرێت، بەتایبەتیش هەندێ کەس لەنێو پارتی بەعسی دەسەڵاتدار هەبوون دژی ئەم رەوشە بوون. ئیتر دەنگی دوژمنانی کورد زیاتر بەرز دەبۆوە، چارەسەرییان لەوەدا بینیەوە لەگەڵ ئێران رێککەون. ئەوکاتە لەهەندێ جێگادا پێکدادان لەنێو هێزەکانی حکومەتی ئێراق و بارزانی دەرکەوت. ئیتر حکومەتی ئێراق بارزانی وەکو مەترسییەکی مەزن دەبینی و پیلانی لێدانی بارزانی دانا. ئیتر پەیوەندی لەنێوان بارزانی و حکومەتی ئێراق نەما. دوای ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ئێراق تێکچوو، شاندێکی مەزن لەئێران هات، ئەوانەی هاتن کارمەندانی سیخوڕی و سەربازی و دارایی بوون. لەم ماوەیەدا پەیوەندی نێوان ئێراق و یەکێتی سۆڤیەت باش بوو، تەنانەت پرۆتۆکۆلیان لەنێوان خۆیاندا ئیمزا کردبوو. حکومەتی ئێراق کۆمۆنیستەکانیشی بۆ لای خۆی راکێشا و لەنێو حکومەتدا جێگای پێدان. رێککەوتنیان ئەنجامدا، داوایان لەپارتی کرد جێگای خۆی لەنێو بەرەدا

بگرێ، پەسندی نەکرد و ڕەتی کردەوە. پارتی لەپێناو ڕێککەوتن و لەیەك گەیشتن داوای ناوبژیوانی کرد. بەتایبەتیش ئیتر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینرا کە حکومەت سەبارەت بەمەسەلەی کەرکوك ڕێککەوتنی " 11ی ئادار پێشێل دەکات ". بەڵام دیسان هۆکاری سەرەکی خیانەتی بارزانییە، لەگەڵ هیچ لایەنێکیان ڕێککەوتنمان ئەنجام نەدا. لەم ماوەیەدا شاندێکی سۆڤێتی هاتن، چوونە ماڵی بارزانی و سەردانیان کرد، سەرۆکی شاندی سۆڤێتی " گریماکۆف " داوای لە مەلا مستەفا کرد نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە مۆسکۆ. سۆز و پەیمانی ئەوەیاندا کە ڕێککەوتن لەنێوان کوردان و حکومەتی ئێراق بەدی دێ، هەروەها پەیمانی ئەوەیدا کە سۆڤیەت داخوازییەکانی کوردان بەسەرکەوتن بگەیەنێ. تا ئەوکاتەش سیاسەتەکانی کە لایەنگیری ئەمریکا بوون شاراوە بوون. بارزانی دەیخواست یارمەتی هەم لەئەمریکا و هەم لەسۆڤیەت وەربگرێ. پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت بڕی، وەك موریدێك خۆی بەئەمریکاوە گرێدا. ئەگەر گوێڕایەڵی قسە و ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەتی کردبوایە، ئەوا ئەو مافانەی دەخستە ژێر گەرەنتییەوە کە لەڕێککەوتنی ئادار بۆ کوردان درابوو. ئامانجی ئێران و ئەمریکا ئەوە بوو حکومەتی ئێراق لاواز بکەن. یەکەمین هۆکار ئەوە بوو ئێراق دەوڵەتێکی عەرەبی بەهێزی ناوچەکە بوو، ئەمەش بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانیان بوو، دووەمیشیان لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو. هەر بۆیەش جگە لەفرۆکەی جەنگی هەرچەکێکیان بەبارزانی دابوو. دیسان بۆ جارێکی تر شەڕ و پێکدادانی چڕوپڕ لەنێوان حکومەتی ئێراق و بارزانی ڕوویدا. کاتێ ئێراق کەوتە نێو زۆری و زەحمەتی لەڕێی تورکیا پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئێران بەست. بەمجۆرە چاوپێکەوتن و دیدارەکان بەردەوام بوو تاوەکو ڕێککەوتنی جەزائیر سەری گرت.

لە 6ی ئاداری 1975 حکومەتی ئێران سەبارەت بەپشتگیری نەکردنی کوردان تەنازولی گەلێك مەزنی لەحکومەتی ئێراق سەند، شەتولعەرەب کە پێشتر جێگای ململانێ و ناکۆکی بوو درابە ئێران، مەلا مستەفا بەردەوام لەنێو گومانی ئەوەدا دەژیا ئەگەر بێتو شەڕێك لەنێوان ئەو و حکومەتی ئێراق دەربکەوێت، لایەنی حکومەتی ئێراق دەگرین.

لەم ماوەیەدا من و فوئاد لەئێران بووین، بەڵام یەکسەر گەڕاینەوە کوردستان. بەرلەنوێنەرەکەی مەلا مستەفا هاتین، نوێنەرەکەی بارزانی ناوی " سدقی متنی " بوو. کاتێ گەیشتینە شارۆچکەی " خانێ "ی نزیکی سنوور ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و نارەزایی گەل هاتین. لەتەواوی کوردستان خۆپیشاندان دژ بەم بەیاننامەیە دەکرا کە کۆمیتەی ناوەندی مەلا مستەفا دەریخستبوو. لەبەیاننامەکەدا نووسرا بوو:" یان ئەوەتە دەچن خۆتان تەسلیمی ڕژێمی ئێراق دەکەنەوە، یان چەکەکانتان تەسلیم بەئێران دەکەن و وەکو پەنابەرێك لەئێران دەژین ". گەلی کوردیش دەیگوت:" لەم دوو ڕێگایە بەملاوە ڕێگایەکی تر هەیە، ئەویش بەرخۆدان و تێکۆشانە و مسۆگەر خۆبەدەستەوەدان نابێ ".

هۆکاری گەڕانەوەی من بەئامانجی ئەوە بوو هەندێ لەهەڤاڵە وڵاتپارێزەکان ببینم تاوەکو دژی ڕێککەوتنی ئێراق ـ ئێران بوەستین و بەڵکو کارێك ئەنجام بدەین، بەلایەنی کەم بیرم لەوە دەکردەوە لەڕێگای ڕێککەوتنی جەزائیریش بێ هەندێ شت بۆ کوردان بسەنین. دەمانگوت:" ئەگەر شۆڕشیش نەکرێت، با هەندێ ماف بەدەست بێنین ". بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە پێویست بوو تاوەکو 13ی ئادار چەکەکان تەسلیم بکرێتەوە. لەم ماوەیەدا مەلا مستەفا لەتاران بوو. ئەوکەسانەی لەکۆبوونەوەکە ئامادە بوون بەمجۆرە دەیگێڕنەوە، دەڵێن شای ئێران بەمەلا مستەفای گوت:" پەیوەندیمان لەگەڵ ئێراق بەست، ئیتر لەمە بەولاوە من ناتوانم پشتگیری لەجولانەوەی کورد بکەم " هەروەها داوای لە مەلا مستەفا کرد بڵاوە

بەجولانەوەکە بکات. وەڵامی مەلا مستەفا بۆ شا بەمجۆرە بوو:" ئەو شێوازەی شا بەگوێرەی بەرژەوەندی ئێرانی دەبینێ، لەو باوەڕەدام بەرژەوەندی ئێمەشی تێدایە و پەسندی دەکەم ". کاتێ مەلا مستەفا لای شا دەردەکەوێ سەرۆکی سیخوڕی دەزگای ساواک لێی نزیك دەبێتەوە و پێی دەڵێ:" بۆچی بەم شێوەیە پەلە دەکەیت، دەبوایە وا بەخێرایی بڕیار نەدەیت، دەبوایە بگەڕێیتەوە کوردستان برادەران و هەڤاڵانت ببینی و دوایی بڕیار بدەیت ". بێگومان سەرۆکی ساواك لەبەر ئەوە وای بە مەلا مستەفا نەگوت کە کوردی خۆش دەوێت، بەڵکو گومانی دەکرد نەوەکو بچێتە ئێراق و بڕیارەکانی جێبەجێ نەکات، چونکە دەیانخواست کارتی ( وەرەقەی ) بارزانی تا جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەکار بێنن. بەڵام ئەوەی دیار بوو مەلا مستەفا زۆر لەوان بەپەلەتر بوو و بەخێرایی دەجوڵایەوە.

چاومان بەهەندێ کەسایەتی کەوت، زۆرینەی گەلی کورد لەم رەوشەدا لایەنگری درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشان بوون. جولانەوەکەشمان جولانەوەیەکی وا بچووك و ئاسایی نەبوو. بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن مرۆڤی جەنگاوەرمان زۆر بوو، هەموو جۆرە تەکنیکێکمان هەبوو، هەروەها پشتگیرییەکی زۆری خەڵکانمان لەپشت بوو، بەهەزاران چەك و پێشمەرگەمان هەبوو. جگە لەو شت و مەکانەی مەلا مستەفا شاردبووینەوە، جگە لە بیست ملیۆن دۆلار هەر شتێکمان هەبوو. حکومەتی ئێران تاوەکو 19ی ئادار تۆپەکانی خۆی لەکوردستان بەجێ هێشتبوو، بێگومان شەڕ تاوەکو گەڕانەوەی مەلا مستەفا، تاوەکو سێزدەی مانگ بەردەوام بوو. شەوێکیان دەمخواست مەلا مستەفا ببینم تاوەکو گفتوگۆ سەبارەت بەڕەوشەکە بکەین. بینیم یەکێك لەدارودەستەکانی هات، لێی پرسیم " چی دەخوازی "، منیش پێمگوت:" دەخوازم مەلا مستەفا ببینم "، پێی گوتم: " هەرشت کۆتایی پێهات ". دوایی بەرپرسیارێکی ساواك و دیپلۆماتێکی ئەمریکیم بینی پێم گوتن:" دەرکەوتن لەو ڕێککەوتنەی نێوان ئێراق ـ ئێران بەستراوە رووناداوت، جولانەوەی رزگاری نەتەوەیی کورد کارێکی بەمجۆرە ناکات ". دوایی رۆیشتم و کۆمیتەی ناوەندی و مەلا مستەفام بینی، تەنیا تاکەکەسی تاوەکو دوایی پشتگیری لەم رێککەوتنە کرد سامی عەبدولرەحمان بوو، پێی گوتم:" ئێمە تەنیا لەگەڵ رێککەوتنی ئێراق ـ ئێران ناوەستین، بەڵکو دژی ئەو کەسانەش شەڕ دەکەین کە دەخوازن ئەم رێککەوتنە تێکبدەن ". صالح یوسف و دارا کوفیم بینی ئەوانە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، لە یەکەم رۆژی رێککەوتن چوون تەسلیمی رژێمی ئێراق بوون. ئەندامەکانی تری کۆمیتەی ناوەندی ئامادەکاری ئەوەیان دەکرد بچن خۆیان تەسلیم بکەنەوە، ئیتر نەپارتی و نە کۆمیتەی ناوەندی نەما بوو، هەموو شتێك بەدەستی بارزانی و کوڕە بچووکەکەی بوو. من ئەوکاتە لەتاران بووم. حکومەتی ئێراق دەیخواست من بگەڕێمەوە ئێراق؛ کاتێ نەیتوانی من رازی بکات، ئەوکاتە بەئێرانی گوت:" ئەو مرۆڤە کێشە و گیروگرفت دروست دەکات، دەخوازێ دەست بەجولانەوەیەکی نوێ بکات، پێویستە لەئێراندا نەمێنێتەوە " ئەوکاتە کاربەدەستانی ئێرانی پێیان گوتم:" یان دەچی لەسنووری ئەفغانستان بۆ خۆت نیشتەجێ دەبیت، یان ئەوەتە دەبێ لەخاکی ئێران دەربچی ". هەربۆیە منیش ئێرانم بەجێ هێشت و چوومە ئینگلتەرا.

س. نەتەوەیی: ئەی دەرکەوتنی عەلی عەسکەری و هەڤاڵانی چۆن بوو؟ بۆچی پاکتاو کران؟

م. هاوار: هەر لەدوای رێککەوتنی 17 ی ئادار و رێککەوتنی جەزائیر هەندێ لەلاوە کوردە وڵاتپارێزەکان ئەم رێککەوتنەیان پەسند نەکرد و بەرەو چیاکان رۆیشتن، یەکێك لەمانەش شەهید عەلی عەسکەری بوو. ئەو و هەڤاڵانی مەرجە داسەپاوەکانیان پەسند نەکرد و بەرخۆدانیان کرد،

تاوەکو لەلایەن دوژمنەکانیانەوە پاکتاو کران. دوای شەهیدبوونی عەلی عەسکەری و هەڤالانی، رەسوڵ مامەند دەربازی کوردستان بوو، خەڵکی لەدەوروبەری خۆی کۆکردەوەو هێزی پێشمەرگەی پێکهێنا، حکومەتی ئێراق دەیخواست بەپارە بیکڕێ و بیفرۆشێ. هەتا خواستیان سەد هەزار دیناری پێبدەن. ئەوکاتە هەندێ رێکخراو ( لەوانەش کۆمەڵە ) هاتنە لای یەکتر و YNK یان پێکهێنا. جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خەبات دەکەن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لەم پێناوەدا تێدەکۆشن. هەروەها هەندێ لەلاوانی شارەکان هاتن تەڤلی ریزەکانی پارتی بوون، دوای ئەوەی تەواوی گەل بڕیاری درێژەپێدانی تێکۆشانی دا. ئیتر جولانەوەی کورد بەگیانێکی نوێ و بەشێوەیەکی بەهێز کەوتە ژێر کۆنترۆڵی گەنجە وڵاتپارێزەکانەوە.

دوای شەڕی کەنداو گەلی کورد راپەڕی و هێزەکانی سوپای ئێراق بەدەرنا. دوای هێرشە دڕندانەکەی رژێم بۆ سەرکوردستان کۆچبەریەکی مەزن هاتە ئاراوە و خەڵك شارەکانی بەجێ هێشت و بەرەو چیاکان رۆیشتن. ئەوەش یەکێك بوو لەدەرئەنجامی ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەتانی هاوپەیمان بەسەر ئێراقدا پەیڕەویان کرد. لەئەنجامی وەستاندنی ئێراق لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کوردەکانیش گەڕانەوە ئەو شوێنانەی کە هێزەکانی سوپای ئێراق چۆڵیان کرد، بەمجۆرە حکومەتی فیدراڵی خۆیان ئاواکرد.

هەروەکو چۆن رێبەری جولانەوەی کورد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئاماژەی پێکرد مرۆڤە رۆشنبیر و گەنجە وڵاتپارێزەکان پێویستە ئەم راستییە باش ببینن کە: بۆچی سەرهەڵدانەکانی رابردوو بەسەرکەوتن نەگەیشتن، هۆکاری چی بوو؟ بۆچی شکستن؟ هەروەکو لەم نموونانەشدا دەبینین پێویستە باش تێبگەین، دەتوانم هەندێ نموونەی ئەم سەرهەڵدانانە بێنمەوە. بۆ نموونە، سەرهەڵدانی بەدرخان بەگ کە سەرهەڵدانێکی مەزنە سەرەڕای ئەوەی کە لەباکوور تەقیەوە، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان ئاراستەیان وەرگرت، ئامانجیان ئەوە بوو: دەیانگوت:" ئێران لاوازە سەرەتا لەئێران شۆڕش ئەنجام دەدەین دوایی دەگەڕێینەوە باکووری کوردستان و درێژەی پێدەدەین ". شێخ عوبێدوڵلاش کەوتە نێو هەمان هەڵە و لەرۆژهەڵات دەستی بەسەرهەڵدان کرد، لەم قۆناخەدا راستینەی مێژوویی ئەوەی دەسەلماند کە دەوڵەتی ئێران هەم لەلایەنی روسیای قەیسەری و هەم لەلایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگیەکی خۆی هەبوو. هەروەها یەکێتی خاکی ئێران بۆ کەنداویش زۆر گرنگ بوو، هەڵەی رێبەرە کوردەکان ئەوە بوو چوون لەوێ دەستیان بەسەرهەڵدان کرد.

شۆڕشگێڕە کوردەکان کاتێ دەستیان بەهەڵگیرساندنی شۆڕش کرد پێویست بوو باش لەم راستییە تێبگەن؛ ئەوکاتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لاواز بوو، پیاوێکی نەخۆش بوو. بۆیە لەبەرژەوەندییە خێڵەکی و ناوچەییەکان بەولاوە، دەبوایە لەسەر بنەمای گەوهەرێکی نەتەوەیی لەکوردستان دەستیان بەسەرهەڵدان کردبوایە. لاوازیەکی تری جولانەوە کوردییە کلاسیکەکان کێشەی سەرۆکایەتی یە، هەرکاتێ رێبەر لەنێو چوو، سەرهەڵدانیش دووچاری شکست دێت. گەلی کورد تاوەکو ئێستا دۆست ـ دوژمنی خۆی ناناسێ. نازانێ بە چ شێوەیەك دۆستێك بۆ خۆی بخولقێنێ و پەیدای بکات. هەروەها نەیدەزانی بە چ شێوەیەك گەل ئاراستە بکات و بیخاتە نێو جموجۆڵەوە، ئەو سەرهەڵدانانەی باسمان کرد زیاتر سەرهەڵدانی ناوچەیی و سنووردارن.

شێخ سەعید و قازی محەمەدیش سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، لەجیاتی سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی بەرفراوان، سەرهەڵدانی ناوچەیی و سنووردارایان بەرپاکرد. لەمێژووی یاخیبوون و سەرهەڵدانەکانی کورددا گەلێك وانە و ئەزموونی مێژوویی هەن، پێویستە ئەمانە باش بزانین و فێربین، پێویستە هیچ پارتێك ئەمانە نەکاتە جێگای غرور و کێشەی کەسایەتی.

س. نەتەوەیی: بەڵێ، کەسایەتی بارزانی خاوەن چ جۆرە تایبەتمەندییەك بوو؟ رۆحێکی چۆنی هەبوو؟ تا چ ڕادەیەك راستییەکەی ئاشکرا بوو؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بارزانی وەکو ئاغای عەشیرەت وابوو. وەکو سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستان لەسایەی ئەم تایبەتمەندیانە توانی درێژە بەتەمەنی خۆی بدات. لای ئەو مەرجێك هەبوو کە هێندە خۆی تێکەڵی سیاسەت نەکات، لەسیاسەت زیاتر لەخزمەتی بنەماڵەی بارزانی دا بوو. ئەوەی لەگەڵی بوایە دەبوو هەموو شتێك پەسند بکات و نەزان بێ. بەردەوام وەك سەرۆك عەشیرەتێك دەیخواست ملکەچی بۆ بکرێت و خزمەتی بکرێت. بارزانی تەواو پێچەوانەی شێخ مەحمود بوو. شێخ مەحمود بەردەوام لەپێشەوە بوو، لەشەڕ و چالاکیدا بەردەوام جێگای خۆی لەنێو گروپی هێرش دەگرت، سەربازەکانی بیریان لەوە دەکردەوە چۆن شێخ مەحمود بپارێزن و نەهێڵن هێرش بباتە سەر سەربازەکانی دوژمن. بەڵام بارزانی زۆر دووری مەسەلە سەربازیەکان بوو، نەفرەتی لەشەڕ دەکرد، زۆر بەباشی خۆی دەپاراست، بەڕۆژ لەشوێنێك و بەشەو لەشوێنێکی تر بوو.

لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەمەسەلەیەك بکەم، هەندێ بێتەلمان بەدەست کەوت، هەندێ لەم بێتەلانەم بۆ بارزانی نارد. سەبارەت بەم مەسەلەیە بەمجۆرە قسەی بۆ دەوروبەرەکەی کردبوو:" دەبینن ئیبراهیم ئەحمەد تا چ رادەیەك دوژمنایەتی من دەکات، هۆی ناردنی ئەم دەزگایانە ئەوەیە، کاتێ من بەبێتەل قسەدەکەم فڕۆکەکانی ئێراق شوێنم دیاری دەکەن و بەمجۆرە لەنێوم دەبەن ". هەربۆیە شوێنی بێتەلەکەی شەش سەعات لەخۆی دوور دامەزراندبوو، ئەو هەواڵانەی دەهات دوای رۆژێك پێی دەگەیشت.

س. نەتەوەیی: بۆچوونی ئایدیۆلۆژی ئەو چی بوو؟ نەتەوەیی بوو؟ خێڵەکی بوو؟ ئایینی بوو؟ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چەند بوون؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بارزانیەکان خۆیان عەشیرەت نەبوون، بەڵکو پارچەیەکی عەشیرەتی زێباری بوون، بەڵام بارزانیەت چیەتی زیاتر لەمەزهەبێکی ئایینی دەچوو. سەر بەرێبازی نەقشبەندی بوون و پشتیان بەخالید دەبەست. سەبارەت بەمەسەلە ئایینیەکان بەها و رێزێکی زۆر بەشێخ ئەحمەدی برای بارزانی دەدرا، ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە برا گەورەی بارزانی بوو، بەڵکو شێخ ئەحمەدی بارزانی وەك سێبەری خوا لەناوچەکە دەناسرا.

س. نەتەوەیی: باشە ئەم بارزانییانە بنەماڵەیەکی باکووری کوردستان نین؟ هاتبن لەم ناوچەیە نیشتەجێ بووبن، تێکەڵ بەم عەشیرەتە بووبن، واتە نابێ ئەندامی هەمان رێبازبن و هاتبن لەم ناوچەیە نیشتەجێ بووبن. بەگوێرەی مەزەندەی من رەوشی بنەماڵەی بارزانی بەمجۆرەیە. عەشیرەتێکی سەربەخۆ نییە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەم بارەیەوە هیچ زانیاریەکی مێژووییم نییە.

س. نەتەوەیی: بەگوێرەی باوەڕی من سەربەعەشیرەت نین، بەڵکو موریدێکی ڕێبازی نەقشبەندین، لەباکوور لەشەمزینانەوە هاتوون، گەڕاون لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ بوون و گوتویانە:" عەشیرەتێکی سەربەخۆین "، چونکە تایبەتمەندێتی عەشیرەتییان هێندە بەهێز نییە. لەهەمانکاتدا عەشیرەتێکی مەزن نین. تێکەڵاوییەکی عەشیرەتی و مەلایەتین. ئەمەش بەگوێرەی راستینەی کوردستان هەیە. ئاغایەتی لەکوردستاندا بەهێزە، مەلایەتی و عەشیرەتگەریش بەهێزن.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: بەدرخان ئاغایەك بووە، سەرۆك عەشیرەتە، نوێنەرایەتی تایبەتمەندی ئاغایەتی دەکات. شێخ سەعیدیش سەرۆکی مەلاکانە، مەلای هەرە گەورەیە دڵسۆزە. هەروەها سەید رەزاش تەواو سەرۆك عەشیرەتێکە. بەڵام بارزانی شتێکی زۆر جیاوازە. هەروەها لەلایەنی ئایینیشەوە بەهێز نییە. هەم زەمینەی ئاغایەتی هەم زەمینەی مەلایەتی لای بارزانی زۆر تەنگ و سنووردارە. ئەمەش راستینەی کوردستانە. هەربۆیە کەسایەتییەکی بەمجۆرە تەنیا دەتوانێ یاری بەمەلایەتی و عەشیرەتگەری و ئاغایەتی بکات.

کەسایەتی بارزانی لەکوردستاندا کەسایەتییەکی سەیرە. ئەگەر کەسایەتی بەمجۆرە دەرفەتیان دەسکەوێ هەم یاری بەئایین دەکەن و خۆشیان بەپیاوی ئایینی نیشاندەدەن، یاری بەسەرۆك عەشیرەتی دەکەن و ئاغاکانیش وەکو خۆیان نیشاندەدەن. لێرەدا پێویستە خاڵێك دیاری بکەین، ئەم کەسایەتییە زۆر ترسنۆکە و تادواڕادە یاری دەکات و کەسایەتییەکە هەر دەقیقەیەك شیمانەی گۆڕینی هەیە، چونکە بێ بناخەیە. سەرۆك عەشیرەتێك، بەدرخان بەگ و سەید رەزا و ئەوانی تر بەمجۆرەنین. بەڵام بارزانی یان یاری بەعەشیرەت دەکات یان یاری بەمەلایەتی دەکات، یان ئەوەتە یاری بەئاغایەتی دەکات. پێکهاتەیەکی بەمجۆرەیە، هەربۆیە یەکلا بوونەوە لەبارزانیدا نییە. من لەگەڵ ئەو بیرەدا نیم کە دەڵێ:" وەك گورگ وابوو "، لەهەمانکاتدا لەو باوەڕیەدا نیم نەتەوەپەرستێکی کورد بووبێ.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: سەبارەت بەسیاسەت زۆر نەزان بوو، ماوەیەکی زۆر تێپەڕی تاوەکو توانیم تێیبگەیەنم " ئۆتۆنۆمی " چییە!

## بارزانیچێتی لەکوردستان

س. نەتەوەیی: بێگومان زانیاری بارزانی سەبارەت بەسیاسەت زۆر لاوازە. هەروەها لایەنی نەتەوەپەرستیشی زۆر لاوازە. باوەڕ ناکەم هیچ شتێك لەکۆمەڵگای کوردەواری تێگەیشتبێ؟ هیچ شتێك سەبارەت بەکۆمەڵگای کورد نازانێ، لەوانەیە هەندێ شتی ئایینی لەجۆری (( قل هو الله )) ی زانیبێ.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ بارزانی هاتە سلێمانی هەموو زانیاریە ئایینیەکانی لەشێخ بابا عەلی فێر دەبوو. هەروەها یەك ـ دوو زمانی دەزانی.

س. نەتەوەیی: بارزانی؟ زانینی زمان مەسەلەیەکی وا گرنگ نییە، وابزانم ئینگلیزی دەزانی.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ بارزانی هاتە روسیا، دوایی دەوروبەرەکەی پەرتەوازە کران، ئەم پەرتەوازەکردنە تەنیا خەتا و تاوانی روسیا نییە، بەڵکو تاوان و خەتاباری خۆشیەتی، کاتێ فەرماندەیەکی سۆڤیەتی لەئازەربایجان پێشوازیان لێدەکات، لێی دەپرسێ:" ئایا ئینگلیزی ئەزانن؟ " ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ:" لەڕوسیا پێویستم پێی نییە، نامەیەکی ئینگلیزی بۆ کۆنسلۆسی ئەمریکا دەنوسم. پێشتر لەتاران پێیان گوتبووین، کاتێ لەتاران بووین نەماندەزانی ڕەوشی جیهان چۆنە، ئێستاش داوا لەئەمریکا دەکەم دەرفەتمان پێبدات و مافی پەنابەری بەمن و چەند کەسانێکی نزیک و دەوروبەری من بدات ". بەمجۆرە ستالین توڕە دەبێ و پەرتەوازەیان دەکات. بەڵێ سیخوڕە سۆڤێتییەکان بەوە دەزانن کە مەلا مستەفا پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەیە و ئەم زانیارانە بەحکومەتەکەیان ڕادەگەیەنن، حکومەتیش ناچار دەبێت هەڵوێستێکی بەمجۆرە نیشان بدات.

س. نەتەوەیی: ئەوەی لێرەدا گرنگە و بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەرکەوتووە ئەمەیە کە بۆچوونی سیاسی زۆر تەنگ و سنووردار بووە، هۆکاری فێربوونی چەند وشەیەکی زمانی ئینگلیزیش لەپێناو خزمەتکردنی ئەمریکایە. ئەگەر لەم قۆناخەدا فێری زمانیش بووبێ لەپێناو ئەوە نەبوو کە کارێك بکات، بەڵکو لەپێناو کۆیلایەتییە. لێرەدا بەهیچ شێوەیەك یەکێتی سۆڤیەت ناناسێ، ستالین بینیویەتی ئەم پیاوە بەدوای ئەمریکادا ئەمریکا دەگەڕێ، بڵاوەی پێکردوون. ئەمە ڕاستییەکە. لەلایەکی ترەوە مرۆڤێکی سیاسی نییە، زانستی نییە و جێگای دیاردەیەك لەنێو دڵیدا نییە کە ناوی نەتەوەی کورد بێ. بەتەواوی لایەنی عەشیرەتگەری لەپێشدایە، بگرە عەشیرەتیش نییە، بەڵکو بنەماڵەتییە، بەڵێ چەمکی بارزانی و منداڵەکانی بەمجۆرەیە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ ئێمە لەئێران بووین بارزانی هەندێ لەهێزەکانی خۆی لەناوچەی پێنجوێنی نزیك سنوور بەجێ کردبوو، لێمان کۆڵیەوە کە بۆچی وایکردووە، بۆمان دەرکەوت: چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەسنوور بپەڕینەوە، تاوەکو لەکاتی پەڕینەوە لەنێومان ببات. هەروەها لەگوندێکی نزیك ناوچەی پێنجوێن گوند نیشینێك بەناوی مستەفا مەجید بەبارزانی دەڵێ:" گەورەم، سەرۆکم، فەرماندە و پێشمەرگە دەست بۆ ناموسمان، بۆ ژن و کچ و خۆشکەکانمان درێژ دەکەن ". بارزانیش بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە:" چی دەبێ؟ هیچ شتێك نابێ! دەخوازین منداڵەکانتان وەکو ئێمە بارزانی بن! ئامادەمە سەد دینار بدەم بەوەی ژنەکەی ڕفێنراوە و پەنجا دینار بدەم بەوەی کچەکەی ڕفێنراوە! " دوای ئەوەی ئەم گوندییە لەدیوەخانی مەلا مستەفا دەچێتە دەرەوە دەڵێ:" ئەگەر گەلێك خراپیش بێت، بەدوای تورکێکەوە بڕۆین باشترە نەك بەدوای بارزانی ".

س. نەتەوەیی: لێرەدا شتێکی تر دەسەلمێنێ، بنەماڵەچێتی، زۆر داڕووخاوە. بەردەوام دەخوازێ ژمارەی بارزانییەکان زیاد بکات، تەنانەت بەدارودەستەکانی دەڵێ:" بڕۆن ژن و کچەکانی پێشمەرگە و گوندییەکان بۆ خۆتان بێنن ". لەو باوەڕەدام لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەم ڕەوشە بەردەوامە. ئەمە ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر کۆنەپەرست و پاشڤەڕۆیە، ئایدیۆلۆژیای تیرەگەرییە. بەرلەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێکبێت بنەماڵەی بەمجۆرە هەبوو. زۆر پاشکەوتوون و نازانن هزر و بیرکردنەوە چییە. کەسایەتی بەمجۆرە نەجێگای لەکۆمەڵگای کۆیلایەتی و نەلەکۆمەڵگای فیوداڵی و نەجێگای لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا نییە. تەنیایی و تاکڕوییەکی زێدە لەم کەسایەتیەدا هەیە، لەهەمانکاتیشدا کۆنەپەرستە. مەسەلەیەکی تریش هەیە، کاتێ بەدارودەستە و پێشمەرگەکانی دەڵێ:" باشتان کردووە ئامادەمە پارە وەك قەرەبوو بدەم "، هەروەها دەڵێ:" بابنەماڵەی بارزانی

زیاد بێ، بادەوروبەرمان زیادبێ " ئەمە نەبنەماڵەچێتی و نەعەشیرەتگەری و نەئاغایەتی و پادشایەتی، بەڵکو ئەمە بارزانیەت چێتیە! لەناوەوە یاری بەهەرکەسێك دەکات، جگە لەبارزانیەکان. ئەوانە عەشیرەتگەری نین، بەڵکو بنەماڵەچێتی دەکەن و تاوەکو دوایی یاری بەهەرکەسێك دەکەن، لەڕێگای پیلانگێڕی و پارە و هەلپەرستی و گەلێك شێوازی تر ئەم کارەیان ئەنجام دەدەن. تەنانەت یاری لەگەڵ دەوڵەتان دەکات. بەهۆشیاری نزیك دەوڵەتان دەبێتەوە، زیاتر گوێڕایەڵی دەوڵەتە گەورەکان دەکات. هەروەکو باستان کرد " دەوڵەتەکانی بەبنەما دەگرت، ئەم دەوڵەتانە چییان گوتبوایە یەکەم هەنگاوی پەسندکردن بوو. بەردەوام لایەنگری بەهێزەکانی دەکرد. بۆ نموونە ئێران بەهێزە پێی دەڵێ:" ڕێککەوتن تێکدە " یەکسەر تێکیدەدات. لەڕێی گوێڕایەڵی کردنی بۆ دەوڵەتە گەورەکان خواستویەتی خۆی مەزن بکات و هەموو ڕێچکە و شێوازێکی بۆ خۆی بەڕەوا بینیوە. هەرشتێك پەسند دەکات کە لەخزمەتی بنەماڵەکەیدا بێت، تەنانەت ئامادەیە لەم پێناوەدا پارەش بدات، بەڵام ئەگەر لەخزمەتی بنەماڵەکەیدا نەبێت ئامادەیە مرۆڤی بێ تاوانیش بکوژێت. پێویستە لەسەر مەسەلەی کوشتنی مرۆڤ لەلایەن بارزانییەوە بوەستین، ئەوانەی دەیانکوژێ لەبەر تاوانی دژبە نەتەوە یان دژبە پارتی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زیانیان بەبنەماڵەکەی گەیاندووە، مرۆڤی بێتاوان دەکوژێ. ئەمەش هەڵوێستێکی پاشڤەڕۆیی و سەرەتایی ئایدیۆلۆژیای تیرەگەرییە. ئەگەر یەکێك ئەندامی ئەم تیرە نەبێ دەکوژرێ و دەرفەتی ژیانی پێنادەن، ئەمەش ڕەوشێکی زۆر خراپە. چۆن ئەم ڕەوشەتان نەبینی؟ چۆن ئەم کەسایەتییەتان شینەکردەوە و هەڵتان نەسەنگاند؟ بارزانی بنەماڵەیەکە، کەسایەتییەکی پاشڤەڕۆ و سەرەتایی و دواکەوتووە. کاتێ کە کۆمەڵگا پێکهات سەرەتا تیرە و هۆز پێکهاتن. ئەمانەش لەکوردستاندا هۆزیان بۆ خۆیان ئاواکرد. لەدەرەوە پشتگیریان لێدەکرێت و بەمجۆرە بەڕێوە دەچن. لەسەدەی بیست و یەکەمدا ئەوە چ مانایەك بۆ کوردان دەبەخشێ؟ تیرەیەك بەسەر کوردان دەکەیت بەڕێبەر، ئەمە مانای لەنێوبردنی کوردانە. مردن و لەناوچوونی کوردان لەسایەی ئەم ڕێبەرایەتیەیە. ئێوە دەڵێن:" بابەشێوەیەکی زانستی مەسەلەکان هەڵسەنگێنین " سیاسەت لای ئەو پیاوە نییە، ئایا لە 1947 ستالین شتێکی بەمجۆرە پەسند دەکات، هەڵبەتە ستالین لەنێوت دەبات، واتە لەلایەنی سیاسییەوە ئەم پیاوە سفرە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: ویژدانی مرۆڤایەتیش لەبارزانیدا نەبوو، بۆ نموونە فەرمانی کوشتنی خاڵی و سێزدە منداڵەکەی دەرخست. منداڵێك شەش ساڵان بوو ئەویشیان کوشت.

س. نەتەوەیی: هۆی ئەمە چی بوو؟ مەسەلە تەنیا بۆ زۆرداری بارزانی ناگەڕێتەوە، مەسەلەکە ئەوەیە کە بارزانی لەگۆشەنیگای تیرەگەری بەملاوە شتێکی تر نازانێ. عەشیرەت مەزنە، تیرە مەزن دەبن، بەڵام سەدساڵ دوای ئەوە عەشیرەت ئاوادەکرێ. عەشیرەتەکان گەورە دەبن و چەند عەشیرەتێك دێنە لای یەکتر گەل پێکدێنن. گەل لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی چەندین عەشیرەت لەسەر بنەمای هەمان زمان و کولتوور پێکدێت. قۆناخی پێکهاتنی گەل ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ. لەئەنجامی پێکهاتنی گەلیش نەتەوە پەیدا دەبێ، نەتەوەش پشت بە یەکێتی و یەك پارچەیی خاك دەبەستێ. لێرەدا بارزانی چییە؟ خاوەنی کەسایەتییەکی مەزنی عەشیرەتگەری نییە. شێخ مەحمود بەرزنجی سەرۆك خێڵێکی مەزنە. هەروەها بەدرخان بەگ ئاغایەکە هێندەی دەوڵەتێك مەزنە. شێخ سەعید مەلایەکی مەزنە، هۆشمەندێکی موسڵمانە، لەنێو ئۆمەتی موسڵماندا نکوڵی لەمیللەتی خۆی ناکات و دڵسۆزە. تەماشای بارزانیەکان بکەین: بارزانی هیچ پەیوەندییەکی بەمانەوە نییە. تەنانەت ئاغایەکیش

نییە. بەدرخان بەگ ئاغایەکی زاناو تێگەیشتووە، بنەماڵە و منداڵەکانی خاوەن کولتوورن، هەتا چەند پەرتوکێکیان نووسیوە. ئەمەش سەرچاوەی خۆی لەوە دەگرێت کە لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو بوون، بەڵام ئایا کەسایەتی مەزن لەنێو بنەماڵەی بارزانی دەرکەوتوون؟ شێخ سەعید مەلایە، بەڵام مەلایەکی دروست بوو. ئەویش نەقشبەندییە. ئێستا کوڕێکی هەیە، ئەم کوڕەی هەزار ئەوەندەی ئەوانە زانا و سیاسییە، لەلایەنی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی مەسەلەکان زۆر بەتوانایە. مەلایەتی لەلای بارزانی نییە، عەشیرەتگەری و ئاغایەتیش نییە واتە یەکێك کە بنەماکانی مەلایەتی نازانێ بووە بەڕێبەری کوردستان، دەڵێ:" بڕۆن ژن و کچی گوندنشینان بێنن " دەڵێ:" بامنداڵ دروست ببێ و بارزانیەکان زۆربن " لەم پێناوەدا پارەش دەدات، ئەمە لەعەشیرەتدا نییە، ئایا دەشێ و دەبێ سەرۆك عەشیرەتێك ئەمە بۆ عەشیرەتەکەی  بکات؟ نەخێر. بەمجۆرە نەعەشیرەتگەری دەکەیت و نەئاغایەتی و بەهیچ جۆرێك ناتوانیت ئاغایەتی بکەیت، ئەمە یاسای تیرەکانە. یاسایەکی چوارهەزار ساڵ بەر لەئێستایە، یاسایەکی قۆناخی باوك سالارییە. لێرەدا تاوانی منداڵێکی شەش ساڵە چییە؟ ویژدان لەم پێناوەدا نییە، ئەمەیان ئایدیۆلۆژیایەکە. بارزانی بەخۆی گەلێك کەسایەتی کوشت، گەلێك عەشیرەتی تاڵان کرد. بەگوێرەی ئەم ئایدۆلۆژیایە، ئەوانەی لەدەرەوەی تیرە و بنەماڵەی ئەون مافی ژیانیان نییە. کوردەکان نەتەواو کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئاغایەتی و نەیەکێتی و کۆنفدراسیۆنی عەشیرەتان پێکهات، لەکۆنەوە لەسەردەمی میدییەکان شتی لەمجۆرە هەبوون، بەڵام تێکشکێنرا و رووخێنرا. مرۆڤێکی وەك حەزرەتی محەمەدیش لەکوردستان سەری هەڵنەدا. ئایا بارزانی دەتوانێ وەك پێخەمبەرێك بکات؟ خۆی وەك پێخەمبەر و خودا ناساندبوو، بەڵام پێخەمبەر بەمجۆرە نەبوون. خوداوەندێکی ساختە، پێخەمبەرێکی ساختە هاتۆتە سەرسەری کوردان و بۆتە سەرۆکێکی ریفۆرمیستی کوردان.

هەر لەبەر ئەوەی ئەم خوداوەند و پێخەمبەرە ساختەیە، عەشیرەت و بنەماڵەی چوارهەزار ساڵ بەرلەئێستای بۆ خۆی بەبنەما گرت و نەیتوانی هیچ شتێك بکات. ئەوەی هاریکاری بکات ئەویش ساختەکارە. ناتوانین بەبارزانی بڵێین مەلایەکی مەزنە، یان مەلایە. کاتێ ئەمانە دەڵێم لەبەرئەوە نییە کە دژایەتی بۆچوونەکانی دەکەین و ململانێیەکی سیاسی لەگەڵدا دەکەم، بەڵکو کاتێ بارزانی هەڵدەسەنگێنین راستییەك دەردەخەینە روو. بارزانی ئەو هێز و توانایە نییە رێبەرایەتی و سەرۆکایەتی عەشیرەتێك بکات، رێبەرێك پێویستە خاوەن ویژدان بێت، بەڵام ئەو خاوەن ویژدان نییە. مەلایەتیەکی ساختەیە، ئاغایەتیەکی ساختەیە، ئەی بۆچی خۆی کردە سەرۆکی کوردان؟ پێویستە هەڵوێستە سەبارەت بەم مەسەلەیە بکەین. لەکوردان تێناگات. بۆ نموونە عەشیرەتە عەرەبەکان هەن؛ زۆر رەسەن و بەڕەچەڵەکن، گرێدراوی نەتەوەکەیانن، ئەمە لای کوردان نییە. هەست و داخوازی کوردان بۆ بوون بەدەسەڵات پەرەی نەسەندووە، هەربۆیەش پارچە پارچە بوون. بارزانی رەوتێکیە ( قوتابخانەیەکە )، بۆچی پیاوە ئایینیەکانی کورد زۆربەیان ساختەن؟ چونکە پەیڕەوی لەڕاستینەی دوژمنەکانیان دەکەن. ئایینی ئیسلام لەئێران لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گەلانی ئێران لەسەر بنەمای شیعەگەرێتی رێکخراوە. هەروەها تورکەکان بەیەکانگیرکردنی ئیسلامیەت و نەتەوایەتی تورك دەوڵەتی مەزنیان ئاواکردووە. بەڵام تەواو رەوشێکی پێچەوانە لای کوردان دەردەکەوێت، تەنیا بۆ ئەوە هەن کە خزمەتی بیانیان بکەن، هەبوونی ئایین لەپێناو مرۆڤە ، بەڵام کوردان بەمجۆرە بیر ناکەنەوە. فەلسەفەی زاڵ و باڵادەست ئەوەیە کە دەڵێ:" کوردان لەپێناو ئایین هەن ". هەربۆیە کوردەکان لەخزمەتی سوڵتانە تورك و عەرەب و فارسەکاندا بوون. ئەگەر بیانخواستبوایە دەیانتوانی سوپاش دابمەزرێنن، بەبڕوای من

بەدرخان بەگ لایەنی نەتەوەیی هەبووە و خواستوویەتی شتێك بكات. هەروەها لەفەلسەفەی ئەحمەدی خانیشدا دەخوازێ نەتەوەی كورد بكاتە یەك، هەربۆیەش لایەنی نەتەوەییەكەی گرانە و دەركەوتۆتە پێش . لەوانەیە لەسەردەمی بەدرخان بەگ هەنگاوی مەزن هاویشترابایە. ئەگەر شێخ سەعید سەركەوتنی بەدەست هێنا بوایە، بۆی هەبوو هەندێ هەنگاو لەفازانجی گەلی كورد بهاوێژێ، ئەگەر سەركەوتنیان بەدەست هێنابایە ناچار دەبوون هەنگاوێكی بەمجۆرە بهاوێژن، وەلێ شكستیان هێنا.

مەسەلەیەكی تریش ئەوەیە باوەڕدەكەم یەكێك لەبراكانی بارزانی كە لەئەوروپایە گوتوویەتی: " كوردایەتی باشە، بەلاّم ئەوەی باسی لێدەكەن لای مەسعود وەك پەڕۆیەكی ژێر پێلاّو وایە ". پارچەیەك پەڕۆ چ مانایەك دەبەخشێ؟ لەژێر پێی چ مانایەكی هەیە؟ كوردایەتی بەمجۆرە با هەر نەبێ و نوقم بێ. ئەگەر كەسایەتییەكی كۆیلە نەبوایە و رێبەرایەتی بارزانیش نەبوایە پەسندمان دەكرد، دەمانگوت:" بگرە وەك پارچە پەڕۆیەك پێلاّوەكانتی پێ خاوێن بكەرەوە ". دەستدرێژی بۆ هەموو شتێكی گەل دەكەن، بەزۆر خۆیان دەسەپێنن و زۆرداری دەكەن، یەكێك دەستدرێژكردنە سەركچی خەڵكی پەسند دەكات و دەلێ: " با بارزانیەكان زیاد بن " ئەوەكەی تریشیان دەڵێ:" كوردایەتی پەڕۆی ژێر پێی مەسعودە ". بەمجۆرە نرخ و بەهاكانی گەل دەناسن و رێزی لێدەگرن. ئەگەر رێبەر بەمجۆرە بێت و بەم شێوە گەل هەڵسەنگێنێ، لەوێدا نەتەوایەتی كۆتایی پێدێت.

مەسەلەیەكی تریش مەسەلەی بازرگانییە. ئەگەر تۆ رۆشنبیرێك بیت، دیسان بتكڕێ و بتفرۆشێ، بۆچی؟ بۆ ئەوەی پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ گەل دروست بكات و رێكبكات. ئەگەر خاوەن هێز و توانا بیت، دەخوازێ بتكڕێ تاوەكو ببێتە خاوەنی هێز و پشتگیری بەدەست بێنێ. ئەگەر دیپلۆمات و زمانزانی دەتكڕێ و دەتفرۆشێ تاوەكو پەیوەندی لەگەڵ ئەمریكا و دەوڵەتانی تر ببەستێ.

بنەماڵەگەرێتی و ئایدیۆلۆژیای بارزانیەكان بووە هۆی پارچەبوونی گەلی كورد. ئەوە لای ئێمە گرنگ نییە ئایا خائینە یان نە؟ ئەگەر ببێتە كۆسپ و ئاستەنگ هیچ جیاوازییەكی نییە، خیانەتیش گرنگییەكی ئەوتۆی نییە. سەرۆك تیرەی سی ـ چل ساڵ هەتا بەرلە سەد ساڵ پێش ئێستات كردۆتە سەرۆكی خۆت، ئایا دەشێ ببیت بەدەوڵەت؟ ئایا دەشێ رزگاری نەتەوەیی بەدیبێت؟ نەخێر. چونكە هیچ هزرێكی دەوڵەت و گەل لای ئەو نییە. نەهزرێكی عەشیرەتگەری، نەئایینی، هیچ جۆرە هزرێكی نییە. تەنیا بیر لەوە دەكاتەوە كە چۆن بنەماڵەكەی فراوان بكات. دەڵێ هەموو شتێك بۆمن بێت. هێندەی بنەماڵەكەی مەزن بێت، بەو ئەندازەیەش سەرۆكایەتی دەكات. ئەمە تەنیا لای بارزانییەكان وانییە، بەڵكو كارەكتەر و تایبەتمەندێتییەكی كۆمەڵگای كوردە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: رزگاری كوردستان تەنیا لەرێگای گرێدانی كەسایەتی بەولاّتەوە بەدی دێ، بەهیچ رێگایەكی تر نابێ. گەورەترین خۆشەویستی، خۆشەویستی ولاّتە. زیادكردنی ژمارەی ژن و پیاو و منداڵانی كورد بەواتای زیادكردنی ژمارەی كۆیلەكان دێت. چونكە گەلی كورد بەخۆی كۆیلەیە، كاتێ ژمارەكەی زیاد دەكەن، واتە ژمارەی كۆیلەكان زیاد دەكەن. گرێدان پێویستە بەولاّت و رزگاری نیشتمانەوە بێت. لەدوای رزگاركردنی ولاّت دەتوانین هەموو شتێك چارەسەر بكەین. خۆشەویستی راستەقینە ئەوەیە كە ئەم كۆیلانە ئازاد بكەیت.

س. نەتەوەیی: هەر لەبەر ئەممەیە کێشە و گیروگرفتەکان سەختن. با بارزانی بەلاوە بنێین، ئەمە کێشەیەکی سەختی نێو خودی PKKشە. هەرکەس دەخوازێت وەکو جاران بژیت. هەندێ لەکچان و پیاوان بۆ کەیف و سەفای ساتێکی خۆیان دەخوازن پارتی شکست بێنێ، لەپێناو ژنێك تەواوی مەسەلەکانی وڵات و پارتی و شەڕ بەلاوە دەنێ، لەجیاتی کوردستان بەردەوام تاکرەوی دەخاتە پێش، ژن چییە؟ گرێدانی بەخێزانەوە چییە؟ پەیوەندی ئەم خێزانە لەگەڵ دەوڵەتدا چییە؟ ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتم ئەوەیە: ئەگەر بێت و من پیاوی کوردی کۆن و مێردایەتی و پیاوێتی کلاسیك نەکوژم، ناتوانم PKK و کوردایەتی بەڕێوە ببەم. پێویستی ئەوەمان بینی بەرامبەر بەڕاستینەی ژن PKK بەهێز بکەین. ئەگەر بێتو یاسا باو و کۆنەکانی ژن تێکنەشکێنین، نە پارتی دەمێنێ و نەکوردایەتی دەمێنێت.

بەڵێ ئەممەیە بارزانیەتچێتی. با بارزانی بەلاوە بنێین. هەڵبەتە لەنێو پارتیشماندا هەڵوێست و نزیکایەتی بەمجۆرە لەکەسێتی هەندێ لەهەڤاڵانماندا دەرکەوتەڕوو، ئێمە بەشێوەیەکی جددی لەبەرامبەر ئەم جۆرە هەڵوێست و نزیکایەتییانە دەرکەوتین و مەحکوممان کرد.

عەلی حەیدەر قەیتان هەڤاڵێکی زۆر دڵسۆزمانە، ئاخافتنێکی هەیە دەیگوت:" حەزرەتی عیسا گوتوویەتی: ئەگەر بخوازن عیساتان خۆشبوێت پێویستە دەست لەخۆشەویستی ژنان بەردەن " بەڵام ئێمە لەنێو PKK دا مەسەلەی خۆشەویستیمان پێشخست. خۆشەویستی لەنێو PKK دا مەزنکردنە. ئەو مەزنکردنە بەگوێرەی شێوازی تیرە و بنەماڵەچێتی بارزانی نییە. مەزنکردنێکە لەپێناو نەتەوایەتی و قارەمانێتی و وڵاتپارێزی و خۆشەویستی گەل. ئەگەر مرۆڤ لەخزمەتی گەل و وڵاتی خۆیدا بێت، بەهایەکی هەیە، پارتیش نرخ و بەهای پێدەدات. هەربۆیە گوتم: پێویستە چەمکی کۆنی خۆشەویستی پیاوێتی و مەزنبوون بەلاوە بنرێت. کاتێ خۆشەویستییەکی ئاوا مەزن بخوڵقێنرێ مەترسی نامێنێ و لەنێو دەچێ. ئەوکاتە دەبێتە وڵاتپارێز و ژەنراڵ، دەتوانی تاوەکو دوایی سەربازەکانی خۆت خۆش بوێت. مەرد دەبێت و تادوا هەناسە لەگەڵ پارتیدا دەبێت. لێرەشدا عەشیرەتگەری و پیرپیرێتی و ناوچەگەرێتی بوونی نییە، بەڵکو نەتەوایەتی هەیە و باوە. لەنێو پارتیدا جێگای عەشیرەتگەرێتی و پارچەگەرێتی و ناوچەگەرێتی نییە. لەنێو پارتیدا تەنانەت گەل و نەتەوە و مرۆڤایەتی بوونی هەیە، لەشەڕیشدا قارەمانێتی هەیە. ئەگەر کوردایەتییەکی بەمجۆرە بخوڵقێنی، کوردستان ئاوا دەکەیت. ئەگەر بێتو تۆ راستییەکان زاڵ و سەقامگیر بکەیت، کێ چی دەڵێت بابڵێت، چی دەکات بابیکات، ئیتر هەر راستییەکان بەڕێوە دەچن. ئەگەر ئەم چوار بنەما گرنگەت پێکهێنا، ئیتر سەرکەوتن بەخۆی بەدەست دێت.

### *ئێستا بۆچی بارزانی دژی ئێمە شەڕ دەکات؟*

تەنانەت لەنێو پارتیشماندا ململانێیەکی بەمجۆرە هەیە؟ ئەمە ململانێی نێوان کۆمەڵگای نوێ و کۆنە. واتە شەڕی چینایەتییە. کۆمەڵگای کۆن تێکدەشکێنین و کەسایەتی نوێ دەخوڵقێنین. لەنێو PKKدا مسۆگەر هەندێ هەنگاو لەم لایەنەوە هاویشتراوە. سەرکەوتنی سەرۆکایەتی و ئەندامێتی PKK گرێدراوی ئەم چوار خاڵەیە کە ئاماژەم پێکرد، ئەوانەی تر هێندە گرنگ نین. ئەوە گرنگ نییە کە چەند کەس پشتگیریمان لێدەکات و چەندمان پارە هەیە و چەکەکانمان چین و چەندن، ئەمەش گرنگ نییە کە پەیوەندییەکانمان تا چ رادەیەك فراوانە، ئەگەر

سەرۆکایەتی راستەقینە دەرکەوت، تەواوی ئەوانە چارەسەر دەکرێن. هێژا و بەرێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ئایا دەتوانن چەند شتێکیش سەبارەت بەماوەی دوای 75 بڵێن؟ باسی YNK تان کرد، وابزانم ئەوە قۆناخێکی نوێ بوو. قۆناخێك بوو لایەنی نەتەوەیی و گەلەری و سیاسی خۆی هەبوو. خۆی ناچار دەبینی بەرەو پێکهاتەیەکی بەمجۆرە هەنگاو بهاوێژێ. لەقۆناخێکی زۆر تەنگ و ناسکدا رێبەرایەتی YNK دەرکەوت. لەقۆناخێکی وادا سەرهەڵدەدات کە لەلایەك ئەمریکا و لەلایەکی تریش سۆڤیەت هەیە، هەروەها ئێران و دەوڵەتانی تریش هەن. تەماشا دەکەین دەبینین ئەوکات رێبەرایەتی YNK فیوداڵ نییە، عەشیرەتگەری نییە، وڵاتپارێزی تێدا هەیە، تارادەیەك بۆ سۆسیالیزم و نەتەوایەتیش کراوە بوو. بەڵام گۆڕەپانی جولانەوەکە زۆر تەنگ و سنووردار بوو. بارزانی YNK ی مەحکومی ناوچەی سۆران کردووە، لەلایەك رژێمی ئێراق، لەلایەکی تر ئێران، لەلایەکی تریش کۆمۆنیستەکان هەن. لێرەدا زۆر زەحمەتە بەشێوەیەکی بەردەوام و رۆژانە پەیرەو لەتاکتیك بکرێت. ئەگەر شۆڕشی باکوور نەبێ ئێوە ناتوانن شتێك بکەن. هەرچی بکەن و راستیش بێ، باشوور بەتەنێ ناتوانێ شتێك بکات. ئێوە ئەمە لەمن زۆر باشتر دەزانن. ئەمە راستینەیە کە پێویستە بەقووڵی و بەفراوانی لەسەری رابوەستین. ئەگەر بێت و شۆڕش لەباکوور یەك هەنگاو بەرەوپێش بچێت، ئەوا لەباشوور پێنج هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەگەر شۆڕش لەباکوور بەسەرکەوتن بگات، باشوور دەبێت بەدەوڵەت، یاخود تادوایی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست دێنێ. ئەمانە بۆچوونی راستن. ئیتر پەیوەندی و رێککەوتن لەکوردستاندا پێشدەکەوێت و بەدیدێت. بێگومان هەندێ رەخنەش هەردەبێ. ئەگەر بێتو رەخنە و گیروگرفت و ناکۆکی نەبێت، پێشکەوتنیش نابێت. تازە بەتازە کەسایەتی مرۆڤی کورد دەخوڵقێنرێ. نەتەوایەتی و دیموکراسی کوردان تازەبەتازە ئاوا دەکرێ و بونیاد دەنرێ. ئەمانە خاڵی گرنگن. هەموو شتێك لەرێگای برایەتییەوە چارەسەر ناکرێت. لەبەیەکەوە ژیان و تێکۆشاندا گەلێك مەرج و شەرِیش هەیە. دەبێ باش بزانی لەکام قۆناخدا دۆستایەتی پێشدەخەیت و لەکام قۆناخدا شەڕ دەکەیت، واتە باش هەڵوەستە سەبارەت بەوڵاتپارێزی دەکەیت. هەروەها پێویستە وەك " براکوژی " تەماشای کێشەکە نەکرێت. کێشە کێشەیەکی نەتەوەیی ـ کۆمەڵایەتییە. نابێ بڵێین:" براکوژییە " هەندێ جار تادوایی مرۆڤ دەتوانێ رێککەوتن پێش بخات، هەندێ جاریش رێککەوتن زیانت پێ دەگەیەنێ. دەبێ بەگوێرەی بەرژەوەندی گەل هەڵیسەنگێنی و هەڵوێست دیاری بکەیت. هەندێ جار رێککەوتن هەمووومان و تەواوی گەلی کورد بەهێز دەکات. بەڵام ئەو رێککەوتنانەی بارزانی لەگەڵ دەوڵەتە جیاجیاکاندا ئەنجامی دەدات گەل دووچاری زیان و شکست دەکات. بۆ نموونە بەئاشکرا دەڵێ:" بەرلەبنەماڵەکەم ئێوە بمرن ". دیسانیش دەڵێ:" من و بنەماڵەکەم " لەمە بەولاوە شتێکی تر ناڵێ.

پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا پێویستە لەخزمەتی تەواوی گەل بێت. ئەگەر پەیوەندیت لەخزمەتی تەواوی گەلدا بێت راستە. لێرەدا ( مەبەست لەئاکادیمیای مەعسوم قۆرقمازە ) نەتەوەی کورد دەخوڵقێنین، ئەوکاتە هەموو شتێك لەخزمەتی گەلدا بێت ئەم پەیوەندییە تەنیا لەخزمەتی گەلی کورددا نییە. پێویستە لەخزمەتی تەواوی گەلاندا بێت. ئێمەش پەیوەندی پێشدەخەین، بەڵام ئەم پەیوەندییانە دەکەوێتە خزمەتی گەلی کوردەوە. ئەمەش بەمانای سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی دێت. کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر چی دەوەستێ؟ لەسەر ستراتیژی کوردستان دەوەستێ. لەسەر مێژووی کوردستان، لەسەر مێژووی نەتەوەیی دەوەستێ. لەسەر مێژووی جاشایەتی و ئاغایەتی و عەشیرەتگەری و مەلایەتی ناوەستێ، بەڵکو لەسەر مێژووی گەل دەوەستێ. مەلا و میر و ئاغا دەرکەوتوون، بەڵام بۆچوونەکانیان زۆر داخراو و سنووردارن. هەریەکە

و لەپارچە و ناوچەیەکی تەنگدا دەرکەوتوون و بەقۆناخی نەتەوەیی بوون نەگەیشتوون. گەلی کورد بۆتە خاوەنی مێژوو؟ نەخێر، تازە بەتازە پێکدێت و دەبێتە خاوەنی مێژوو، کۆنگرەی نەتەوەیی چییە؟ ئەم کۆنگرەیە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دیاری دەکات و دەیپارێزێ. لەڕابردوودا میرنشین و بەگنشینەکان ئاوا کران، بەڵام مێژوومان دروست نەکرا. بۆچی توانای بیرکردنەوە و هزرمان سنووردارە؟ هەرکەسە و خۆی بەمەڵبەند و سەنتەری کوردستان دەبینێ، کوردستانێکی چوارپارچە و سەنتەری جیاجیا کۆسپن لەبەردەم بە نەتەوە بوون. گەل وەك گیان و جەستەیەك وایە، ئەم جەستەیەش پێویستی بەمێشك هەیە. ئێستا هیچ کەسێك نکوڵی لەکوردان ناکات، وەك گەلێك بوونی هەیە، بەڵام مێشكێك واتە تەنیا سەنتەرێکیان نییە کە ڕێنمایی و ئاراستەیان بکات. یاخود هەندێ منداڵ هەن زۆر بێ عار و هەرەپاسن و هەریەکەو دەنگێك دەردەخات، ئێستا رەوش بەمجۆرەیە.

هەربۆیە کارکردنمان لەگەڵ یەکتردا لەپێناو دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییە. ئەمەش بۆ کوردان رۆڵی مێشك دەبینێ. بەرژەوەندییەکانی ئەم گەلە لەجیهاندا چییە؟ بەرژەوەندییە ناوخۆییەکان چین؟ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لەجیهان و سوودی بۆ جیهان چییە؟ ئەمە کێشەیەکی ستراتیژییە. تەنیا لەڕێی دیاریکردنی ستراتیژییەت روون دەبێتەوە. ستراتیژی کێشەیەکی نەتەوەییە. هێزێکی سەربازی نییە، تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی نییە. لەکۆنگرە بڕیار بدەن و یان بڕیار دەربخەن. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەنجوومەنی کوردان یان یەکێتی نەتەوەیی کوردان چ بڕیاری بچووك بێ یان مەزن دەتوانێ بڕیاری گونجاو و سەربەخۆ بسەنن. ئەم بڕیارانەی دەردەچێت، دەبێتە بڕیاری تەواوی گەلی کورد. ئەوەی دژی ئەم بڕیارانە بوەستێ دوژمنی نەتەوە و گەلی کوردە. ئەوەی دۆست بێ پێویستە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بەبنەما بگرێ. ئەوکاتە دەردەکەوێتەڕوو کە کێ دژت دەوەستێ و کێ پشتگیریت لێدەکات. بڕیار دەردەچێ و ئەم بڕیارانەش لەبواری کرداریدا بەرجەستە دەکرێت. ئەوکاتە چاودێری ئەوە دەکرێت کە بڕیارەکان پەیڕەوی لێدەکرێت یان نا. سێ مانگ دوای بڕیار وەرگرتن بۆ جارێکی تر کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت. لەکۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەییدا بڕیار وەردەگیرێ. کۆنگرە بۆ نەتەوەی کورد پێویستییەکە. بڕیاری نەتەوەیی پێویستە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانەش لەبواری کرداریدا هێزێکی سەربازی پێویستە. لێرەدا هەرکەس بڕیار دەسێنێ، نابێ کەس بڵێ:" من سەرۆکم ".

ئەگەر هەرکەسەو بڵێ:" من سەرۆکم " یەکێتی دروست نابێ و بۆ بڕیار وەرگرتنیش پشتگیری پێویست بەدی نایێ، یەکێتی نەتەوەیی بەدی نایەت و جولانەوە بەڕێوە ناچێ. بەمجۆرەش زیان بەگەل دەگات و عەشیرەتگەری و ناوچەگەری بەهێز دەبێت و کەسایەتی دوژمن بەهێز دەبێ و ئەنجامیش بەمانای لەدەستچوونی هەموو شتێك دێت. هەربۆیە دەڵێم پێویست دەکات ئەم یەکێتییە تاوەکو هەموو گوندەکانی کوردستان، لەهەموو شوێنێك بڵاو بکرێتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی هەرکەسە و بەگوێرەی خۆی هەڵسوکەوت نەکات پێویستی بەهێزێکی سەربازی دەکات، کاتێ ئەم تەگبیرانە بکرێت ئەوکاتە تێکۆشانی نەتەوەیی بەسەرکەوتن دەگات و خەڵکی هەرچوارپارچە جێگای خۆیان تێدا دەگرن و بەمجۆرە بەیەکێتی نەتەوەیی دەگەین. ئیتر ڕێگا لەپێش ئەو کەموکورتی و خراپەکارییانە دەگیرێت کە تاوەکو ئێستا دەردەکەوتن. مامۆستا ئێوە شارەزای ئەمجۆرە کارانەن، ئەمە داخوازی ئێوەشە، سەبارەت بەم مەسەلەیە چی دەڵێن؟

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کۆبوونەوەیەکی بەمجۆرە یان کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد راستە و زۆر گرنگە. کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە کە لەپێناو نوێنەرایەتیکردنی گەلی کورد و، بەرزڕاگرتنی دەنگی و پێشخستنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە و دژایەتیکردنی ئەوانەی یەکلا نەبوونەتەوە و بەدوای شتی هەرزان کەوتوونە و دژی بەرژەوەندی گەلی کوردن. هەروەها کۆنگرەیەکی بەمجۆرە گرنگە بۆ ئەوەی ناوبژیوانی لەنێوان پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بکات و بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیك بکاتەوە و پەیوەندییان لەنێوان ئاوا بکات و کێشەکان چارەسەر بکات. پێویستە هەم لەدەرەوە و هەم لەنێو خۆ نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن. پێویستە رۆڵی ستراتیژی خۆیان بگێڕن. پێویستە بۆ کوردان ببنە هێزێکی بەدەسەڵات. پێویستە ئەم بڕیارانەی لەپێناوی بەرژەوەندی گەلی کورد دەیسەنێ هەم لەبواری کرداریدا پەیڕەوی لێبکات و هەم بیپارێزێت. یەکێك لەو کەموکورتییە گرنگانەی بینیومە ئەوەیە، جولانەوەکانی گەلی کورد لەچلەکان بەملاوە لەدامودەزگایەکی بەمجۆرە بێبەشن. ئێستا کاتی هاتووە و پێویستە بەپەلە لەسەری بوەستین.

س. نەتەوەیی: پێکنەهێنانی دەزگایەکی بەمجۆرە لەچلەکان بەملاوە کەموکورتییەکی مەزنی جولانەوەی نەتەوەیی کوردە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: کاتێ دوژمنانی گەلی کورد لەساڵی 1937 لەسەعدئاباد لەگەڵ یەکتردا ڕێککەوتن و پەیمانیان بەست، ئەوکات پێویست بوو کوردان بیر لەشتێکی بەمجۆرە بکەنەوە: دەبوایە ڕێکخراو و جولانەوە و عەشیرەت و ڕێبەرە کوردەکان کۆبنەوە و بەرامبەر بەم ڕێککەوتنەی دوژمنان یەکێتیان لەنێوان خۆیان ئاواکردبوایە.

س. نەتەوەیی: بەڵێ ئەمە کەموکورتییەکی مەزنە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: هەرچەندە دەرفەت و تواناکاری ڕێبدات پێویستە خێرا بین و پەلە بکەین.

س. نەتەوەیی: دواکەوتن باش نییە، چەند کەسایەتی و خاوەن عەشیرەت و پارتی و ڕێکخراو هەن با هەموویان بێن. هەرچەندە ناکۆکیمان لەنێواندا هەبێ با دیسان هەموویان بێن. تەنانەت ئەگەر یەکێك تەنیا هەست بەکوردایەتی بکات بابێت و جێگای خۆی تێدا بگرێت.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بێگومان منیش لەگەڵ بۆچوونەکانتاندام، بۆ پێکهاتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی پێویستە چەندە کەسایەتی و پارت هەن سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکی نێوانیان هەموویان بێن جێگای خۆیان تێدا بگرن. پێویستە مرۆڤی وڵاتپارێزیش جێگای خۆیان تێدا بگرن، نابێ هیچ کەسێك بەلاوە بنێین، ئەرکێکی ئەم کۆنگرەیەش ئەوەیە جودا بوون و جیاوازی ئایدیۆلۆژی داخاتە کەمترین ئاست و لەیەکتریان نزیك بکاتەوە، بیانهێنێتە لای یەکتر و چارەسەرییەك بۆ ناکۆکییەکانی نێوانیان بدۆزنەوە.

س. نەتەوەیی: ئەگەر ئامانجی هەمووان ئازادی بێت و ئەمەش تاکتیك بێ بۆ گەیشتن بەئازادی، ئەوکاتە پێویستە تەواوی پارتی و گەورە پیاوان و بگرە عەشیرەتە وڵاتپارێزەکانیش تەڤلی بن، پێویستە سەبارەت بەچارەنووسی خۆیان ببن بەخاوەنی بڕیار، ئەگەر ئەنجوومەنمان نەبێ کەس نرخ و بەهامان پێنادات. ئەگەر ئەنجوومەنمان نەبێ کەس بەچاوێکی مەزن سەیرمان ناکات. ئەو کەمورکورتییەش کێشەی سەرەکی کوردایەتییە. لەڕاستیدا گەلێك کەسایەتی دەخوازن هەنگاوێکی بەمجۆرە بهاوێژرێ، بەڵام هەندێکیان دەڵێن:" شەڕی نێوان PKK و بارزانی هەیە " ئەمە شتێکی راست نییە. تۆ هیچ هەنگاوێکت هاویشتووە؟ گەلێك جار ئاخافتم و گوتم:" ئەگەر دەخوازن شەڕە نێوخۆییەکانی کوردان کۆتایی

پێبێت، ئەوا کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوا بکەن. چونکە ئەم شەڕە شەڕی نێوان PKK و بارزانی نییە. بەڵکو شەڕی تەواوی کوردانە. شەڕی YNKشە، شەڕی باشوور و PDKی ئێران و شەڕی باکووریشە. باکۆنگرەی نەتەوەیی بڕیار سەبارەت بەو مەسەلەیە وەربگرێ، ئێمەش پشتگیری لێدەکەین. بابڕیار دەرهەق بەبارزانیش وەربگرن، با بەبارزانی بڵێن:" لەگەڵ فاشیزمی تورك چی دەکەیت؟ ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ فاشیزمەکانی تورك بەستووتە لەخزمەتی گەلی کورددا نییە ". با بارزانیش ئەمە پەسند بکات. ئەوکاتە بۆچی شەڕ نەوەستێنین! ئەگەر کۆنگرە بڕیار وەربگرێ و بڵێ:" ئاپۆ پێویستە کارەکانت بەمجۆرە بەڕێوە بچێ، شەڕ بوەستێنە و بەمجۆرە هەڵوێستە بکە " من یەکسەر پەسندی دەکەم. ئەگەر داوامان لێبکەن خزمەتی فیدراسیۆنی باشوور بکەین داخوازیەکی مەزنە و خزمەتی دەکەین. ئەگەر بڕیاری بەمجۆرە وەربگیرێ، ئەوکاتە ناشێ لایەنەکانی باشوور دۆستایەتی لەگەڵ تورکە فاشیستەکان بکەن.

برا پێویستی بەبرا هەیە. ئایا دەشێ ژەنەراڵێکی فاشیستی تورك بەخۆی بێتە باشووری کوردستان و دژی دوژمنەکانی گەلی کورد بجەنگێ. ئەوان بەخۆیان دوژمنی گەلی کوردن، دانیان بەهەبوونی گەلی کورد نەناوە، دژی کوردان دەجەنگن و شەڕێکی تایبەت پەیڕەو دەکەن. ڕێ بەوە نادەن کوردان لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریان دەربکەون. پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ فاشیست نابێ، ڕێککەوتن نابێ، تەنیا دەبێ دژایەتی فاشیزم بکرێ. نەتەوایەتی دژی ئەمە پێکدێت و ڕێگا بەپەیوەندی بەمجۆرە نادات. لەڕاستیدا ئەوە شەڕی براکوژی نییە، بەڵکو شەڕی کوردایەتی دژی داگیرکارییە. ئەگەر وانەبێت یەك هەنگاو بۆ ئەوە ناهاوێژین کە شەڕی کوردان بکەین و نابێ و ناشێ تەنیا زیان بەگیانی کوردێکیش بگەیەنین. بۆچی فشار ناخەنە سەربارزانی و ناچاری ناکەن تەڤلی کۆنگرەی نەتەوەیی بێ؟ ناخوازێ کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوابێ، ناخوازێ فیدراسیۆنی کوردان ئاوابێ، بەردەوام دەڵێ:" بنەمەڵەکەمان " بەدوای بەرژەوەندییەکانی تیرەگەری کەوتووە، چەمکی تیرەگەرێتی تۆ بۆ دوو هەزار، سێ هەزار ساڵ بەرلە ئێستا دەگەڕێتەوە.

پێویستە ئەم تێکۆشانە بەسەرکەوتن بگات. ناتوانین لەبەرخاتری بارزانی سی ـ چل ملیۆن کورد بکەینە قوربانی. ئایا دەشێ لەپێناو سی چل ملیۆن کەس نەگەین بەبڕیار؟ ئەگەر بڕیار وەرنەگیرێ بارزانی بەرامبەر بەم ڕەوشە بەرپرسیارە، وەستانی شەڕیش وابەستەی ئەمەیە. دەخوازم هەموو کوردێك تەڤلی بێت. پێشتر بەکەمال بۆرقایم گوت:" ئەگەر دەخوازی شەڕ بوەستێ، ئەوا لەڕێگای کۆنگرەی نەتەوەییەوە دەبێت ". کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوابکەن بۆ ماوەی دوو ڕۆژی پێناچێ شەڕ دەوەستێنم. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چ بڕیارێك سەبارەت بەم مەسەلەیە وەربگرێ ئامادەم. چی دەرهەق بە بارزانی و تاڵەبانیش بڵێ هەموویان ئامادەن، کێ ئامادە نییە؟ ئەوەی پەسند نەکات دوژمنی ئیرادەی گەلی کوردە. کەس ناتوانێ نکوڵی لەئیرادەی گەلی کورد بکات. کێ لەخەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی و بڕیارەکانی رادەکات و خۆی دەدزێتەوە؟ کێ خۆی لەیەکێتی کوردان دەدزێتەوە؟ ئەگەر گوێ بەبڕیاری کوردان بدرێت، تادواڕادە دەرفەت و تواناکاری ئاواکردنی بەرە و پەرلەمان و فیدراسیۆن لەئارادایە، ئەمانە پێویستییەکن و تەواو کاتی هاتووە.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: لەساڵی 92 من و هاوڕێ هاوار گفتوگۆمان کرد و گوتمان:" پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوابکرێ " گوتمان پێویستە پارت و کەسایەتییە کوردەکان بێنە لای یەکتری و یەکێتی لەنێوان خۆیان ئاوابکەن. لەساڵی 92 لەڕێی تاڵەبانییەوە بەبۆچوونەکانی ئاپۆی

برام زانی، ئەوکات پرسیارم لەمام جەلال کرد گوتمان:" بۆچوونێکی بەمجۆرەمان هەیە، ئایا PKK تەڤلی بڕیارەکەمان دەبێ؟ یان ڕەتی دەکاتەوە؟ " مام جەلال پێی گوتین:" لەسەداسەد تەڤلی دەبێت، ئەم بڕیارە بڕیاری خودی PKKشە، ئەگەر ئێمەش کارێکی بەمجۆرە نەکەین ئەوا PKK ئەنجامی دەدات. هەروەکو دەبینم PKK لەئێمە زیاتر لەپێناو ئەوەدا هەوڵ و خەبات دەکات. ئێستا لەقۆناخێکداین ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی نەبێت نابێت ".

س. نەتەوەیی: پێشتر باش نەبوو، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکانی جیهانیش لەبارە، وانییە مامۆستا ئیبراهیم.

م. ئیبراهیم ئەحمەد: بێگومان پێشتر هەلومەرجەکانی جیهان لەبار نەبوو، بەڵام ئێستا زۆر گونجاوە، ئەگەر ئەم هەنگاوە نەهاوێژین ئەوا بەرامبەر بەگەلی کورد تاوانبار دەبین.

س. نەتەوەیی: هەم هەلومەرجەکانی ناوخۆی کوردستان و هەم هەلومەرجەکانی جیهان ناچاری هەنگاوێکی بەمجۆرەمان دەکات. ئەگەر ئەم هەنگاوە نەهاوێژین دەبێتە کەموکورتییەکی مەزن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهەزاران ڕۆشنبیر و ئاکادیمی و وڵاتپارێزی کورد بەگشتی لەپێناو هەنگاوێکی بەمجۆرە کەوتوونەتە نێو هەوڵ و جموجۆڵەوە. ئێستا کاتی خۆیەتی و بۆچی دوای بخەین؟ بۆچوونەکانتان لەجێی خۆیدا دەبینین و ئێمەش هەمان بۆ چوونمان هەیە، مامۆستا دەڵێ:" لەچلەکان بەولاوە دەبوایە هەنگاوێکی بەمجۆرە بهاوێژرابوایە " ئەگەر جولانەوەی کوردی لە چلەکان بەولاوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابێ، هۆکارەکەی بۆ دەرنەکەوتنی ستراتیژییەك دەگەڕێتەوە. هەرکەس باسی تەکتیکی کرد و لەتەکتیکیشدا کەوتنە نێو لادان و لەڕێ دەکەوتن، بۆچی؟ چونکە تەکتیك بەگوێرەی ستراتیژییەت نەبوو. کاتێ ستراتیژی نەبوو ئیتر دوژمنایەتی و پارچەبوون بەهێز بوو، لەئاکامدا بەڕەوشی ئەمڕۆ گەیشتین.

جولانەوەی باشووری کوردستان دەخوازێ هەنگاو بهاوێژێ. لەباکووریش لەبیستەکان بەسەرهەڵدانی کۆچگری دەستیپێکرد و تاچلەکان خواستیان هەنگاو بهاوێژن، بەڵام ئەوانە هەنگاوی کلاسیکی بوون. هەروەکو چۆن تەواوی جولانەوە کلاسیکیەکان شکستیان هێنا، ئەوانیش شکستیان خوارد. دوای 75 لەڕۆژهەڵاتی کوردستان خواستیان هەنگاو بهاوێژن، سەری نەگرت. خەبات و تێکۆشان بەناوی PDK پەرەی پێدرا، مامۆستا یەکەمین سکرتێریان بوو، داخوازییەکەی پێکهاتەیەك بوو کە وڵاتپارێزی و دیموکراسی و تەنانەت مرۆڤایەتیش بەبنەما بگرێت. بەڵام لەئەنجامی ئەم بۆچوونە سەرەتایی و پاشکەوتووانەی لەکەسایەتی بارزانی بەرجەستە دەبوو، ئەم دەرفەتانە بەسەرکەوتن نەگەیشتن، لەگەڵ گەیشتن بەساڵی 1975 بەدواوە سەرەڕای ئەوەی بەسەدان هەزار پێشمەرگە و بەملیۆنان دۆلار و سەدان هەزار چەك هەبوو، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی داخوازی شای ئێران بوو، بارزانی بەدەستی خۆی، خۆی و جولانەوەی گەلی کوردی لەنێو برد.

دوایی YNK دامەزرا، ئەوکاتە پێکهاتەیەکی وڵاتپارێزی و دیموکراسی بوو، لەهەمانکاتدا بۆ سۆسیالیزمیش کراوە بوو. بەڵام هەلومەرجەکەی زۆر ناسك و سنووردار بوو. لەلایەك ڕژێمی ئێراق بەسەرۆکایەتی سەددام بەهێز دەبوو، لەلایەکی تریش ئێران دەرفەتی نەدا. خواستیان لەهەکارییەوە تێپەڕن و بچنە بادینان دەست بەتێکۆشان بکەن، بەڵام عەلی عەسکەری و هەڤاڵانی لەلایەن PDK وە شەهید دەکرێن. ئەوەی ئەم شەڕەی دواییشی هەڵگیرساند و بەڕێوەی دەبات دیسان سامی عەبدولڕەحمانە. ئەوەی لە 1978 سامی عەبدولڕحمان هێنایە سەر

شەهید عەلی عەسکەری و هەڤالانی دەخوازێ ئەمرۆش بیهێنتە سەری ئێمەش. دەخوازێ ئێمەش لەهەکاری بخنکێنێ. بەڵام تائێستا شەڕ بەردەوامە، شەڕێکی نێوان دوو پارت نییە، بەڵکو تەواو شەڕێکی کوردستانییە، ئێوە باش عەلی عەسکەری دەناسن، لەلایەك وڵاتپارێزەکان هەبوون، لەلاکەی تریش عەشیرەتی بارزانی و هەلیکۆپتەرەکانی ئەرتەشی تورکیا چوار دەوریان گرتن و پاکتاویان کردن.

ئەمرۆ لەدەرەوە و ناوخۆی کوردستانیش تواناکاری ئەوە زیاد بووە کە فیدراسیۆنێك لەکوردستان ئاوا بکرێت، زەمینە و هەلودەرفەتی لەبار رەخساوە بۆ ئەوەی لەتەواوی پارچەکانی کوردستان هەنگاوی مێژوویی بهاوێژێ، هیچ شتێك وەکو رابردوو نییە.

ئەم شۆڕشەی لەباکوور پەرەمان پێداوە هەلودەرفەتێکی مەزنە، بارزانی دەڵێ:" بافیدراسیۆنێکی دیموکراسی بەدی نەیەت، با هەرکەس لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانماندا بێت ". ئێستا دەوڵەتی تورکیاش ئەوە دەخوازێ، بۆیە دەڵێن:" با فیدراسیۆنێکی گەل لەباشووری پێك نەیەت و لەرێگای بەستنی رێککەوتن لەگەڵ PKK شۆڕش پێش نەخەن ". بارزانیش دەڵێ:" تەواو باشە ".

لەم دواییەدا هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە بارزانی 43 زرێپۆشی لەتورکیا وەرگرتووە، بەڵێ ئەمە شەڕێکی دژی کوردان نییە، بەڵکو شەڕێکە دژی فاشیزمەکانی تورکیا. لایەنێکی شەڕ فاشیزمی تورکیا و بارزانییە، لایەنەکەی تریش وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەرەکانن.

تەنیا بۆ وەستاندنی ئەم شەڕە نا، بەڵکو لەپێناو چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی گەلی کورد پێویستە هەنگاوێکی بەمجۆرە بهاوێژرێ، هەنگاوێکی بەمجۆرە هەنگاوێکی نەتەوەییە و لەسەرووی پارتەکانە، لەسەرووی ستراتیژی هەموو پارتەکانەوەیە. هەنگاوی کۆنگرەی نەتەوەیی بەواتای هەنگاوی ستراتیژی نەتەوەیی دێت. تارۆژگاری ئەمرۆمان گەلێك جار تاکە پارتێك بەتەنیا ماوەتەوە و زیانی بەرکەوتووە. ئەگەر بێتو جێگای خۆیان لەنێو یەکێتیەکدا نەگرن کۆتاییان پێدێت و لەنێو دەچن. ئەگەر بێتو بارزانیش جێگای خۆی لەنێو کۆنگرەی نەتەوەییدا نەگرێت، زیانێکی زۆری بەردەکەوێت. کات بۆ هەنگاوانێکی بەمجۆرە زۆر لەبار و گونجاوە. هەر لەئێستاوە سێ چوار دەوڵەت ئەمە پەسند دەکەن. نەتەوەی کورد بەپەلە پێویستی بەپێکهاتەیەکی بەمجۆرە هەیە. لەرێگای شۆڕشەوە گەلی کورد هەڵساوەتەوە سەرپێیان، بەملیۆنان رۆڵەی گەلی کورد ئامادەیە دەنگ بداتە پاڵ کۆنگرەی نەتەوەیی. هەربۆیە کەس ناتوانێ بڵێ هەلومەرج لەبار و گونجاو نییە و نابێ، ئەم لۆژیکە راست نییە کە دەڵێ:" شەر بوەستێنن، ئاشت بنەوە، دوایی کۆنگرە دابمەزرێنن ". هەرچەندە کێشە و کۆسپ و ناکۆکی هەبێت، هەمووی لەرێی کۆنگرەی نەتەوەییەوە چارەسەر دەکرێت. کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانەیە. منیش تەڤلی بانگەوازییەکەی مامۆستا دەبم. رەنجێکی زۆری لەپێناو کوردایەتی داوە. ئێستا هاتینە لای یەکتر، ئەم یەکێتییەمان هەنگاوێکی گرنگە بۆ گەلی کورد، لەوباوەڕەدام لەسەر ئەم بنەمایەش کۆنگرەی نەتەوەیی دەخولقێنین. لەئەنجامدا جێگای هەموومان کۆنگرەی نەتەوەییە.

زۆر بەهاتنی مامۆستا دڵخۆش بووین، مامۆستا وەك گەنجێکی 18 ساڵی وایە، ئەم دڵخۆشیە لەمامۆستا هاواریشدا دەبینم، ئەمەش گیانێکی نەتەوەییە، گیانێکی شۆڕشگێڕییە.

م. هاوار: سەرۆکی بەرێزم هەندێ کەس رەخنەی ئەوەتان لێدەکات کە پارتەکەتان خاوەن رێبازێکی مارکسییە، ئەم رەخنەیەش هەم لەلایەنی ئەم دەوڵەتانەوە دەکرێ کە بەرژەوەندیان لەناوچەکەدا هەیەو و هەم لەلایەنی هێزی تریشەوە، هەڵوێست و وەڵامتان بەرامبەر بەم رەخنانە چییە و چۆنە؟

س. نەتەوەیی: ئەو مارکسیەتەی لە PKK دا بەرجەستە بووە زانستە. لەسەر بنەمای پشتبەستن بەسۆسیالیزمی سۆڤیەت پێشنەکەوت. سۆسیالیزمی ئێمە سۆسیالیزمێکی زانستییە. ئێمە چی لەم سۆسیالیزمە تێدەگەین؟ لەرێگای ئەم سۆسیالیزمە چۆن بەشێوەیەکی زانستی کۆمەڵگا دەناسرێ؟ ئەمەمان بەگوێرەی رەوش و تایبەتمەندێتی کوردستان بەرجەستە و پەیرەو کرد. بەمجۆرە بەشێوەیەکی زانستی هەڵوەستەمان سەبارەت بە مێژوو و شۆڕشی کوردستان کرد و لەسەری راوەستاین. چەمکی سۆسیالیستمان هەرلەسەرەتاوە تاوەکو دوایی زانستییە. ئەگەر بۆچوونێکی زانستیمان نەبوایە، نەدەکرا و نەدەشیا مێژوو بناسین و کۆمەڵگا شیبکەینەوە و پێشکەوتنێك ئەنجامبدەین. سۆسیالیزمی زانستی رۆشنی کردینەوە، رێگای نیشانداین، پێی گوتین بەمجۆرە مێژووی خۆتان دەناسن و بەمجۆرە پێشدەکەون. هەندێ کەس سەبارەت بەئێمە دەڵێن: مارکسیست ـ لینینیست، تەنانەت دەڵێن: ستالینیستن، یان ماوین، یاخود دەڵێن: ئاپۆیستن، هەرچییەکی دەگوترێ با بگوترێ، لەرۆژگاری ئەمرۆماندا گرنگ ئەوەیە ئەگەر زانست نەبێ هیچ شتێك ناناسرێ. ئەمرۆ هەموو شتێك بەشێوەیەکی زانستی لەنێو کۆمەڵگا بەرێوە دەبەین و بەم شێوەیە پێشکەوتن بەدەستدێنین. ئەگەر بێت و سیاسەتێکی زانستیانە نەبێت ناشێ لەکوردستاندا پێشکەوتن بەدیبهێنرێ، بەتایبەتیش لەهەلومەرجی رۆژگاری ئەمرۆماندا بەهیچ شێوەیەك نابێ و ناشێ. ئەو تێکۆشانەی ئەمرۆ بەرێوەی دەبەین لەژێر رۆشنایی سۆسیالیزمی زانستی بەرێوە دەچێ. هەرلەم چوارچێوەیەشدا کەسایەتی و کۆمەڵگای کوردمان شیکردەوە و هەڵسەنگاند و بەشێوەیەکی زانستیانە تێروانینمان سەبارەت بەکورد و کوردستان گۆڕی.

لەئەنجامدا PKK پێکهات، راستییەك دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە بۆچوونی PKK تێروانینێکی راست و زانستییە. بۆچی راستە؟ چونکە زانستییە. چۆن دەتوانین نکوڵی لەزانست بکەین؟ ئەگەر نکوڵی لەزانست بکەین ئەوکاتە ناشێ بەسەرکەوتن بگەین. هەربۆیە ئەوەمان لاگرنگ نییە کە " ئەو دەوڵەتە وایگوتووە و، فلان دەوڵەت وا دەڵێ ". لەرابردوو پارتی کۆمۆنیستی تورکیا پێی دەگوتین:" نەتەوە پەرستی کوردن ". چەند دەوڵەتێکی ئەوروپاش دەیانگوت:" ئاپیینین "، هەرکەس و شتێکی دەگوت. ئەمرۆ بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا دەرکەوتووە کە هیچ گرنگییەکیان نەبووە. ئێمە هیچ کاتێك لەسەر بنەمای پشتبەستن بەم تێروانینانە و کەوتنە ژێرکاریگەریشیان چالاکی و خەباتمان بەرێوە نەبرد. ئەو شەڕ و خەباتە شۆڕشگێڕییەی هەر لەسەرەتاوە تارۆژگاری ئەمرۆ پەیرەومان کردوووە، خەباتێکی زانستییە هەم زانستین و هەم نەتەوەیین. هەلومەرج و رەوشی کوردستان پێویستی بەمە هەیە.

بەردەوام بەشێوەیەکی زانستی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان دەوەستین. لەهەلومەرجەکانی رۆژگاری ئەمرۆدا زانست لەجێگای خۆیەتی و ئەمەش مافێکی ئێمەیە. بێگومان ئەگەر زانست نەبێ ناشێ هیچ شتێك ئەنجام بدرێ، شۆڕشی کوردستان ئەنجام نادرێ. ئێمە بەوە دەڵێین: سۆسیالیزمی زانستی، هیچ چارەیەکی تریشمان نییە.

## کۆنگرەی نەتەوەیی

## لەپێناو گەیشتن بەستراتیژییەتی کوردان

م. هاوار: هەروەکو دەزانرێ پەرلەمان نوێنەرایەتی گەلێك دەکات، لەڕێگای دەنگدان لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن و لەڕێگای ئیرادەی گەل و بەشێوازێکی دیموکراسییانە دەبنە پەرلەمانتەر. ئێستا پەرلەمانی کوردستان لەهەندەرانە، لەئەنجامی هەندێ هۆکاری تایبەت ئەندامەکان لەژێر هەلومەرجێکی سەختدا هەڵبژێردران. ئایا ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەهەندەران بەتەواوەتی ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن؟ ئایا دەتوانن دەنگ و راستینەی کوردان بگەیەننە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتی؟ وەك دەزگایەکی هاوتەریبی ئەوە بیر لەوە دەکرێتەوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وەك پەرلەمانێکی نەتەوەیی دابمەزرێندرێ. هەربۆیە کەسایەتی هەرچوارپارچە جێگای خۆیان تێدا دەگرن. ئایا ئەم کۆنگرەیە جێگای پەرلەمانی دەرەوەی وڵات دەگرێتەوە؟ ئایا بۆچوونتان سەبارەت بەکۆنگرە چییە؟ تا چ رادەیەك پارتیتان پشتگیری لەکۆنگرەی نەتەوەیی دەکات؟

س. نەتەوەیی: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان بۆچی؟ هێشتا گەلی کورد نەبۆتە خاوەن بڕیار، گەلێك خاوەنی بڕیار نەبێ، گەلێکە لەهزر و مێشك بێ بەشە. ناشێ گەلێك بێ مێشك بێت، لەسەدەی بیستەمدا ئەو مێشکەی کە هەشبوو بڵاوەی پێکرا، کوردستان پارچەکراوە، لەبەر ئەوەی دوژمنان دەسەڵات و ئیرادەی خۆیان لەهەر پارچەیەکدا سەقامگیر کرد شتێك لەئارادا نەما کە ناوی مێشکی کوردان بێت. ئیتر مێشك تا دواڕادە بچووك کرایەوە و گەلی کورد بە بێ سەرۆك و بێ مێشك مایەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی پێکهاتەیەکی گرنگە سەبارەت بەگێڕانی رۆڵی مێشك. دەست و چاو و پێ و گوێی نەتەوەی کورد هەیە بەڵام مێشکی نییە. ناشی 30 ـ 40 ملیۆن کەس بە بێ مێشك بمێنێ. مێشك هزرکردنە، بڕیار و کۆنترۆڵە. مێشکێکی بەمجۆرەش بۆ گەلی کورد پێویستە. بیردەکاتەوە، بڕیار دەدات و بڕیارەکانیشی جێبەجێ دەکات. لەساڵی چلەکان، پەنجاکان تاڕۆژگاری ئەمرۆ ئەنجوومەنێك، مێشکێك بۆ نەتەوەی کورد ئاوا نەکرا. ناچاری و پێویستییەکە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێکنەهات. ئەگەر بهاتبوایە مێشکێکی بەمجۆرە ئاواکرابوایە، ئەمرۆ کوردستان لەنێو هەلومەرجێکی زۆر جیاوازدا دەژیا.

ئێستا کوردستان خاوەنی ستراتیژیەتێکی گشتی نییە. ستراتیژی چییە؟ هزر و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بەرفراوانە، بوونە بەخاوەنی بڕیار. ئێستا ئەمە لەئارادا نییە و هەرکەسەو لەشوێنی خۆی خاوەنی بڕیارێکە. ئەگەر هەرکەسەو دەنگێك دەربخات ئەوکاتە شۆڕش ناکرێت و ئەم گەلەش لەدەستی داگیرکەران رزگاری نابێت. هەنگاوی سەرەکی چییە؟ کێیە ئەوەی گوێڕایەڵی بڕیارەکان دەکات و کێیە گوێڕایەڵی و پەیڕەوی ناکات، با کۆنترۆڵی بکەن. ئیتر پێویستە هەرکەس حیساب و لێکدانەوەکانی بەباشی بکات. ئیتر کێ بەباشی گوێڕایەڵی بڕیارەکان بکات و کێ گوێڕایەڵی نەکات ئەو بەخۆی دەزانێ.

هەروەها هەلومەرجەکانی کوردستان و جیهان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەبار و گونجاوە، رەوش زۆر لەبارە. لەڕابردوو هەلومەرج تەنگ و سنووردار بوو و لەبار نەبوو، تواناکاری ئەوە نەبوو چەند مرۆڤ و کەسایەتییەکی کورد بێنێتە لای یەکتری. بەڵام ئیمڕۆ هەلومەرجی کوردستان و دەوڵەتانیش لەبار و گونجاوە. ئەمە داخوازی و مەیلی نەتەوەی کوردە.

سەردەم سەردەمی کۆنگرەی نەتەوەییە. درەنگ کەوتن راست و لەجێگای خۆیدا نییە. ئیتر تەواوی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر لەنێو پەیوەندیدان. شۆڕشی پارچەیەك کاریگەری بەسەر پارچەکانی ترەوە دەکات. پەیوەندییەکانی پارتییەك، پارچەکانی تری کوردستان و پارچەکانی تر پەیوەندیدار دەکات. یەکێتی کوردان گەورەترین دەرفەتە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن. ئەگەر یەکێتی نەبێ سەرکەوتنیش نابێ. لەبەر ئەم هۆکارانەش کۆنگرەی نەتەوەیی بەرلەهەموو شتێك پێویستە، خەباتێکە دەکەوێتە سەرووی کار و خەباتی هەر پارتێکەوە. ئەگەر بخوازین کێشەکانی نەتەوەی کورد چارەسەر بکەین. بخوازین ببین بەیەك و دەوڵەت دامەرزێنین و بەئازادی بگەین، ئەوا بەرلەهەموو شتێك یەکێتی نێو کوردان مەرجێکە و پێویستییەکە، ئەمەش لەرێگای کۆنگرەیەکی نەتەوەییەوە بەدیدێت. ئیتر پێویستە بگەینە ستراتیژیەتێکی کوردان. بۆ گەیشتن بەستراتیژیەتێکی کوردانیش کۆنگرەی نەتەوەیی ناچارییەکە.

ئەو پەرلەمانەی لەدەرەوەی وڵات ئاوا کراوە هەنگاوی یەکەمە. کۆنگرەی نەتەوەیی پەرلەمانی دەرەوەی وڵات تەواو دەکات. ئەگەر کۆنگرە پێك بێت، باوەڕ دەکەم ئەندامانی پەرلەمانی دەرەوەی وڵاتیش دەبنە ئەندامی کۆنگرە. پەرلەمانی دەرەوە زەمینەیەکی باشە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی.

### سەرەتا کێشەی نەتەوەیی کورد، دوایی زمان

م. هاوار: ساڵانێکە گەلی کورد لەژێر فشار و ئێش و ئازار و ئەشکەنجەکانی دەستی داگیرکەری تورك دەناڵێنێ، رەوشەکە تابڵێی خراپە. لەئەنجامی بێ دەنگی جیهانی دەرەوە بەرامبەر بەم کردەوانە و گرنگی دانیان بەپەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا، گەلی کورد لەزمانی دایك بێ بەش بووە، 75 ساڵە لەمافەکانی خۆی بێ بەش بووە، لەپێشخستنی زمان و کولتوور و راگەیاندن و بڵاوکردنەوە و تەواوی مافەکانی تریش بێ بەش بووە. بەگوێرەی بڕوای من بۆ پێشخستنی کولتووری گەلەکەمان، مرۆڤ دەتوانێ لەکوردەکانی دەرەوەی وڵات دەست بەخەباتێك بکات، چونکە ئەمەش راستییەکە کە ئەوانیش زۆری و زەحمەتی دەبینین لەقسەکردن بەزمانی دایك. بەگوێرەی ئێوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کار و خەباتانەی باسمان کرد، چۆن دەتوانین ئەم کۆسپ و ئاستەنگانەی هەن بەلاوە بنێین؟

س. نەتەوەیی: کێشەی زمان و کولتووری کوردی گرێدراوی کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردە. بە بێ ئەوەی کێشەی نەتەوەیی کورد بەچارەسەری بگات، ناشێ و ناکرێ بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی هەنگاو بهاوێژرێ. لەرێگای ئاکادیمیاکانەوە دەتوانرێ هەندێ هەنگاو لەپێناوی زمانی کوردی بهاویشترێ، بەڵام ئەمەش نابێتە ماڵ و موڵکی گەل. پێویستە شانبەشانی ئەمە شۆڕش و دەسکەوتی سیاسی لەئارادا بێ.

تائێستا زۆر هەڵوێستە سەبارەت زمانەوە کراوە، بەڵام کاریگەری زۆری نەبوو، چونکە کێشە سیاسیەکانی چارەسەر نەکراوە. کێشە سیاسیەکان چارەسەر نەکرێن منداڵانی کورد ناتوانن بچنە قوتابخانە و قوتابخانەکان ئاوا ناکرێن. ئەگەر کێشەی نەتەوەیی بەچارەسەری بگات، ئەوکاتە مامۆستا زۆر دەبن و کێشەی زمان چارەسەر دەبێت و بەمجۆرەش پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ.

ئەگەر کێشە سیاسیەکان چارەسەر نەکرێت، چۆن کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی زمان چارەسەر دەکرێت؟ قوتابخانەکان لەکوێ ئاوا بکرێ؟ دەرفەتی ئەوەی نییە قوتابخانە لەدەوڵەتە ئەوروپاییەکان دامەزرێنرێ؟ هەربۆیە گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەی زمان تەنیا لەدەرەوە راست و لەجێگای خۆیدا نییە. هەروەها لەرۆژگاری ئەمرۆماندا کولتووری کوردی پێشکەوتنێکی مەزن بەخۆیەوە دەبینێ، چونکە شۆڕش مەزن دەبێ و پێشدەکەوێ. لێرەدا ئەوەی پێویستە ئاگاداری بین ئەوەیە کە نابێ کێشەی زمان بخەینە پێش کێشەی نەتەوەیی، هەروەها ئەمە کێشەیەکی وانییە کە لەرۆژێکدا چارەسەر بێت، کێشەیەکە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ. هەروەها تەنیا کێشەی سیاسی لەپێش ئەم مەسەلەیە کۆسپ نین، بەڵکو کێشەی تایبەتیش هەن. لەوڕەوشەی لەئارادایە زمانی کوردی  بۆ چوار شێوە زاراوە پارچە کراوە، هەتا هەر زاراوەیەکیش لەنێو خۆیدا بەگوێرەی ناوچەکان جیاوازیان هەیە. هەروەها کاریگەری زمانی تورکی و عەرەب و فارسیش بەسەر زمانی کوردیەوە هەیە. لەلایەکی تریش نەتەوەی کورد پەیوەندی لەگەڵ یەك زمان پێشنەخستووە، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی پێشخستووە. بۆ نموونە کاریگەری ئەم رەوشەش زۆر بەسەر رۆشنبیرانەوە دیارە. ئەمەش زەحمەتییەکی زۆر بۆ پێکهاتنی زمانێکی نەتەوەیی دەردەخات. هەروەکو چۆن کلیلی هەموو شتێك شۆڕشە، کلیلی زمان و کولتووریش شۆڕشە. تەماشا بکەن هەرلەئێستاوە خەریکە هەلودەرفەت دەرەخسێ. تەلەفیزیۆن، رادیۆ و رۆژنامە هەنگاوی مەزنن بۆ پێشخستنی زمانی کوردی. گەلێك زاراوەی جیاجیا هەن، هەرچەندە گەل لەگەڵ شۆڕش ئاوێتە بێ و مرۆڤەکان یەکبگرن، ئەوا زاراوەکانیش لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرن و زمانێکی نەتەوەیی پێکدێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بەکات هەیە، بەڵام هەر لەئێستاوە پێویستە تەلەفیزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان بەشێوەیەکی گرنگ لەسەر مەسەلەی زمان بوەستن.

### دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن
### بانگەشەی گێل و نەفامەکانە

م. هاوار: دوژمنانی پارتەکەتان دوژمنی نەتەوەی کوردیشن. هەروەها ئەو بڕیارانەی پارتیتان پێیەوە گرێدراوە، گەلی کوردیش پێیەوە گرێدراوە. ئەم بڕیارانە هەمووی لەژێر سەرۆکایەتی ئێوەدا دەردەچێت. کاتێ ئەم بڕیارانە دەردەخەن لەگەڵ هەموو هەڤاڵانتدا دانانیشیت و گفتوگۆی لەسەر ناکەیت، دوژمنەکانتان ئەمە وەك خاڵێك بۆ خۆیان دەقۆزنەوە، ئەو پڕوپاگەندەیەی لەنێو گەلدا دەیکەن بەمجۆرەیە، دەڵێن: دیموکراسی لەنێو PKK دا نییە و دیکتاتۆریەت هەیە. بۆچوونتان سەبارەت بەم مەسەلەیە چییە؟

س. نەتەوەیی: شێوازی سەرۆکایەتی شێوازی چارەسەری دیموکراسییە. خەباتی سەرۆکایەتی خەبات و داخوازی گەلە، خەباتێکی مێشك و زمانی گەلە، ئەوانەی بانگەشەی بەمجۆرە دەکەن، گێلێکی مەزنن. تەنانەت من بەوانە دەڵێم:" گێلێکن کە گوێیان دوو بست سێ بست درێژە ". بەرلەوەی PKK لەدایك بێ کەس نەیدەگوت من " کوردم "، لەوە دەترسا وەك کوردێك بیربکاتەوە و بەکوردی گۆرانی بڵێ، هیچ کۆبوونەوەیەکیان لەم پێناوەدا ئەنجام نەدەدا. ئەمرۆ بەملیۆنان مرۆڤ لەگەڵ شۆڕش بەرێوە دەچێ. چ لەناوەوەی وڵات بێ یان لەدەرەوە، بەسەدان هەزار مرۆڤ لەسەر پێیانن. لەڕابردوو ژنانی کورد یەك هەنگاو لەماڵی خۆی دەرنەدەکەوت تەنانەت نەدەچووە ماڵی دراوسێکەشی، بەڵام ئەمرۆ گەریلایە و لەسەر لوتکەی چیاکانە. گوندی و لادێیە کوردەکان دەترسان و نەیاندەوێرا بەرامبەر بەشێخ و ئاغاکان دەمیان بکەنەوە. بەڵام ئەمرۆ هەرچەندە هێشتا شۆڕش سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام زمانی کراوەتەوە و هەست بەئازادبوون دەکات. لەڕابردوو کەس گوێی لەدەنگی کوردان رانەدەگرت، بەڵام ئێستا دان بە هەبوونی 30 ـ 40 ملیۆن کورد دادەنرێ. ئەمڕۆ تەنانەت خاوەن تەلەفیزیۆنیشە، لەڕابردوو نەك هەر تەنیا تەلەفیزیۆنی نەبوو، بەڵکو کەس نەیدەوێرا بەزمانی کوردی گۆرانی بڵێ. هەروەکو بیرێك بەدەرزی لێبدرێت تەواوی ئەم پێشکەوتنانەمان ئەنجامدا، ئیتر ئەمرۆ گەلی کورد جێگای خۆی لەنێو جیهاندا گرتووە. ئەگەر ئەوە دیموکراسی نەبێ، ئەی دیموکراسی چییە؟ دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن و شتی تری دەیلێن لەدرۆ و دژەپڕوپاگەندە بەملاوە شتێکی تر نییە. گەورەترین دیموکراسی ئەو تێکۆشانەیە کە ئەنجاممانداوە. ئەگەر نەتەوەیەکی بەمجۆرە هەڵسێنینەوە سەرپێیان و بەمجۆرە بیخولقێنین، ئەوە گەورەترین دیموکراسییەتە لەجیهان.

لەنێو پارتیدا لەسەرۆکایەتی بەولاوە کەس رۆڵی تەواوی خۆی ناگێڕێ و توانای خۆگوزارشتکردنیان نییە، بۆچی؟ چونکە نازانێ قسەبکات. دوژمن لەچاوی داوە و چاوەکانی کوێر کردووە، لەگوێی داوە گوێکانی کەڕکردووە. رۆژانە من هەزار چەقۆی لێدەدەم، دەخوازم چاوەکانیان، گوێکانیان بکەمەوە. تەنیا خەباتی دیموکراسی ناکەم بەڵکو لەهەمانکاتدا وەك شمشێرێکی دیموکراسیم. ئەگەر یەکێك بخوازێ لەم مەسەلەیە تێبگات و بکۆڵێتەوە و بخوازێ بزانێ سەرۆکایەتی ئاپۆ چییە، پێی دەڵێم:" سەرۆکایەتی ئاپۆ شمشێری دیموکراسییە ". هەروەکو چۆن مەسعود بارزانی پێی گوتم: تۆ وەك شمشێری دیموکلیتسی. هەربۆیە بادیموکلیتس بکەین بەدیموکراسی و بەشمشێری دیموکراسی بەسەریدا بچین. ئەمە خاڵێکی گرنگە. ئەگەر ئەمرۆ گەلی کورد کەوتبێتە قسەکردن و بووبێتە خاوەنی ئیرادە، ئەمە مەزنترین دیموکراسییەتە. ئەوانە گێلن، نازانن ببینن و بیربکەنەوە. ئەگەر هزر و بیرکردنەوە نەبێ، دیموکراسی دەبێت؟ ئەگەر سیاسەت نەبێ دیموکراسیش نابێت، سیاسەتی بەبێ دیموکراسیەتیش نابێ. گەلێك بەبێ سیاسەت دەهێڵدرێ، ئایا ئەوە دیموکراسییەتە؟ دیموکراسی ئیرادەی گەلە، ئیرادەی گەل هێزی سیاسییە. بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتیش بەدەستهێنانی سەرکەوتن پێویستە. تەواوی ئەمانە بەدیهات، ئایا دیموکراسی لەوە مەزنتر هەیە؟ ئەوەی ئەنجامدراوە دیموکراسییەتە، چونکە لەپێناو گەلە.

جگە لەئێمە پارتی و رێکخراوی تریش لەکوردستاندا هەن، رێزم بۆیان هەیە، بەڵام ئەوان نە دیموکراسی و نە ئەو کاروخەباتانەیان ئەنجام نەدا کە باسم کردن. دیموکراسی وەك دەرئەنجامی گەورەترین تێکۆشان و خەبات هاتە ئاراوە، بۆچی؟ ئەوانەی تاوەکو دوێنێ نەیاندەتوانی

دووقسە بکەن، ئەمرۆ کردمانن بەشۆڕشگێڕ، ئەمەش یەکێکە لەگەورەترین کار و خەباتەکانی شۆڕش. لەوشوێنەی کەس نەیدەوێرا بڵێ " کوردم " هەموویانمان کردن بەوڵاتپارێز، ئەمەش دیموکراسییەتێکی شکۆمەندە.

شتێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کەمن دەخوازم هەڤاڵانم جێگایەکی زیاتر و مەزنتر بگرن، بەڵام هەڤاڵانم دەڵێن:" ئێمە شایستەی نین " پێیان دەڵێم:" دەی هەڤاڵان مەزن بوون و تەمەنتان گەیشتە سی ـ چل ساڵی، ئیدی دەتوانن ببنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی " دەڵێن:" نەخێر ". هەرلەپێناو هەڤاڵان نزیکەی هەزار پەرتووکم نووسیوە، دەڵێم تاوەکو زمان و گوێ و چاوەکانیان بکرێتەوە. بێ زمانە و نازانێ قسە بکات، هەرلەبەر ئەوەشە هێندەی نەماوە بتەقم. هەرشتێکی لەدەستم بێ لەپێناو رۆشنکردنەوەی مرۆڤی کورد ئەنجامی دەدەم. تەنیا کوردان رۆشن ناکرێنەوە، بەڵکو تەواوی جیهان سەبارەت بەکێشەی کورد رۆشن دەکەینەوە، هەربۆیە ئەم تێکۆشانەی ئێمە تەنیا خەباتی سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو تێکۆشانی شمشێری دیموکراسییە. بەمجۆرە دەتوانین هەڵوێستە لەسەر کێشەی دیموکراسی کوردان بکەین.

دیموکراسی لەکوردستاندا چییە؟ دیموکراسی لەکوردستاندا زانستە. دەنگی دیموکراسیخوازەکانیش هێزە. دیموکراسیخوازە مەزنەکان شمشێرن. لەشۆڕشی فەرەنسەشدا بەمجۆرە بوو. لەئیسلامیەتدا بەم شێوەیە بوو. شمشێریش دیموکراسییەتە. لەکاتێکدا بەهەزاران کەس لەپێناو دیموکراسیدا لەنێو خەبات و تێکۆشانێکی مەزن دان، یەك ـ دوو کەسیش لەولاوە لەژێر ناوی دیموکراسییەت دیماگۆجیەت پێش دەخەن. هۆی باسکردنی ئەمانەش ئەوەیە کە بۆ کوردان زۆر گرنگە، پێویست دەکات بەشێوەیەکی زیاتر لەسەر دیموکراسییەت و دیماگۆجیەت بوەستین. پێویست دەکات ئەوانە لەیەکتری جیا بکرێنەوە کە بەڕاستی دیموکراسیخوازن و ئەوانەی دیماگۆجیەت دەکەن، دەبێ دەمامك لەسەر ئەوانە هەڵدرێتەوە کە پەیڕەوی لەدیموکراسییەت ناکەن و دیماگۆجیەت دەکەن. پێویستە بەشێوەیەکی راست و دروست لەم کێشەیە بگەین، من ئەوەندە بەپێویستی نابینم کە باس لەم مەسەلەیە بکەم، ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامانداون لەبەرچاوانن، شتێکی روون و ئاشکراشە کە ئەمە گەورەترین دیموکراسییەتە.